# هەرچیت بینی بیکڕە

کۆمەڵە چیرۆک

عەزیز نەسین

# هەرچیت بینی بیکڕە

کۆمەڵە چیرۆک

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

موسەدەد محەمەد ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەزیز نەسین
هەرچیت بینی بیکڕە - کۆمەڵە چیرۆک
وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: موسەدەد محەمەد ئەحمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٨٧
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٧٤ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

# ئاژانسی OX-13

سـاڵانێکی دوور و درێژ لە وڵاتـانـی باکـوری ڕۆهـەڵاتی دوور و ڕۆهـەڵاتـی ناوەڕاست وەک جـاسـووس کـاری دەکـرد، ڕێکخـەر و پلاندارێژی کـۆمـەڵێ کرداری تێکدەرانە بوو لە وڵاتانی ناوبراودا .

یەکێک بوو لە سیخوڕە هەرە گەورەکانی وڵاتی خۆی. کۆمەڵێ سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، هەر بۆیە ماف و شایستە بەخۆی بوو بچێتە نێو مێژووی جاسووسییەت هەرچەندە کە هێشتا لە ژیانیشدا مابوو.

لە تەمەندا گەورە بوو هەرچەندە ڕوخساری دەرەکیی وەک کەسێکی گەنج دەهاتە بەرچاو، زەلامێکی زۆر بە جەرگ و بە هیممەت بوو. وڵاتەکەی خۆی ڕەوانەی تورکیای کردبوو چونکە بێ شک بوو لەوەی کە دەکرێ لە بواری کاروباری جاسووسیەت سوود لە توانا و کارامەییی ئەو وەربگیرێت.

ئەم جاسووسە وەک بەکرێگیراو لە ئاژانسی سیخوڕیی OX-13 لەژێر ناوی نهێنی RICHARDWELLING لە تورکیا کاری دەکرد .

یەکێک لە عادەتەکانی (ڕیچارد وێڵینگ) فێربوونی زمانی ئەو وڵاتە بوو کە کاری تێدا دەکرد، هەر بۆیە پێش ئەوەی بگاتە تورکیا خۆی فێری زمانی تورکی کرد، بەتایبەتی چونکە توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو لە بواری زمان فێربووندا . بەم جۆرە دوای جێگیربوونی لە تورکیا بەچەند مانگێک زمانەکەی پێشوەچوونی بەخۆوە بینی.

ئاشکرایە باشترین ڕێگە بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی، زەماوەندکردنە لەگەڵ ئافرەتێکی ئەو وڵاتە، بۆیە (ڕیچارد وێڵینگ) تاکو لە کارە نهێنییەکەی سەرکەوێ و زمانە تورکییەکەی بەهێز بکات، دەبایە لەگەڵ کچێکی تورک

زەماوەند بکا. هەموو کارەکان بەباشی هاتە پێشەوە جگە لەوەی کە دایک و بابی کچە مەرجیان ئەوە بوو کە دەبێ ببێتە موسڵمان، بە غەیری ئەوەش ڕازی نابن کچەکەی خۆیانی لێ مارە بکەن.

سەبارەت بە (ڕیچارد وێڵینگ) چ موسڵمان بێ و چ مەسیحی بێ و چ یەهوودی بێ و چ بوودی بێ هەمووی بەلاوە یەک حیساب بوو، یاخۆ دەتوانین بڵێین ئەو لەم ڕوانگەیەوە دەیڕوانییە کۆی مەسەلەکان، لەبەرئەوەی هیچ زانیاریی لەبارەی جیاوازیی ئەم بابەتانەوە نەبوو. بەڵام لێرەدا جاسووسی بەناوبانگ، وەختێ بوو بە موسڵمان ئەم جیاوازییەی بە زەقی بۆ ئاشکرا بوو، بەتایبەتی سەبارەت بە پیاوان جیاوازە کاتێ دێنە سەر ئاینی ئیسلام، ئەوە بێگومان گەرەکە سونەت بکرێن، بەواتایەکی تر دەبێ پارچەیەک لە..... ببڕێت!!. ئەمەش بێگومان دەبێ بە کردارێکی نەشتەرکاری ئەنجام بدرێت تاکو ئەو پارچەیەی گوایە دەڵێن زیادە، بیبڕن. ئەم کارە سەبارەت بە ڕیچارد هەر وا سووک و سانا نەبوو، بەهۆی بەساڵاچوونی لە تەمەن، بەس پیاو دەبێ قسەیەکیش بۆ خوا بکات گەلێک جوامێر و بەجەرگ بوو، بەوەش نەوەستا هەستا ناوی خۆشی گۆڕی، بەم شێوەیە (ڕیچارد وێڵینگ) بوو بە (ڕەشاد وەلی). بەم کارەش هەموو هۆکارەکانی سەرکەوتنی هێنایە کایەوە، هەروەها بەئاسانی بارودۆخێکی لەباری خوڵقاند بۆ ڕاپەڕاندنی کارە پێ ڕاسپێدراوەکان.

هەندێک هەڵسوکەوت هەیە هەرچەند بچووکیش بێ بەڵام ئاسەوارەکەی بە بەرجەستەیی دەمێنێتەوە و مرۆڤ بەتەواوی دەگۆڕێت.

موسڵمان (بوونی ڕەشاد وەلی) و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکی و زەماوەندکردنی لەگەڵ کچێکی تورک، سەرجەم ئەمانە کاری تێ کرد، وای لێ کرد بەتەواوی تێڕوانینی بۆ ژیان بگۆڕێت، هەروەها دوای پێکەوەژیان و لە نزیکەوە هەڵسوکەوت کردن و چاکە و پیاوەتی ئەوانی بۆ دەرکەوت، ئەمانە گشتی بەسەر یەکەوە وای لە (ڕەشاد وەلی) جاسووسی بەناوبانگ کرد قێزی لە پیشەکەی خۆی بێتەوە. ئەم هۆکارانە وا کار دەکاتە سەر ئینسانی ساف و

دڵپـاک بە جـۆرێک کـە قـەت بەخـراپە دەرهەقی چاکـە نەداتەوە. بەڵام دڵنەرمبوونی جاسووسێک کە چل ساڵە وەک بەردی لێ هاتووە وا دەکا باوەڕ نەکەی بەڵام هەر ڕێسایەک ناوازەی هەیە، هەمان شتیش لەگەڵ (ڕەشاد وەلی) ڕووی دا.

ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆ بەرەو فەرمانگەی قەڵاچۆکردنی سیخوڕی کەوتە ڕێ، لەوێدا دوای ماوەیەک گەڕان و سووڕان لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئاخـۆ لایەنە پێوەندیدارەکان چەند سەرسام دەبن ئەگەر بێتو بیناسنەوە، وە بە کارە ڕاسپێرییەکەی بزانن، کەواتە دەستبەجێ دەستگیری دەکەن و وە بە دوور و درێژی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەن. (ڕەشاد وەلی)ی سیخوڕ حیسابی بۆ هەموو شت کردبوو. لە نهۆمی یەکەم لە یەکێک لە دەرگەکانی دا و چووە ژوورەوە لەوێ فەرمانبەرەکە لە پێداویستییەکەی پرسی، لەبەرئەوەی حەزی دەکرد ڕاستەوخۆ بچێتە ناو بابەتەکە، پێی گوت کە ئەو جاسووسە نەک هەر ئەوەش تەنانەت ناوی ئەو دەوڵەتەشی پێ گوت کە کاری بۆ دەکات.

دیاربوو ناوی دەوڵەتەکە بۆ فەرمانبەرەکە گرینگتر بوو وەک لە وشەی جاسووس بۆیە بایەخی بە وشەی جاسووس نەدا کاتێک کە پێی ڕاگەیاند، یاخـۆ پێ دەچوو هەر گـوێی لێ نەبووبێ بەهۆی ئەوەی کـە گـشت هەست و نەستی لەسەر ناوی دەوڵەتەکە چڕ کردبووەوە. کاتێ (رەشاد وەلی) تێبینی کرد کە کابرای فەرمانبەر نە هەڵچوو و نە شڵەژا، دووپاتی کردەوە کە ئەو جاسووسە و بۆ حیسابی فلانە دەوڵەت ox-13 کار دەکا. فەرمانبەرەکە هەستاوە سەرپێ و دەستی درێژ کرد تاکو دەستی بەکرێگیراوی دەزگای بەمەبەستی تۆقەکردن بگوشێ:

– زۆر خـۆشـحـاڵم بەناسـینتـان، فـەرمـوون تکاتان لێ دەکـەم تاوێک بحەسێنەوە (بەدەست ئیشارەتی بۆ شوێنەکە کرد).

بەڵێ بەڵێ، (ڕەشاد وەلی) بەهەڵەدا نەچووبوو، ئەم گەلە دڵی هێندە باشە بەئەندازەیەک بەگەرموگوڕی پێشوازی لە جاسووسیش دەکات و فەرموو

فەرمووی دانیشتنی لێ دەکات. پاش دانیشتن، فەرمانبەرەکە (کە پێ دەچوو لە پلە بەرزەکان بوو) سیگاری پێشکێش کرد.

رەشاد وەلی پێی گوت:

– من هەروەکو ناسراوم، بەکرێگیراوی (ئاژانسی ox-13)م ناوی ڕاستەقینەم (ڕیچارد وێلینگ)ە. فەرمانبەرەکەش بەهەمان شێوە خۆی پێ ناساندن و گوتی:

– کارێکتان لەلای ئێمەدا هەیە؟...

(رەشاد وەلی) واقی وڕما، ئەوێک کە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە فەرمانبەرەکە سەری بسوڕمێ بەتایبەتی کاتێ کە خۆی پێ ناساند، لە دڵی خۆیدا وتی لەوانەیە لە مەسەلەکە باش تێنەگەیشتبێ بۆیە دووبارە پێی گوتەوە:

– قوربان من جاسووسم.

فەرمانبەرەکە بەسەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە:

– نەبابە!!! شتێکی نایابە. پاش ماوەیەک لە بیرکردنەوە درێژەی پێ دا "کارێکتان هەیە لەلای ئێمە؟!..."

چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی (رەشاد وەلی)ی نەکرد، بەمیهرەبانییەوە دەستی خستە سەر شانی (رەشاد وەلی):

– دەبێ سەرکەوی بۆ نهۆمی دووەم، ژووری ژمارە ٣٣٨ وە لەوێ فەرمانبەری تایبەت بەو مەبەستە دەدۆزیتەوە. (رەشاد وەلی) بەرەو ژووری ناوبراوی فەرمانبەرە تایبەتەکە چوو وە لەوێ خۆی پێ ناساند، فەرمانبەرەکە بەجدییەتێکی بێ هاوتا وەڵامی دایەوە:

– جاسووسی چی؟!! مەبەستم لە چ بوارێک جاسووسی دەکەی؟.

ڕەشاد وەڵامی دایەوە:

– هەڵکوتانە سەر باڵەخانە، بەتایبەتی کاری تەقاندنەوە و هەڵتەکاندن.

– شوێنی شاغرمان نییە، یاخۆ بەواتایەکی تر خۆمان لەم بوارە کەسانی زیادمان هەیە، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم. ناتوانین لەلای خۆمان داتبمەزرێنین. فەرمانبەرەکە توانی جاسووسەکە ئیستیفزاز بکا، ئەمێک کە قەت ئیستیفزاز نابێ:

– قوربان پێت دەڵێم من جاسووسم!.

فەرمانبەرەکە بەدەمارخاوی و بەساردییەوە:

– بۆی هەیە، بەڵام ئێمە هەقمان لەوەدا چییە، یان لەوانەیە بتانەوێ بتپارێزین لەبەرئەوەی کە جاسووسی؟...

– پێتان دەڵێم من جاسووسم، کەسێک نییە لێرە بایەخ بەم جۆرە کارانە بدا، هەتا وەکو دەستنووس و دۆکۆمێنتی نهێنی ڕادەست بکەم؟...

– ئێ ئێ!!... ئەمەیان شتێکی ترە.. تکایە سەرکەوە بۆ نهۆمی سێیەم، ژووری ئەخیر بەدەستە ڕاست لە کۆتاییی مەمەڕەکە، لەوێ فەرمانبەری تایبەت بە کاروباری تەقاندنەوە دەدۆزیتەوە.

(رەشاد وەلی) یەکسەر چوو بۆ لای فەرمانبەری دەستنیشانکراو و پێی گوت:

– گەورەم من جاسووسم.

فەرمانبەرەکە بەکەمتەرخەمییەکەوە وەڵامی دایەوە، بەبێ ئەوەی سەری لەسەر کۆمەڵە کاغەزەکانی سەر مێزەکە بەرز کاتەوە:

– کێ ڕەوانەی کردووی؟..

– بۆ خۆم هاتووم.

لێرەدا فەرمانبەرەکە سەری بڵند کرد:

– مەبەستم ئەوەیە کێ پێشنیازی کرد کە سەردانی من بکەی؟..

– فەرمانبەرەکەی ژووری ٣٣٨، گوتی ئێوە پسپۆڕن لە بواری تەقاندنەوەدا.

– بەڵێ، بەڵام چ جۆرە تەقەمەنییەک؟

– ئەو تەقەمەنییانەی کە پرد و کۆپری هەڵدەتەکێنێ.

– گوتت چی؟؟ پرد!!

– بەڵێ پرد.

– بەهەڵە بۆ لای منیان هەناردووی، ڕاستە من پسپۆڕم لە کاری تەقاندنەوە و هەڵتەکاندن بەڵام نەک هێنی پرد و کۆپری.

– ئێ باشە... ئەدی بچم بۆ لای کێ؟

فەرمانبەرەکە کە قەڵەمەکی لە نێوان ددانەکانی دەهێنا و دەبرد و بەدەم کاوێژکردنەوە بیری دەکردەوە:

– پرد... پرد... پرد...

پاش چەند خولەکێک:

– پێویستە سەرکەوی بۆ نهۆمی چوارەمین، لەوێ دەتوانی پرسیاری پسپۆڕی تایبەتمەند لە بواری تەقاندنەوە بکەی.

– کەسێکە، دەناسرێتەوە؟.

– بەڵێ بەدڵنیاییەوە، لە هەرکێ بپرسی، ڕێنوێینیت دەکات.

سیخوڕی بەناوبانگ هەستا بەجێبەجێکردنی گشت ئەوانەی کە پێیان گوت وە مەسەلەکەی بۆ فەرمانبەری بەرپرسیار لە نوکەوە گێڕایەوە، کە گوایە ئەم جاسووسە و ناردراوە بە کاری تایبەتی و نهێنی و فەرمی بەمەبەستی تەقاندنەوەی پردەکان.

فەرمانبەرەکە بەبایەخەوە گوێی بۆ ڕاگرت و لێی پرسی:

– چ جۆرە پردێک؟

(ڕەشاد وەلی) خەریک بوو لە داخان شەق بەرێ:

– بەدڵنیاییەوە، ئەو پردانەی کە ناسراون.

فەرمانبەرەکە مەبەستەکەی خۆی ڕوون کردەوە:

– یەعنی مەبەستم پردی دار یان چیمەنتۆ یان بەردین یاخۆ کانزا... پردی هەڵواسراو یان پردی تایبەت بەپەڕینەوەی پیادە؟.. لێرانە پردمان زۆرن وە هەر جۆرە پردێک لەوانە نووسینگە و کەسانی پسپۆڕی تایبەت بەخۆیان هەیە.

(ڕەشاد وەلی) وەڵامی دایەوە:

– بەو خوایە بڵێم چی... بەزۆری پردی ئاسن و کانزان.

– ئێ... ئێستا تێگەیشتم.. بەهەڵە بۆ لای من ڕەوانە کراوی، دەبێ سەردانی ژووری ٦٠١ وە لەوێ سڵاوی من بە فەرمانبەرە تایبەتمەندەکە بگەیەنە، ئەو بەکەیفی تۆ هاریکاریت دەکات.

(رەشاد وەلی) واتە RICHARD WELLING بەسەرکەوت بۆ نهۆمی پێنجەمین، لە هەمان کاتیشدا هیوا و خۆزی ختوکەی دەدا.

خۆی کرد بەژووری پێشنیازکراو، لەوێ دیسان بەسەرهاتەکەی لە ئەلفەوە تا یا بۆ گێڕانەوە. فەرمانبەرە گەورەکەی ئەوێش ورتە لە دەمی نەهات، وا پێ دەچوو بیر لەوە دەکاتەوە کە چ پێوستە بکرێ، لە پڕ دەسکی تەلەفۆنەکەی بەرز کردەوە دەستی کرد بەئاخاوتن:

– بەگم یەکێ هاتووە، دەڵێ گوایە کە جاسووسە، ڕەوانە کراوە بەتایبەتی بۆ تەقاندنەوەی پردی میتاڵ، ئێمە چی بکەین باشە؟ ..چ فەرمایشت دەکەن.

لەو ئان و ساتەدا (رەشاد وەلی) زیرەی کردبوو چاوەڕوانی بلەرزە بوو لەژێر پێی، پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە ڕەنگە هەر ئێستا دەستبەجێ بۆ لێکۆڵینەوە ڕاپێچی بکەن. هەرچی فەرمانبەرە گەورەکە بوو کۆتاییی بەتەلەفۆنەکەی هێنا "بەگم ئێوە ئەمر دەکەن". دواجار ئاوڕی لە (رەشاد وەلی) دایەوە، پێی وت:

– باشترین شت هەروەک جەنابی بەڕێوەبەر گوتی کە ڕاستیش دەکا، دەبێ سەرکەوی بۆ نهۆمی ئەخیر لەوێ (هاشم بەگ) ببینە.

(ڕەشاد وەلی) ڕێنوێنییەکەی جێبەجێ کرد سەرلەنوێ چیرۆکەکەی بۆ (هاشم بەگ) گێڕایەوە.

ئەوجا (هاشم بەگ) پێی گوت:

- پردە میتاڵەکان بەچی دەتەقێننەوە؟.

روخساری جاسووسەکە لە ڕقاندا سوور هەڵگەڕا، بەتووڕەیییەوە نەڕاندی بەسەریدا:

- بەهەر چییەک بێ، ئاخر پێم ناڵێی بەتۆ چی!!..

فەرمانبەرەکە ویستی کەمێک بارودۆخەکە هێور بکاتەوە:

- تکات لێ دەکەم هێمن بەوە، تۆ دەڵێی گوایە من جاسووسم کەچی تووڕەش دەبی. لە پیشەی ئێمەدا کەسانی تووڕە و هەڵچوو شوێنیان نابێتەوە، من بۆیە پرسیارت لێ دەکەم تاکو کارئاسانیت بۆ بکەم قوربان، چونکە ئێمە لێرە بەشی گڕ تێبەردانمان هەیە، بەس دوو ڕێگە هەیە یەکەمیان بەهۆی (فتیل) و ڕێگەی دووەم گڕ تێبەردانە بەهۆی (جیهازی بێتەل) وە هەریەکیان پسپۆڕی خۆی هەیە.

هەروەک دەڵێن ڕوحی (ڕەشاد وەلی) گەیشتبووە کونی لووتی.

- هەردوو ڕێگە بەکار دەهێنم، من جاسووسم برام... ئیتر جاسووس یەعنی جاسووس!!!...

- ئەی باشە بۆچی لە سەرەتاوە قسە ناکەی؟... جەنابتان بەغەڵەت لەم شوێنەن، تکاتان لێ دەکەم دابەزن بۆ نهۆمی یەکەم ژووری ژمارە سێ بەدەستە ڕاست، لەوێ چیرۆکەکەت باس بکە.

هەمدیسان (ڕەشاد وەلی) دابەزی بۆ نهۆمی یەکەم ژووری ژمارە سێ بەدەستە ڕاست، وەک دوا هیوا سەرلەنوێ بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە.

فەرمانبەرە چەهرە گرژ و مۆنەکە بەدەم پاڵتۆ لەبەرکردن سەیرێکی سەعاتەکەی کرد:

– باشە... بەڵام بۆچی تا ئەم دەقەیە دواکەوتیت؟. ئەی تا ئێستا جەنابت لە کوێ بووی.

تازە ئیمڕۆ دەوامی دائیرە تەواو، سەبارەت بەوەی کە باستان لێوە کرد زۆر گرینگە، بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن، پێوستی بەکاتی زیاتر هەیە.

ڕەشاد ئاغا ڕوونی کردەوە کە هۆی دواکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژەکەی هەموو بە هاتوچۆ لە نێوان نهۆم و ژوورەکانی دائیرە بردووەتە سەر.

فەرمانبەرەکە کەوتە دەنگ هەڵبڕین:

– تێگەیشتم.. تێگەیشتم.. عەلا کوللی حال، ناتوانی سبەینێ سەرلەبەیانی سەرمان لێ بدەی؟...

– بەڵام ئاخر....

فەرمانبەرەکە بەپشتەدەست سووکە پاڵێکی پێوە نا:

– تکات لێ دەکەم سبەینێ سەرلەبەیانی زوو وەرە...

بەکرێگیراوی (ئاژانسی ox-13) ڕیچارد وێڵینگ کە ناوە خۆماڵییەکەی (ڕەشاد وەلی) سیخوڕی بەناو و دەنگ لە شەقامەکان وێڵ دەخولیایەوە، بەستەزمانە لە پاشاندا بەنادڵی ناچار کارە پێ ڕاسپێردراوەکەی ئەنجام دا.

# بەهۆی پێنج قروش

تۆ بڵێی ڕاست بێ "ڕۆحی بەگ" لەبەر پێنج قروش کابرای جابی وردوخاش کرد، گۆشتی ونجڕونجڕ کرد. هەموو خەڵک ئەو ڕۆژە لە ئەنجامی ئەو کارە لۆمەیان دەکرد و دەیانگوت:

چۆن بڕوا دەکرێ لە پێناو یەک تاکە لیرە خوێن بڕژێت؟ وای لەو گورگە!! تەنانەت هەندێ کەس تفیان لە وێنەکەی کرد کاتێ لە ڕۆژنامەکان هاتە بڵاوکردنەوە و دەیانگوت:

باشە ئەگەر بمردایە؟!!

لە ڕاستیدا کەس ڕاستیی بەسەرهاتەکان نازانێ. ئاخۆ کابرای جابی تاوانبار بوو یان نا؟

خۆ ناشکرێ هۆی ئەو تاوانە یەک لیرە بێ. بێ شک لیرەکە هۆی دەرەکیی ئەم تاوانە بوو. بەڵام ئەگەر بێتو تیشک بخەینە سەر جەرەیانی مەسەلەکان کە بەسەر "ڕۆحی بەگ"دا گوزەری کرد ئەوسا هۆکارەکە سەرەکییەکەی ئەم تاوانەمان بۆ دەردەکەوێ.

ئەو ڕۆژە ڕۆحی بەگ مووچەی مانگانەی وەرگرتبوو، ڕۆژی شەموو بوو، ئەوەی لە بەردەستیدا بوو بەشی دانەوەی نیوەی قەرزەکانی نەدەکرد. هەر بۆیە زۆر لە خۆی بێزار بوو. کاتێ خۆی کرد بە مەتبەخەکەیماڵیان بینی یەک لە چاوە گازەکانی تەباخەکە داگیرساوە وە ئەوی تریان خامۆشە. ژنەکەی هەستا دەنکە شقارتەیەکی داگیرساند تاکو چاوەکەی تری تەباخەکە داگیرسێنێ، لەگەڵ داگیرساندنی دەنکە شقارتەکە وە پێش ئەوەی چاوە تەباخەکە داگیرسێنێ، ڕۆحی بەگ لە داخاندا بە ڕووی ژنەکەیدا تەقییەوە:

چەند ژنێکی دەستبڵاویت، هەر بەهۆی تۆ کارەکان ڕاستەڕێ نارۆن. ئەم هەموو دەنکە شقارتانە دادەگیرسێنی هەروەک ملیاردێرەکان ئاسا کە چۆن تەنیا بۆ خۆشی و ڕابواردن فیشەک بەخۆڕایی دەدەن بە هەوا . ئەمە کەی کاری ڕەوایە کە تۆ دەنکە شقارتە دادەگیرسێنی، لە کاتێکدا دەبینی وا ئەم چاوە گازە داگیرساوە، ئەی بۆ بە پارچە کاغەزێک لەم چاوە داگیرساوە چاوەکەی تر داناگیرسێنیت!

دوای ئەوەی توورە بوو، نەڕاندی بەڕادەیەک دەمارەکانی تەواو گرژ بوون، خۆی کرد بە ژوورەکەدا و بینی کچەکەی خەریکە پەڕێک لە دەفتەرەکەی دەدڕێنێ.

بۆچی پەڕە لە دەفتەرەکەت دەدڕێنی؟

دڵۆپە مەرەکەبێکی کەوتە سەر.

کەمتەرخەمینە، دەستبڵاوینە مردم بەدەستانەوە.

ئەنجا کەوتە سەروگوێلاکی بە لێدان.

هەر شێت بوو کاتێ کوڕەکەی بینی وا خەریکی پساندنی پەتی کارتۆنە بەستراوەکەیە کە لەلای بەقاڵەکە هێنابووی.

ئێوە بەهای هیچ شتێک نازانن. دەی هەرچی دەکەوێتە ژێردەستتان بەفیڕۆی بدەن تاکو بزانین بەرەنجام کاممان بەکێ دەگات.

مرۆڤی ئاقڵ و ژیر ئەو پەتانە لێ دەکاتەوە و لوولی دەدا پاشان وەلای دەنێ. چونکە ئەگەر پێویستت بوو تۆ بەغاردان دەچی بۆ لای بەقاڵ تاکو بەپارە هەمان شت جارێکی تر بکڕیت. ئێوە ئاوا بێ ئەقڵانە ڕەفتار دەکەن، لە بەرانبەر ئەمە مووچەش بەرگە ناگرێ. بە تووڕەیی و هەڵچوونەوە لە ماڵ دەرچوو بێ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخوات.

چاوی بەیەکێ لە برادەرەکانی کەوت، دیاربوو ئەویش نانی نەخواردبوو، بەجووتە خۆیان کرد بەیەکێ لە چێشتخانەکان، لەوێدا بەبڕی شازدە لیرە

نانیـان خـوارد، هەردووکیـان دەسـتیـان بۆ دزدانی پارەیان درێژ کـرد. ڕۆحی بەگ پێی گوت:

بەخوا نابێ

ناوەڵا عاجز دەبم

نەء، نەء، نابێ، ناهێڵم بیدەی. ئۆهۆ کوڕە، بابە لە چل سـاڵ جـارێکە دەڵێم نابێ.

بەهەرحاڵ کار وا بڕۆیشـتایە دەگەیشتە دڵئێشان. ڕۆحی بەگ (زتار) سوور بوو لەبەرئەوەی ئەو داوای خـواردنی کـردبوو بۆیە دەبێ هـەر خـۆی حیسـابەکـە بدات، دوو کـاغـەزی دە لیـرەییی خـسـتـە ناودەسـتـی "گـارسـۆن"ـەکـە ئەویش کاغەزێکی دوو لیرە و نیـوی و سەدوپەنجـا قـروشـی خوردەی لـەسـەر قـاپێک بۆ گەڕاندەوە.

ئەر بهـاتـایە پارە خـوردەکـەی وەک " بەخـشـیش" بۆ کـابرای گـارسـۆن لێ گەڕابا کـەم دەهاتە بەرچاو، یاخۆ ئەگەر دوو لیرە و نیوەکەشی بەجێ هێشـتبا ئەوا زۆر دەهـاتـە بەرچاو، بۆیە دوو پارچـە بیسـت و پێنج قـروشـەکـەی لەسـەر قـاپەکە هەڵگرت و باقییـەکـەی بۆ گارسۆن بەجێـهێڵا، کە ئەمیش بە دەوری خۆی سوپاسی کرد و ئەوانیش بەجووتە لە جێشتخانە دەرچوون.

ڕۆحی بەگ زۆر سەغڵەت بوو، هەر بۆیە لەگەڵ خۆیدا دەیگوت و دەیگوتەوە:

کـوڕە هـەی کـەرە، ئاخـر بۆ.. بۆچی لـە مـاڵەکـەی خـۆت نـانت نەخـوارد ئێ باشـە کە نانیشت نەخـوارد خۆ کەعەکێکت لێرانە بخواردایە برسییەکەت بۆ قـەپات دەکرد، کـە ئەمـەشت نەکرد دیاربـوو کـابرا حـەزی دەکرد دەعوەتت بکا نەتـهـێـشت حـیـسـابەکـە بدات.. کـوڕەی هـەی "ڕۆحی"ـە کـەر تۆ قـەد نـابی بەبنیادەم.

کـاتێ کە برادەرەکەی جیـا بووەوە زۆر نـاڕەحـەت بوو، دوای چەند خولەکێک چاوی بەهاوڕێیەکی تر کەوت:

ئەوە بۆ کوێ ئاوا ڕۆحی بەگ؟

وەڵا هەر لە خۆمەوە بۆ هەر کوێیەک بێ.

بابڕۆین بۆ چایخانە سەروپیاڵە چا هەڵقوڕێنین

ئەی بۆ نا؟ دەبا بڕۆین

سواری تاکسی بوون:

ئادەی کوڕم لێ خوڕە بۆ چایخانە.

ئۆتۆمۆبێلەکە لە بەردەم یەکێ لە چایخانەکان ڕاوەستا. دابەزین. لە یەک کاتدا دەستیان کرد بە گیرفانیاندا، هەریەک دەیویست ئەو حەقی تاکسییەکە بدات:

ئۆهۆ... بەو خوایە نابێ.. نابێ

چۆن دەبێ، لێ گەڕێ خۆم دەیدەم.

بەو خوایە عاجز دەبم.

بەو خوایە ئەگەر بیدەی شەرەفم نییە لەمەودوا قسەت لەگەڵ بکەم.

پێداگرتنی ڕۆحی بەگ زیاتر بوو بۆیە ئەو کرێ تاکسییەکەی دا، لە شۆفێرەکەی پرسی:

چەندە کرێیەکەت؟

شۆفێر وەڵامی دایەوە:

چەند دەدەی بەزیاد بێ.

باشە چەندی بداتێ؟.. باشتر وایە وا لە شۆفێرەکە بکات خۆی هەقی خۆی دیاری بکا، بۆیە کاغەزێکی پەنجا لیرەییی بۆ درێژ کرد، شۆفێرەکە حەڤدە لیرە و نیوی بۆ گەڕاندەوە. ڕۆحی بەگیش پێنج لیرەی بۆ کرد بە بەخشیش.

خۆیان کرد بە چایخانەکە، داوای سەماوەرێک چایان کرد، لەو ئان و

ساتەدا کەوتە قسەکردن لەگەڵ خۆی.

کوڕە ڕۆحی.. هەی کەرە.. تۆ قەت نابی بەپیاو ئێستا تۆ لەم چایخانەدا چی دەکەی؟... بۆ لە ماڵەکەی خۆت ناگیرسێیتەوە، باشە هەر هاتی بۆ چایخانە ئەی بۆ نەتهێشت ئەو کرێ تاکسییەکە بدا. وەک کرێ تاکسییەکەت دا بۆ قازوخی زیاتر بخۆی؟.. ئەو گەوادە سی و حەوت لیرە و نیوی لێ سەندی و داری تێ بڕی.. ئێ کەرە کە قازوخەکەی تێ بڕی ئەی بۆچی پێنج لیرە دەکەیتە بەخشیش؟....

زۆر دڵگران بوو بەڕادەیەک تامی چایەکەی لە دەمدا بوو بەتامی ژەهر.

ئێوارەش کاتێ هەستان دەستی بۆ جزدانی خۆی درێژ کرد

با لەسەر من بێ؟

ئۆهۆ.. تۆ لێ گەڕێ..

توخوا ئەگەر واز نەهێنیت...

گەر دینی خۆت خۆش دەوێ واز بێنە

چی.. چۆن واز بێنم.

لێم گەڕێ ببم بە عەبد و مەعبودی تۆ، بەس وازی لێ بێنە.

لەبەرئەوەی ڕۆحی بەگ تا دەهات پێی دادەگرت بۆیە پارەدانەکە کەوتە ئەستۆی ئەو

چەندە حیساب کوڕی خۆم؟

حەوت لیرە و نیو.

دە لیرەیەکی داییێ..

باقییەکەش بۆ خۆت بێ.

کاتێ هاتنە دەرەوە ئەم بیرانە لە ناخی ڕۆحی بەگ تەراتێنی دەکرد:

"کوڕە هەی ڕۆحی"یە کەر، هەی حەیوان، کەس هەیە حەوت لیرە و نیو بدات بە چای؟.. بۆچی ئەم دەردە لە ماڵەکەی خۆت قوزەڵقورت ناکەی ها؟

مادام هەر خواردتەوە بۆ نەتهێشت ئەو حیسابەکە بدا... کوڕە کە تۆ حیسابەکەت هەر دا ئەی بۆچی باقییەکەت وەرنەگرتەوە.. ها.؟ کوڕە ڕۆحییە کەر پیاو بۆی هەیە سەگ بە سەگایەتیی خۆی ببێتە بنیادەم بەڵام تۆ نابیت.

تاکسییەکیان بەکرێ گرت. هەمدیسان لەسەر پارەدان کەوتنە مشتومڕ، دووبارە ڕۆحی بەگ تێیدا سەرکەوت و پارەی تاکسییەکەی دا، پاشان لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: هەی (ڕۆحی)یە کەر.

بەم شێوەیە لە هاوڕێکەی جیا بووەوەوە، لە ناخیدا ناڕەحەت بوو. لە کاتێکدا بەرەو (گەڵەتە سەرای) دەڕۆیشت چاوی بەیەکێ لە برادەرەکانی کەوت، برادەر نەبوو، ناسینێکی سەرپێیی.. خۆ هەتا ناویشی لە بیر نەمابوو.. هەر ئاوا چەند جارێک یەکتریان بینیبوو.

ئۆهۆ مەرحەبا...

ئەوە بۆ کوێ ئاوا؟

هەروا بێهودە..

فەرموو لە یەکێ لە مەیخانەکان سەروبیرەی دەبڵ نۆش بکەین.

بەدووقۆڵی خۆیان کرد بە مەیخانەی (چیچەکچی) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی مەیخانەکانی تر، سەرودوو پەرداخ بیرەیان هەڵدا. ئینجا چوار، شەش پەرداخ.

ئادەی ڕۆڵە با ڤۆدگاش بێتە پاڵ بیرە.. زەڵاتەی مۆخیشمان بۆ ئامادە بکە و چەند شتێکی گەرم، ئەی (قریدس)تان هەیە، بەیارمەتیی خۆت چەند مەزەیەکی تریشمان بۆ بێنە.

حیساب دەکاتە شەست لیرە.

توخوا ئەگەر واز نەهێنی... من دەیدەم.

بەو خوایە نابێ

ڕۆحی گیان ئەمە کەی وا دەبێ.. من بانگی تۆم کرد.

هەیهو لە چل ساڵان جارێکە.

دووبارە ڕۆحی بەگ حیسابەکەی واسڵ کرد، دەستی بۆ گارسۆن درێژ کرد. کاغەزێکی سەدی و دوو کاغەزی پەنجاییی داپێی.

باقییەکەشی هەڵگرە بۆ خۆت.

کات نزیکەی نیوەشەو بوو، هاتنە دەرەوە، لە ناخی ڕۆحی بەگ شتێک دەیزریکاند "هەی کەرە.. هەی کەر، کوڕە تۆ.. بۆ نابی بەپیاو..؟

ئێ باشە بۆچی لە ماڵەکەی خۆت ملت ناشکێنی، قوزەڵقورت بخۆی.. مادام کەرییەتییەکەت هەر کرد بۆ مەجالی کابرات نەدا حیسابەکە بدا؟.. کوڕە هەی گوێدرێژ.. سەرباری ئەمەش ئەو هەموو بەخشیشە دەدەیتە گارسۆن!

بەم شێوەیە، بەهەموو ئەو بارە دەروونییە دژوارە ناکۆکییەکەی کە لە ناخیدا دەهات و دەچوو، هاوڕێکەی جودا بووەوە، سواری (ترامـوای) بوو بەرەو ماڵەوە لە (تەپەباشی). لە ڕێگە هەڵچوونەکانی ناخی لە ڕستەیەک گوزارشتی دەکرد ئەویش "کوڕە هەی (ڕۆحی)یە کەر، هەی کەرە (ڕۆحی) بەهیچ شێوەیەک بۆی لە بیر نەدەکرا تا ئەوەی سواری (ترامـوای)یەکە کەوت. چەند خۆڕاگر و توندوتۆڵ بێت بەدرێژایی ژیانیی قەت تاڵیی کارەساتەکەی لە یاد ناکات.

پلیت.. پلیتێکم بدێ.

(ڕۆحی بەگ) یەک لیرە کانزایی دا بەپلیتفرۆشەکە، یاخۆ لەوانەیە پارچە کانزایەکەی بیست و پێنج قروشی دابووبێ، چونکە لەبارێکی دەروونیی زۆر خراپدا بوو.

لە کاتی نزیک کەوتنەوە لە شوێنی دابەزین لە پلیتفرۆشەکە نزیک کەوتەوە:

بزانم باقیت بۆ نەگەڕاندمەوە.

باقیی چی؟ پارەی چی؟

هەیهوو.. ئەدی دوو لیرە و نیوم پێ نەدای؟

هەی.. نەخێر یەک تاکە لیرەت پێ داوم!

سەیرە کوڕە.. کەست لە من زیاتر نەدۆزیوەتەوە تاکو قازۆخی تێ بڕی ها...

تکاتان لێ دەکەم گەورەم دوو لیرە و نیوتان نەداوە بە من.

چاو چاو تۆ سەیری ئەمە ناکەی.

گەورەم بەو خوایە...

کابرای پلیتفرۆش لەوەندە زیاتر قسەی بۆ نەکرا، کاتێ "ڕۆحی بەگ" بەخشپە دەستی بۆ گیرفانی خۆی درێژ کرد کوڵەچەقۆیەکی دەرهێنا، هەروەک بڵێی نیازی وایە پێنووس تیژ بکا، بەڕادەیەک تەنانەت ئامادەبوونیش دەرکیان بەوە نەکرد کە دەیەوێ چی بکات.

کاتێ خێرا نووکی کوڵەچەقۆکەی لە ڕانی پلیتفرۆشەکە چەقاند.

ئا ئەمە بوو پاڵەوانییەتەکەی (ڕۆحی بەگ) کە ڕۆژنامەکان قسەیان لەسەر کردبوو، وێنەکەشی لای سەروو لاپەڕەکانی داگیر کردبوو، تێیدا هاتبوو بەهۆی لیرە و نیوێک تاوانی ئەنجام دا.

# پیاوە پیرۆزەکە

بەو خوایە "حوسێن ئاغا" ئەم شتانە هیچی گەرەنتی نییە، تێم هەڵدا نەهاتە سەر ڕێگەی ڕاست بەجنێودان سوودی نەبوو. گوتمان بۆی هەیە ئەو "تەرەسە" لە خزمەتی سەربازی تۆزێک پیاو بێ، ڕۆیشت خزمەتی کرد بەڵام کاروباری گۆڕانکاریی بەسەردا نەهات. دەباشە با ژن بۆ ئەو تووتکەسەگە بهێنین، ژنمان بۆ هێنا کەچی حاڵەتی وەک خۆی مایەوە.

لە پاشاندا هیچمان لە بەردەممدا نەما تەنیا هەر ئەوەندە نەبێ کە گوندبەدەری بکەین، لەوانەیە باوەڕ نەکەیت کاتێ کە لادێکەمانی جێ هێشت چوو بۆ ئەو لادێی تر، چۆن گەڕایەوە سەر ڕێگەی ڕاست و پیاوێکی لێ دەرچوو بەمەعنای کەلیمە. کەس لە شوێنی خۆی مەزن نابێ پێشینان دەڵێن "کەس شمشاڵژەنی گەڕەکی خۆی پەسند ناکات".

تەنانەت پێغەمبەرەکانیشمان سەرەتا لەناو هۆز و قەبیلەکانی خۆیان ڕووبەڕووی بەرهەڵستکاری بوونەتەوە، بەڵێ ئەمە ڕاستە، قەت بیستووتە کەسێک لەناو کەسوکاری خۆی ببێ بەپێغەمبەر؟ تەنانەت "نوح" پێغەمبەر "سەلامی خوای لێ بێ" دووچاری ئەمە بوو کاتێک پێیان وت باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیی تۆ ناکەین، هەر بەم جۆرە لەگەڵ پێغەمبەری مەزنیش ڕەفتاریان کرد.

نەخێر "حوسێن ئاغا" لێرە وشە لە سەرەتا بێ سوودە، دەبێ دارمەترەق بەکار بهێنی کاتێ لەوە زیاتر داد نادا، وتم ئەو مەلعونە ڕەوانەی عەسکەری دەکەم چونکە شەپازللەی "نائیب عەریف" گورگ دەکاتە سەگی دەستەمۆ! کاتێ سەیرم کرد ئەو شەقازلانەش داد نادا، کەواتە با ژنی بۆ بێنم چونکە ژن

توانای هەیە کە خوێڕی بکا بەپیاو. کەچی دیقەتم دا ژنهێنانیش سوودی نەبوو ئەوجا بکێشە بەپشتی مل و لە ماڵ دەرم کرد.

لە گوندەکەمان بەرازێک هەبوو بەناوی "موراد" لاسی کەمان قەت خوێڕی و چرووکی ئاوای بەخۆوە نەبینیبوو، کوڕەکەی جەنابتان کاکی خۆم بە بەراورد لەگەڵ ئەو وەک بڵێی بەئاوی گەڵ شێلدراوە، کاتێ هێشتا دە ساڵان بوو لە دایک و خوشکی خۆی دەدا. ژیانی لێ تاڵ کردبووین بەڕادەیەک وای لێ کردبووین کە هەست بکەین ئەم گوندە گەورەی خۆمان بچووک بێتە بەرچاو. چەند پێمان دەگوت موراد کوڕم ئەم کارە بزێوانە مەکە بەلام بێهوودە بوو، هەڵدەستا ناڵچەی کانزای لەژێر لاقی سەگ چەسپ دەکرد، تەنەکەی لە کلکی پشیلە دەبەستا، ئاوی دەکردە لوولەی دوکەڵی سەربانی ماڵان، کاری وای دەکرد شەیتان ڕێی پێ نەدەبرد!

ڕۆژێکیان چووین بۆ نوێژی جومعە، خەڵکی هەموو لەوێ بوو، مامۆستا کەمێک دواکەوت، کاتێ مامۆستا گەیشتە جێ ئەوەی دەموچاوی بینیایە ئەوە لە پێکەنینا دەکەوتە سەر گازی پشت، ڕوخساری بووبوو بە تابلۆیەکی هونەری، ئەو بەرازە بە سەوز و سوور و زەرد و شین بۆیاخی کردبوو، واتە بەهەموو ڕەنگەکان. کاتێ ئیمام خۆی کرد بە ژووردا و گوتی:

سەلام و عەلێکوم

ئیدی کەس نەیتوانی وەلامی سەلامەکە بداتەوە چونکە وەخت بوو لە پێکەنینا ببوورێنەوە!

ئەوێ ڕۆژێ ئەم بەرازە هەستابوو دەموچاوی ئیمامی هێڵکاری کردبوو، بە پەنجە ڕەنگەکانی لە ڕوخساری هەڵسووبوو، کاتێ مامۆستا لەژێر داربەڕووەکەی قەراخ دەریاچەکە لێی ڕاکشابوو بۆ سەر خەوشکاندنێک!

ئەو چرووکە خوێڕییەمان گرت و کەوتینە سەری بە لێدان، کوڕە ئەوە چیت کردووە؟ سەرەتا بێدەنگ بوو ئەنجا وتی بەم کارە هەڵسام تاکو بۆتانی بسەلمێنم مامۆستای ئیمام بەبێ دەستنوێژ پێشنوێژیتان بۆ دەکات. ڕاستە

ئەگەر ئیمام دەستنوێژی هەڵگرتایە ڕەنگەکان لە ڕوخساری دەسڕانەوە. ئەو بەرازە تێبینیی کردبوو کە مامۆستا چی دەکا، بۆیە ئەویش بەو کارە هەڵسا.

دامان بە عەرزا و کەوتینە سەری کوێت ژان دەکا، بێ ئەوەی دەمی بکاتەوە و یەک وشە چییە لە دەمی دەرنەهات. بەو خوایە "حوسێن ئاغا" قسە و بەسەرهاتی بەرازییەتیی ئەم بەرازە کۆتاییی نایەت. کاتێ تەمەنی گەیشتە چواردە ساڵ پیرێژنێکی بێوەژنی لە گوندەکەمان فڕاند کە " حاجی فادیک"مان پێ دەگوت، بێوەژنێکی تەمەن لە سەروو حەفتا ساڵان بوو، ڕوویان لە چیا کرد و بۆ خۆی سێ دانە ڕۆژ لەوێ مانەوە. بەسەرمان دادان لەو شوێنەی کە لێی بوون، کە تەماشا دەکەین کونی گورگە ئەشکەوتێکی لاتەریک لە بەرزاییی پۆپەی چیایەکی وشک و ڕووت. ئەو بەرازەمان بینی یەک کۆمەڵ شووشەی عارەقی ڕیز کردووە و چەپڵە لێ دەدا و پیرێژنی سیحربازیش بۆ خۆی سەمای دەکرد. کەوتینە سەری بە لێدان "کوڕە هەی نامەرد... بێ شەرەف" تفمان لە ڕووی کرد، کوڕە تۆ وێنەی گوندەکەمانت لەکەدار کرد، لادێکەمان بە حەیاتی هیچ شتێکی وا کەم و سووک و چرووکی بەخۆیەوە نەبینیوە! کەچی ئەو بەرازە بە لەخۆباییییەوە دەیگوت: مەبەستی من کردەوەی خێرە، دڵ چاکردنەوەیە، لێبووردەیییە چونکە کەسێک لە ئێوە ئاوڕێ لەم پیرێژنە بەستەزمانەی نەداوەتەوە وە قەد پرسیاری هەواڵیتان نەکردووە.

بەهەموو هێز و توانامان کەوتینە دارکاریکردنی لە هەمان کاتیشدا پوورە فادیک خۆی لە پەنا بەرازەکە حەشار دابوو بۆ ئەوەی مەمکە چرچەکانی بشارێتەوە وە بەدەم پاڕانەوە پێمانی دەگوت:

توخوا وازی لێ بێنن من خۆم لەسەر ئەم کارە ڕازیم، ئەو لە جێی کوڕی کوڕمە، دەک هەزار پورە فادیک بە قوربانی بێ و لە دەوری سەری گەڕێ بۆ پیاوەتی و جوامێرییەکەی...

لەو ئان و ساتەدا بوو کاتێ ئەو بەرازە توانی لە بەینماندا خۆی داخزێنێ وەک سەگی ڕاو تێی تەقێنێ و بەدەم هاوار دەیگوت:

کوڕە هەی گەوادینە، مادام من ڕازیم و پووره فادیک ڕازییە ئاخر پێم ناڵێن بەئێوە چی؟

ئاخ "حوسێن ئاغا" ئاخ قەت بێ ئابڕووی وامان نەبینیوە و ناشیبینین، چەند باس لە کردەوەکانی ئەو بەرازەت بۆ بکەم قەت بنی نایە. ئەوە جارێکیان لە گوندەکەمان ئاگرێک کەوتەوە هەر دوابەدوای ئەوە چەڕەدووکەڵ هەموو لایەکی گرتەوە، کەوتینە گەڕان بەشوێن سەرچاوەی ئاگرەکە، دەرکەوت کادینی"سەمین"ە وا بڵێسەی ئاگر لە گشت لایەک هەڵی دەلوشێ، "سەمین"ی بەستەزمانیش سەربازگە نۆبەتدار بوو، ژنە گەنجەکەشی بەتەنیا لە ماڵ بوو، کادینەکەش لە هەموو لایەک ئاگر دەمی تێ نابوو. کوڕە ئەم کارە "مورادە بەراز" نەبێ کەس ئیشی وا ناکا، بۆیە پوختە دەستگیرمان کرد.

کوڕە هەی بەراز بۆچی ئەم ئیشەت کرد؟ فریای ئەوە نەکەوت خەریک بوو بڵێ بووەستن تۆزێک ئێستا پێتان دەڵێم، کاتێ دەنگی ژن و پیاوێک لە ژوورەوە بەرز بووەوە:

ڕزگارمان کەن... ئێمە گەمارۆ دراوین، وا ئاگر گەیشتە دەرگە و پەنجەرەکە.

پێش ئەوەی بپرسین ئاخۆ دەبێ کێ بێ خاوەنی ئەم دوو دەنگە، لە پڕ موختار و ژنەکەی "سەمین" لە بەرپەنجەرەکە بەدەرکەوتن.

باشە موختار چیت داوە لە کادینی ئەم ژنە کە مێردەکەی لێرە نییە؟

لێم مەپرسن، دەمویست یارمەتیی بدەم کەچی لە پڕ ئاگر گەمارۆی داین. لەبەرئەوەی بەرزیی پەنجەرەکە بەقەد بڵندیی کەرێک دەبوو، بۆیە پێمان گوت:

باشە موختار ئەت، بۆ باز نادەی؟....

ناتوانم، چونکە ڕووتوقوتم، با کەسێک بەڕاکردن شەڕواڵەکەم لە ماڵەوە بۆ بهینێ.

ئێ موختار ئاخر ناچێتە ئەقڵەوە پیاو بەڕووتی دەرپەڕێ بۆ ئاگرکوژانەوە!

پێ دەچێ کاتێ گوێی لە ئاگرکەوتنەوە بووە، لە پێخەفەکەیدا یەکسەر هەستاوە ڕێک بەرەو ئاگرەکە تاکو بیکوژێنێتەوە، ئەی چۆن کاکی خۆم مەگەر موختاری ئاوایی نییە؟!!

لە هەمان کاتدا ژنەکە لە ژوورەوە دەیقیژاند:

ئامان دراوسێینە بگەنە هانامان، وا دەسووتێین، کراس و پێڵاوەکەم بۆ بێنن:

حەی، کوڕە بۆ ژنەکەی "سەمین"یش بەڕووتی دەرپەڕیوە بۆ شوێنی ئاگرەکە.

لەو ئان و ساتەدا بوو ئەو بەرازە هەڕەشەی لێ دەکردین:

ئەها خوام لەو خوایەیە بیر بکەنەوە و یارمەتییان بدەن یان بچن شەڕواڵ وکراس و چەرچەفیان بۆ بهێنن! بەهەقی ئەو خوایەماڵەکانتان، کادینەکانتان، هەر هەمووی دەسووتێنم و دەیڕووخێنم بەسەر تەپڵی سەرتان!!

باوکم لە دەستی دێ، بۆ گەر بیەوێ نایکا؟ ئەمە بەڵایەکە شمشێر ئاسا بەسەرماندا زاڵە...

تومەز مەڵێ لە کاتی شەو موختاری بەڕووتی بەسەر ژنەکەی "سەمین"ەوە گرتوە، هەر بۆیەش پوختە جلوبەرگەکانیانی شاردبووەوە، بۆ خۆشی دوای ئەوە ئاگر لە کادینەکە بەردەدا و ڕادەکا.

موختار لە کارەساتێکی شەرمناک گلا بوو، بۆیە لە توانای نەبوو بەڕوتوقووتی لە کادینەکە بێتە دەرەوە، گشت خەڵکی ئاوایی هاتنە تەماشای شەڕەجنێو و بێنە و بەردەی موختار و ژنەکەی "سەمین" لەسەر "کورتانە" کەرێک کە لە کادینەکەدا بوو، هەریەکیان دەیویست بۆ خۆی بیبا تاکو عەورەتی پێ دابپۆشێ.

ژنەکەی "سەمین" بە ڕووتی بە ڕووی موختاردا دەیقیژاند:

دەی بچۆ دەرەوە خۆ تۆ زەلامی گەر ڕووتیش بی چی تێدا بەستەیە.

موختار لێی هاتە وەڵام:

کچێ هەی قەحبە دایک لەوەتەی من لێرانە هەم موختارم، ئاخر چۆن دەکرێ موختار بەم شێوەیە لە بەردەمی خەڵک دەرکەوێ!!

هەرکە پریشکە ئاگرێک کەوتە سەر قژە درێژەکەی ژنەکەی سەمین یەکسەر خۆی لە پەنجەرەکە هەڵدا خوارێ و بەهەموو دەنگی هاواری کرد:

هۆ خەڵکینە با زەلامەکان داگرن، چونکە نەزەرکردن بۆ عەورەتی خەڵک گوناهێکی گەورەیە!

دەستێک لە پێش و دەستێک لە پاش بۆ داپۆشینی لەشی، ژنەکەی سەمین بەرەو ماڵەکەی خۆی هەڵات، هەر بەدوای ئەو موختار لە پەنجەرەکە خۆی هەڵدایە خوارێ بە خۆی و کورتانەکەی سەرپشتی وەک پەشتەماڵی حەمام لە خۆی قایم کردبوو وە لەسەر ئەویش پارچە لبادێکی داپۆشیبوو، لەسەر چوار پەل کەوتە ڕاکردن.

خەڵکی ئاوایی وا دایانە قاقای پێکەنین بەجۆرێک ئاگر و ماگریان هەر لە بیر چوو!

براکەم حوسێن ئاغا هەرچەندە دەگگە و پەنگەکانی ئەو بەرازە بژمێرێت قەت کۆتاییی نایەت، بۆیە خەڵکی لەم بارەیەوە دەستیان لێ شووشتبوو.

خۆ ئەو هەر وا لەخۆڕایی بەراز نەبوو، لەبەر ئەوە هاتینە سەر ئەو قەناعەتە کە ڕەوانەی عەسکەریی بکەین بەڵکو لە دەرد و بەلاکانی نەجاتمان بێ.

دوو شایەتی ساختەمان دۆزییەوە وە لە دادگە تەمەنیمان گەورە کرد، بەم شێوەیە بۆ خزمەتی سەربازیمان هەنارد. خۆ تۆ باش دەزانی شەقازللەی عەریف یەعنی چی؟ بەڵێ با لە بن گوێی قایم کا و با تێی هەڵدا بۆ ئەوەی ببێت بە بنیادەم.

دوای شەش مانگ گوێمان لێ بوو کە بۆ پلەی یاوەری عەریف بەرز کراوەتەوە، بۆیە لەمەودوا کەسێک نادۆزێتەوە کە بەر شەپازللەی بدات و

تەمبێی بکا.

دوای ساڵێک لە خزمەتی سەربازی کەوتە بەرگوێمان کەوا بەرز کراوەتەوە بۆ پلەی عەریف، بەم جۆرە خەڵکی ئاوایی بە گاڵتەبازییەوە دەیانکێشا بە چۆکیاندا و دەیانگوت کوڕە بەو خوایە ئەم عەسکەرییە بەم شێوەیە بڕوا ئەوا دوور مەگرە دوای پێنج یان دە ساڵی تر لێمان نەبێتە نەقیب یاخۆ ڕائید!

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خزمەتی سەربازی پابەندی بە دوو ساڵ سنووردار کراوە بۆ ئەو بەراز ئاساییەو بابەتەکانی. دوو ساڵ ڕابوردو ئەو بەرازە وەک "نەمرووود" گەڕایەوە ئاوایی. بەهۆی عەنتەری و لەخۆباییبوون کەس نەیدەوێرا لێی نزیک کەوێتەوە. بەم جۆرە خەڵکی بە موراد چاوەش ناویان دەبرد. هەیهوو.. هەیهوو ئێمە کاتێ موراد هێشتا بەراز بوو باریمان نەدەبرد. ئەی ئێستا دەبێ چۆن بێ کە لێمان بووە بەعەریف موراد!

ئەستەمە بتوانین بەربەستی ڕەفتارەکانی بکەین دوای ئەوەی بووە بەعەریف موراد! بەڵێ هەر واش بوو ئیتر کەوتینە داد و فیغان. هەموو خەڵکی ئاوایی دیسان کۆ بوونەوە وە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە تەنیا ڕێگەچارەیەک هەبێ بۆ لغاوکردنی ئەویش ژنهێنانە، با ژنی بۆ بێنین و چاوی دەردەهات. ئەوێ ڕۆژێ بۆ خۆی دەیگوت من عەریف مورادم بە هەر کچێک ڕازی نابم دەبێ بەدڵی خۆم بێ و مارەییشی نادەم. داوای کچی "شوکر ئاغا"ی کرد، شوکر ئاغا پیاوێکە پڕ بەپێستی خۆی، پیاوی ناو پیاوان، کچۆڵەکەشی تاقانەیە، بەڵام چۆن کچێکە بەو خوایە هەر دەڵێی گوڵە.

کۆ بووینەوە و بەرەو ماڵی شوکر ئاغا کەوتینە ڕێ، پێمان گوت:

ئامان شوکر ئاغا ئامان چارەسەری گشت گرفتەکان بە تۆ بەندە، با هەموومان شانی بدەینە بەر و حەددێک بۆ ئەو بەرازە دابنێین. ئەگینا دەبێ هەموومان گوندەکەی بۆ بەجێ بهێڵین! وای لێ کردووین ئەو گوندە گەورەیەی لە بەرچاو تەنگ کردووین، ئێمە هەموومان ئامادەین بۆ ئەو مارەییە کە تۆ داوای دەکەی بۆ نەختی کچەکەت.

بەم جـۆرە ژنمان بـۆ مـورادە بـەراز هێنـا.. بەڵام وا دیاربوو دوای ژنـهـێنان بەرازییەکـەی لە حەدبەدەر بوو. خەڵکی هـەمووی دەچوون بۆ ئیش و کـار کەچی ئەو دەیخواردەوە تاکو مەست دەبوو ئەنجا دەینەڕاند:

کـوڕە هەی خـوێڕینە، ئێـوە کـەسـانێکن زەلامـی زیندوو دەمـرێـنن و ژنی مـردووی لێ مـارە دەکەن گەر بۆتان بلوێ تاکو دەست بە مـیراتەکـەی بگرن. بەس من "خاوەتان" لێ دەستێنم! وە دەبێ مـەسرەفم بکەن، پێمان گوت وس بە ئابڕوومـان مـەبە، قـیـرووسـیـا بەخـێـوت دەکـەین. بەڵام بەپێـچـەوانەوە کـاتێ سـەرخـۆش دەبـوو بەزمـەکـەی زیاتر دەبـوو، ڕۆژێکیـان هـەمـوومـان بە "مـورادە بەراز"یشەوە لە قاوەخانەکی ئاوایی کۆ بووینەوە و پێمان گوت:

کـوڕی خـۆم مـوراد، پێـویسـتـت بەچی هـەیە تاکـو بـۆت دابین بکـەین. چ پێشبینی دەکەن، ئەو بەرازە چ بڵێ باشە!!

بمکەن بە موختار بەسەرتانەوە!!!

سەیری ئەو سەگە بکە داوای چیمـان لێ دەکا. چۆن گـەرەکیـەتی سومعەی گوندەکەمان بخاتە ژێر پێ.

کاتێ داواکەمان ڕەت کردەوە زۆر تووڕە بوو.

ئەگەر بەوەش ناڕازین دەباشە بمکەن بە ئیمامی خۆتان.

دەفـەرمـوو چۆن دەکرێ پیاو نـوێژ لە پشت ئەمـەوە بکا! بەم جۆرە تا دەهات ئـەو بەرازە دڕنـدەتر دەبـوو، کــــەوتـە پەلامــــاردانـی مـــاڵان دوای ئەوەی ژنـان دەچوونە شـاخ، مـەڕومـاڵاتی بە تاڵان دەبرد، کێـڵگـەکانـی ئاگـر تێ بەردەدا، ژەهراوی دەرخواردمان دا، ژیانی لێ تاڵ کردین.

هیـچـتـان لە بەردەم نەمـاوە تەنیـا ئەوە نەبێت کـە بمکەن بە ئیمـام، ئـەگینا دواتان دەبڕم و هـەر هـەمووتان قەڵاچۆ دەکەم.

بەڵێ گـوتمان پێش ئەوەی لەنـاومـان بەرێ بـا ئێـمـە لەنـاوی بەین، بەسـەر مـاڵەکەیمان دادا و بەخـەوتوویی پەلبەسـتمـان کرد، هـەڵمـان گرت و بردمـان بۆ

شاخ، لەوێ گوتمان دەی کوڕینە، هەر لە ڕاهی خوا، غیرەت کەن تێی هەڵدەن. بەم شێوەیە چاک دارکاریمان کرد هەروەک لۆکەی بەردەستی پەڕەچیمان لێ کرد.

دەتەوێ ببی بەموختار ها؟ دەبخۆ.. دەبگرە ئەوەش داری موختاری. وەک سەگی حەوت ڕۆح ڕاپەڕی و لەژێر دەستان خۆی ڕزگار کرد، ئەوجا چووە ئەوبەر بەرانبەرمان هاواری دەکرد:

گەوادی بێ شەرەفینە، لێم گەڕێن ببم بە ئیمان ئنجا پێتان نیشان دەدەم!! بەلادا دەهات، بەشەلەشەل دوور کەوتەوە.

بڕۆ گوندەکەمان بەجێ بهێڵە لە دەرد و سەرئێشەکانت بەدوورمان بگرە، جا خوای دەکرد نەک دەبووی بە ئیمام بەڵکو بەشێخی مشایەخان بە ئێمە چی!!

ئا بەم جۆرە لەو بەڵایە ڕزگارمان بوو، گوندەکەشمان ئاسوودە بوو. پاش ماوەیەکی درێژ مانگی ڕەمەزان داهات، ئێمەش هەر بەجارێ ناوی ئەو بەرازەمان لە بیر کرد. لەگەڵ یەکێ ڕێک کەوتین کە ببێ بە ئیمامی مزگەوتی گوندەکەمان، زاتێک ئەوەندە پیرۆز بەڕادەیەک نەک هەر دەستی ماچ دەکەی بەڵکو لاقیشی ماچ دەکەی هێندە لە خواترس بوو. گشت قسەکانی هیدایەت و کەرامەتی لێ دەباری.

دوای بەسەرچوونی مانگی ڕەمەزان پێمان گوت:

لێرە بمێنەوە، چەندت دەوێ دەتدەینێ.

مامۆستای ئیمان بەجێی نەهێشتین و لە گوندەکەمان مایەوە. پاش ماوەیەکی درێژ ڕێبوارێک لە گوندێکی دوورەوە هاتە ئاوایی. دەمەونیوەڕۆ بوو کاتێ غەڵبەغەڵبێکمان لە مزگەوت گوێ لێ بوو، وامان زانی مزگەوت خەریکە دادەڕمێ! بۆیە هەموو بەرەو مزگەوت ڕامان کرد، لەوێ کابرای میوانمان بینی یاشێخی لەبن خۆی ناوە، کەوتووەتە سەری بە لێدان، زۆر بەزەحمەت مامۆستامان لە چنگی دەرهێنا و کابرای میوانمان لە عەردی دا پێمان گوت:

تۆ چۆن دەست لە شێخێکی موبارەک وەک ئەم شێخەی ئێمە بڵند دەکەی؟

کابرای ڕێبوار هاواری کرد و وتی:

موبارەکی چی و تەڕەماشی چی ئەمە بەڵای هەرە گەورەی گوندەکەی ئێمەیە، ژنەکەمی هەڵخەڵەتاند و ڕفاندی بۆ شاخ، لێم گەڕێن ئەو بێ شەرەفە بتۆپێنم، بەخوا جوانە ئێوەشی فریو داوە، ڕیشی بۆ درێژ کردووە و بووە بەئیمام بەسەرتانەوە. هەستاین پوختە کابرای میوانمان تەمبێ کرد و ڕەوانەی لادێکەی خۆیمان کردەوە، داوای لێبووردنمان لە یاشێخ کرد و دڵمان دایەوە.

ڕۆژێکیان کابرایەکی تر هەر لە هەمان گوند بە سواری گوێدرێژێک هاتە ئاواییەکەمان هەرکە چاوی بە یاشێخ کەوت، نۆخرەی لە کەرەکەی دا و خێرا بەرەو مامۆستا هات، کەوتە دارکاریکردنی مامۆستا، دیسان زۆر بەزەحمەت مامۆستامان لە چنگی ڕزگار کرد.

وازم لێ بێنن، ئەم سووک و چرووکە بتۆپێنم. مەڕوماڵاتی لێ دزیوم، لە بازاڕی شار فرۆشتویێتی، بە ڕدێنە درێژەکەی ئێوەشی فریوە داوە ئەم خوێڕییە!

کوڕە چاوەکەم ئەدی خەڵک شێوەیان لەیەک ناچێ "ان الله خلق البشر ازواجا"، وای لێ هاتبوو هەرکەسێ لەو گوندە بهاتایە ئاواییەکەمان خوێن بەرچاوی دەگرت و پەلاماری یاشێخی دەدا، هەر بۆیە ئێمە کاتێ گوێمان لێ بایە کەسێک لەوێوە دێ هەڵدەستاین شێخمان لە بەرچاوان دەشاردەوە، چونکە بێ شک ئەم زاتە شەریفەیان هەر دەکوشت.

دەبینی "حوسێن ئاغا" مرۆڤ چی بەسەر دێ ئەگەر بێتو شێوە و ڕوخساری لە کەسێکی بەدڕەوشت بچێ! سبەینەکیان براکەم لەبەر دەنگی هەراوهۆریای بەخەبەر هاتین، کاتێک دەبینین کۆمەڵە زەلامێک بە سواری ئەسپ لەو گوندە بۆ گوندەکەی ئێمە هاتوون و دەیانگوت:

یان ئەوەتە حەمە جانەوەرمان تەسلیم کەن یان ئەوەتە ئیعلانی شەڕتان لەسەر دەکەین.

ئەو بێقیمەتەی ئێوە بە شێخ حیسابی دەکەن وە پێتان وایە کە...

بووەستن... وەرن با دانوستاندن بکەین.

گوندەکەمانیان گەمارۆ دابوو. سوور بوون لەسەر ئەوەی شێخ دەستگیر بکەن و لەگەڵ خۆیاندا بیبەن، پاشان نێردراوێکیان بۆ مفاوەزات ڕەوانە کرد، ئێمەش بەدەوری خۆمان چەند زاتێکی ڕیشسپیی عەقڵ و مەعریفەتمان دەستنیشان کرد.

بەرەو قاوەخانەی ئاوایی کەوتینە ڕێ بۆ دانوستاندن، پێمان گوتن:

براینە بۆ بۆتان هەیە ئەم گوندە بسووتێنن بەڵام تا ئێمە زیندوو مابین یاشێختان تەسلیم ناکەین، ئێوە پێتان وایە کە ئەم شێخەی ئێمە ئەو کەسە بێ کە ئێوە بە "هەمە جانەوەر"ی ناو دەبەن! نەخێر قەت تەسلیمی ناکەین، چونکە ئەم کارە لە بەرانبەر خوا گوناهێکی گەورەیە. بۆچی لەم دنیایە چەند کەسی وا موبارەک و لە خواترس ماون ها...

باوکم دنیا بەحورمەت و شەفاعەتی ئەوان تا ئێستا ماوە.

یەکێک لەوان هەڵی دایە وتی:

نەخێر حەقتانە ئێوە زەلامی موبارەکتان هێشتا نەبینیوە، پیاوی موبارەک دەبێ وەک شێخ "موراد"ی ئیمامی مزگەوتەکەی ئێمە وا بێ، هەر وتەیەکی حیکمەت و وەعزە، ڕدێنی تا سەر ناوکێتی، بێ دەستنوێژ پێ نانێتە سەر زەوی و هەنگاوێک چییە بێ بسمیلا نانێ! بۆ شێخی بەڕماڵ و ڕاستەقینە دەبێ وەک شێخ موراد بێت.

موراد؟!! ڕاوەستە.. کوڕە بەس بەس مورادەکەی خۆمان نەبێ... چاوەکانی شینن؟؟

بەڵێ

ئامان، ئەی پەنجە توتەی دەستی چەپی بڕاوە؟

بەڵێ

ئەی بالووکەیەک بەسەر لووتییەوە هەیە؟

بەڵێ

بەگوێرەی ئەم وەڵامانە گوتمان:

دەی کوڕینە با هێرش بکەینە سەر ئەو قوڕمساخە، با ڕۆحی ئەو سەگە بهاڕین. کەواتە هەبێ و نەبێ ئەو خوێڕییە بۆ خۆی بووە بە ئیمامی گوندەکەی دراوسێمان.

ئەوجا نۆرەی ئەوان هات و کەوتنە پاڕانەوە دەیانگوت:

خەڵکی لەیەک دەچن، کەس هەیە شێوەی لە یەکێکی تر دەچێ... دەترسێین جۆرە خراپ تێگەیشتنێک لە نێوانماندا هەبێ.. جەنابی شێخ موراد زاتێکی موبارەکە.

خەریک بوو هەردوو ئاوایی کە ڕووبەڕووی شەڕی چەکداری ببنەوە ئەگەر شوکری ئاغا نەبایە کاتێ گوتی:

بووەستن، ئێستا گشت مەسەلەکان ئاشکرا بوون. مورادە بەراز ڕیشی درێژ کردووە و بووەتە ئیمام لە گوندەکەی ئەوان هەروەها حەمە جانەوەریش بووەتە ئیمام لە گوندەکەی ئێمە، هەر بۆیە پێویست بە ئاژاوە ناکات، ئەوان بە مورادە بەراز قایلن و ئێمە بە حەمە جانەوەر ڕازین. ئەگەر بێتو گوندبەدەر و حاشایان لێ بکەین، ئەوا دەچن بۆ گوندێکی تر تێکوپێکی دەدەن، دیار نییە یەکێ وەک ئیمام ئەوجارە ڕوومان تێ دەکا، بۆیە من دەڵێم وەرن با ئەم مەسەلەیە لە نێوانماندا چارەسەر بکەین، هەموو ئەو قسانەی کە گوێمان لێ بوون لە بیری کەین.

بەم جۆرە گەیشتینە ڕێککەوتن نانەوە لێک تێگەیشتن، ڕێزمان لێ گرتن و

چا و قاوەمان دەرخوارد دان، باقیی سوارچاکەکانیشمان ماستاو دەرخوارد کردن.

ئەوان لەبەر خۆیان دەیانگوت:

وەیش، چۆن قیمەتی کاک محەمەدمان نەزانی، ئێمەش بەدەوری خۆمان کەوتینە کێشان بە چۆک کە چۆن لە بەلاش زاتێکی موبارەکی وەک (موراد)مان بە فیڕۆ دا! تف.. چۆن قیمەتیمان نەزانی.

هەر لەو ڕۆژەوە (موراد)ی ئێمە ئیمامی گوندەکەی ئەوانە لەسەر سەر هەڵیان گرتووە، ئێمەش (حەمە جانەوەر)ەکەی ئەوانمان لەسەر سەر ڕاگرتووە.

ئەی چۆن حوسێن ئاغا، خەفەت مەخۆ، گەر منداڵەکەت تەمەڵ بوو، بەدڵی خۆت نەبوو نابێ لە ئاستی مورادە بەراز بێ، لە سەرەتا دەبێ بە لێدان تەمبێی بکەی، ئەگەر ڕاست ڕای نەکێشا ڕەوانەی عەسکەریی بکە، ئەگەر هەروەک خۆی مایەوە ژنی بۆ بهێنە، وە ئەگەر دادی نەدا ئەوە بکێشە بەپشتی ملی دا و دەری کە لە ماڵ با بڕوا بۆ خۆی بۆ گوندێکی تر، بۆی هەیە وەک زاتێک شەریف شوێن و مەکانەتێک بەدەست بهێنێ.

١٥-٠٦-٢٠٠٤

سێشەم/هەولێر

# پێڵاوە تەسکەکە

لە کاتی چوون بۆ ژن داخوازیکردن پێڵاوی تەسک لە پێ بکەن. چەند نمرەیەک بچووکتر لە پێ کەن گەر بتانەوێ بۆ یەکەمین جار چاوتان بە کەسێک بکەوێ کە دەبێتە خەزووری داهاتووتان. دەتوانن بە دڵی خۆتان زەماوەند بکەن لەگەڵ ئەو کچەی کە خۆتان دەتانەوێ، ئەگەر بێتو پێڵاوی تەسک لە پێ بکەن. تەنانەت ئەگەر کیژەکەش قبووڵ نەکات ئەوە دایک و بابی بەزۆرەملێ ڕازی دەکەن، ئەمەش تاقی کراوەتەوە وە غەڵەت قبووڵ ناکات.

دوای چەند ساڵانێکی درێژ فێری ئەم هەقیقەتە بووم.

سەرمەت عاشقی کیژێک بوو تا ڕادەی شێتبوون، بەهۆی ئەم ئەویندارییە گشت کاروباری پشتگوێ خست، هەموو برادەرەکانی بەزەییان پێ دەهاتەوە تەنانەت جارێکیان پێم وت:

– کچەش تۆی خۆش دەوێت؟.

– ئەی چۆن... بەس چۆن خۆشەویستییەک!!

– ئەی بۆ زەماوەند ناکەن؟

– ئاخر چۆن زەماوەند بکەم، من لێرە لە ئەستەمبۆڵ بەتەنیام، دایک و بابم وا لە "ئەرزەڕۆم"ن، کەسیش لێرە شک نابەم، کێ لە دایکی بۆم داخوازی بکات؟

– هەیهوو... کەی باوی ئەمە ماوە، ئەو زەمانە بەسەر چوو، ڕێک بڕۆ بۆ لای باوکی کچە و پێی بڵێ "کچەکەتانم ڕازی کردووە، تکام وایە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکەن تاکو زەماوەندی لەگەڵدا بکەم".

– بۆ خۆت نامناسی، من ناتوانم یەک ڕستەی بەسوود ڕێک بخەم، باوکی کچە ئەگەر نیازیشی هەبێ کچەکەم پێ بدا ئەوا حەتمەن ڕەفزم دەکات کاتێ گوێبیستی قسەکانم دەبێت. ئەی چۆن براکەم من ئەگەر وەک تۆ قسەزان و زمانلووس بام ئەوە یەکسەر بێ سێ و دوو دەچووم داوام دەکرد.

بەستەزمانە ئەم "سەرمەت"ە بەردەوام بەهۆی ئاگری ئەوین لە جۆشدان بوو.

ڕۆژێکیان هاتە لام و گوتی:

– تکایە، ئەم کارە ئەگەر سەر بگرێ بەتۆ نەبێ بە کەس ناکرێ، هەستە بچین بۆ ماڵی باوکی کچە، بۆمی داخوازی بکە.

– ئەوە چییە "سەرمەت"، دەڵێی شێت بووی؟ چۆن شتی وا دەبێ! دڵنیام ئەگەر باوکی من لەگەڵ تۆ ببینێ لێمان دەدا و لە ماڵەکەشی دەرمان دەکا. ئەو زەمانە تەمەنمان لە بەینی بیست و دوو بیست و سێ ساڵ دەبوو، کاتێ سەرمەت زۆری لێم دەکرد و دەپاڕایەوە:

– چیرۆکێکی گاڵتەجاڕی بۆ بگێڕەوە، بیهێنە پێکەنین، بەتایبەت ئەگەر بتوانی لە یەکەمین جار بیهێنییە پێکەنین ئەوا هەموو کارەکان سەر دەگرێ. خۆ ئەگەر بێتو خوشکە گەورەکەشی پێ کەنی و یەک قاقای لێ دا حیساب کە موشکیلەکەمان حەل بوو. بۆیە دەبێ بە زمانی لووس چیرۆکیان بۆ بڕێسی. بەم جۆرە دڵی باوکەکە بۆ خۆت ڕادەکێشی.

– سەرمەت ناتوانم.

کچە بە"سەرمەت"ی گوتبوو، یان ئەوەتە دێی لە باوکم داوام دەکەی، یانیش ئەوەی لە نێوانماندا هەیە لە بیر کە.

هەوڵم دا سەرمەت لەسەر ئەو بیروباوەڕە سارد و پەشیمان بکەمەوە:

– کاکە تۆ هێشتا خزمەتی سەربازیت تەواو نەکردووە، پیشەیەکی ماقووڵت نییە چۆن دەتوانی ماڵ دابمەزرێنیت لە کاتێکدا تۆ هێشتا وەک پەیامنێری

ڕۆژنامە بەدرێژاییی مانگ بۆ شەست لیرە کار دەکەی!

سەرمەت لە وەڵامدا پێی وتم:

– ئاخـر بۆیـە، من هـەر لەبەر ئـەمـە ژن دێنم. باوکی کـچـە دەوڵـەمـەندە، بەم شـێوەیە نەبێت نـاتوانم ژیانم مسـۆگەر بکەم. هەسـتـە با بڕۆین باوکی کیژەکە ئیمڕۆ لە ماڵەوەیە.

– سەرمەت گیان، ئازیزم ناتوانم.

– دەیها، ئەمە خزمەتێکی برایانەیە، بەهۆیەوە ژیانم ڕزگار دەکەی.

ڕازی بووم چونکە خەریک بوو دەست بەگریان بکا.

پێـڵاوێکی ڕزیوم لە پێدا بوو وەک تیـمسـاحی دەم کراوەی لێ هـاتبـوو. چۆن دەکرێ بەم پێـڵاوانە بۆ خوازبێنـی بچین. پارەشم نییە بۆ کڕینی پێـڵاوی نوێ. بۆیە سـلفـەیەکم لـە بەرپرسـەکـەم داوا کـرد هـەرچەند دەزانم کـە چ ڕەزیـلـێکە، یەکـێکە لە ڕەزیلـتـرین ئەو کـەسـانەی کـە بەخـەیاڵت دابێ، هـەر ئەو دەمـە بەرپرسەکەم پێی گوتم:

– ئەرێ بەڕاست ئـەوە لە بیـریشم نـەبوو، دە لیـرە قـەرزت لـەسـەرە، هێشـتـا نەمـتـداوەتەوە! هـەرچی بەڕێوەبەری کارگێـڕیمانە پیاوێکی باشـە، پازدە لیرەی دامێ و ڕزگاری کردم، بەڵام بەمەرجێ دواتر لە مووچەکەمی ببڕێ.

من و سـەرمـەت بەرەو بـازاڕی پێـڵاوی خـۆمـاڵی بەڕێ کـەوتین، لەوێدا هەرزانتـرین پێـڵاو دەست دەکەوێ. ئەو پێـڵاوانەی پێوانـەیان کەمـترە لە سی و حەوت ئەوا بە پێـڵاوی مێرمنداڵان دەژمێـردرێ، بەچواردە لیرە و حەفتا قروش دەفرۆشـرێ، هـەرچی سەرووی ئەوە بێ هـەتـاکو نمرە چل و شـەش ئـەوە پێڵاوی پیـاوانە، وە دە لیـرە گـرانتـرە. پێـوانەی پێی من سی و هەشـتـە. ئەم جـۆرە هەڵکەوتە لە ژیانـدا زۆر شتێکی ناهـەقانەیە، باشە مـەعقولە من دە لیرە زیاد بدەم بەهۆی تاکە نمرەیەک؟! جگە لەمـەش مەعقول نییـە نرخی پێڵاوێکی سی و هەشت بەهەمان نرخی چل و هەشتێک بێ.

بەهیچ جۆرێک نەمتوانی ئەم سکاڵایە بۆ کابرای فرۆشیار ڕاڤە بکەم هەر بۆیە چووین بۆ لای بەڕێوەبەری فرۆشگاکە، کابرا تێگەیشتنی خۆی بۆ مەسەلەکە نیشان دا بەڵام گوتی:

– چ بکەین، لە ئاست سیستەمە کارپێکراوەکان هیچمان لە دەست نایە.

خۆم پێ ڕانەگیرا، بۆیە وتەیەکم پێشکێش کرد:

– بڕووخێ گشت زوڵم و زۆرداری لە دنیادا.

– دەمت داخە، ئەگینا دۆسێت بۆ دەکەینەوە.

من و سەرمەت هەرچیمان هەبوو کۆمان کردەوە، بەس نەیدەکردە نرخی پێڵاوێکی نمرە سی و هەشت.

سەرمەت پێی وتم:

– هانێ بگرە ئەوە سی و حەوت.

– تەسکە بۆ پێی من نابێ.

– لەبەر خاتری من لە پێی دەکەی.

– ئۆ هۆ... لە نمرەی پێڵاودا کوانێ خاتروخۆتر هەیە.

لە دڵی خۆمدا گوتم چ بکەم؟ لەبەر خاتری برادەرایەتی هەستام پێڵاوەکەم کڕی. نیەت سافیم بەدەرخست لە پێناوی لە پێکردنی پێڵاوەکە. لە ڕاستیدا هەردوو فرۆشیارەکان زۆر هەوڵی یارمەتییان دام. بەستەزمانە سەرمەت دڵۆپی ئارەقە لە نێوچەوانی بەرەو خوار ڕێچکەی دەکرد. دواجار توانییان قەیتانی پێڵاوەکە ببەستن و گوتیان:

– ئادەی هەستە سەرپێ.

بە جووتە ئەمەیان پێ گوتم چونکە لەسەر زەوی ڕاکشابووم، هەستامە سەرپێ پاش ئەوەی هەردوو بن باڵمیان گرت، هاوارم لێ هەڵسا:

– بگەنە فریام.

لە خوا داواکارم کە هیچ پێیەک لە سەربەستی بێبەش نەکا، چونکە ئازادیی پێ نە لە ئازادیی ڕۆژنامەوانی وە نە لە ئازادیی وێژدان ناچێت.

فرۆشیارەکە گوتی:

– ئەم پێڵاوە بەکەمێک لەسەر ڕۆیشتن فراوانتر دەبێ.

ڕۆیشتنی چی بۆ جووڵەم پێ دەکرێ. هاتینە سەر شەقام هەستم دەکرد موولوولەی خوێنی مێشکم خەریکە دەتەقی بەپلەیەک تنۆکی ئارەقە لەژێر بڕبڕەی پشتم ڕێچکەی دەگرت. لەم ئان و ساتەدا "سەرمەت" پێی گوتم:

– خۆ چیرۆکە گاڵتەجارییەکانت ئامادە کردووە کە بۆ باوکی کچە دەگێڕیتەوە؟

سواری ترامواى بووین.

– سەرمەت، تکات لێ دەکەم ئەم بەڵایە لە پێم داکەنە.

– داینەکەنی هەر ئێستا کەمێکی تر فراوان دەبێ.

وا پێ دەچوو کە پێڵاوەکە فراوان نابێ، هەر بۆیە بەدەم ژان و ئازارەوە پێم گوت:

– دایان دەکەنم، هەر کاتێ لە "ترامواى"یەکە دابەزین دووبارە لە پێیان دەکەمەوە.

حاڵم وا شڕ بوو تەنانەت نەفەرەکان و چاودێر و جابی گشتیان بەزەییان پێم دەهات.

بۆ یارمەتیدانم لە لەپێکردنەوەیان بەهانام هاتن. زۆر هەوڵیان دا بەڵام بێهوودە بوو.

لەولاوە یەکێ لە نەفەرەکان ڕاست بووەوە و گوتی:

– با بیانبڕینەوە بۆی و ڕزگاری کەین.

پێم گوت:

- نەخێر!!.

ئاخـر چۆن دەیبـڕیتـەوە، بە هـەزار واوەیلا نرخـەکـەیم کـۆ کـردووەتەوە، بە تایبـەتـی لە ناخـمـدا تروسکە هیـوایەک هەبـوو کـە پێـلاوەکـە فـراوان دەبێ و ئاسوودە لە پێی دەکەم.

لە "ترامـوای" دابـەزین و لە تـاوان هـاوارم دەکــرد، ئاخ و ئۆفـم بوو خــۆشم نەمزانی کە چۆن ڕۆیشتین.

لە ڕێگە "سـەرمـەت" لێی پرسیم:

- چیرۆکە گـاڵتـەجارییـەکـانی کـەوا دەیگێڕیتـەوە لە ئەزبـەرت کـردووە! تکات لێ دەکـەم چی پێ دەڵێی بڵێ بەس بیـهێنە پێکەنین، چونکە کـە پێ کـەنی ئەوا دڵی نـەرم دەبێ و کـچـکەیشـم پێ دەدا. تکایـە نوکـتـەکـانی مــەلا مـەشـوور و چیرۆکی تریش لە بیر نەکەی.

کـاتێ گـەیشـتـینە مـاڵەکـە نەمـزانی چۆن خـۆم هـەڵدایە سـەر قـەنـەفـەکـە و بەهەردوو دەستم دەموچاوم داپۆشی.

باوکی کچە لێی پرسین:

- خێرە وا... هۆی سەردانەکەتان چییە؟

"سـەرمـەت" لە نیگارکردنی دیاربـوو داوای هـانا دەکات بەجۆرێک خـەریک بوو لە پڕمەی گریان دا، هـەرچی من بووم خۆ ورتەم لە دەم دەرنەهـات.

بە لێشاو ئارەقـەی مەرگم لێ دەچۆڕایەوە، روخسـارم وەک چەوەندەر سـوور هەڵگەڕابوو، هـەر پارچەیەک لە بەدەنم لەبەر تا خـەریک بوو گڕ بسێنێ.

سـەرمـەت تێبینیی ئـەوەی کـرد کـە هیـچ هیـوای نەمـاوە لەوەی کـە یارمـەتیی بدەم، بـۆیە گــرێی زمــانی کــرایەوە، بۆ خــۆی کــەوتە دەمـــەتەقێ و چیــرۆک گێڕانەوە، لە کاتێکدا من لە ئارەقە شڵپەم دەهـات.

دایکی کچە ڕووی دەمی لێ کردم:

- ئەوە بۆ قسان ناکەی؟

سەرمەت وەڵامی دایە:

- خاتوون زۆر شەرمنە.

دەستەکانم خزاندبووە نێوان ڕانم وە لە تاوان وەک مار جینگڵەم دەدا، ئا لەو کاتەدا دولبەرەکەی "سەرمەت" قاوەی هێنا. ئەو کەسەی چارەی کچەی بینیبا هەڵدەهات هەتا ئەوسەری دنیا ڕانەدەوەستا، لە دڵی خۆمدا گوتم: دەک بێ قەزا بی "سەرمەت" ئاخر ئەو بەزم و هەڵلایە بۆ ئەم کچە!!

لە کۆتاییدا سەرمەت توانی لە گێڕانەوەی هەموو چیرۆکە هەزەلییەکانی کەوا ئەزبەری کردبوون سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. هەروەها توانی کابرا و خێزانەکەی بێنێتە پێکەنین، بەڕادەیەک لە پێکەنیندا کەوتنە سەر گازی پشت. دەموچاوم لە تاو ئازاردا قوپابووەوە، لە چاوەکانم هەستم بە پڕووشکی برووسک ئاسا دەکرد.

پێش هەستان سەرمەت ئاشکرای کرد کە حەز دەکا دەستی کچەکەیان داوا بکا.

باوکی کچە پێی گوت:

- با بیرێکی لێ بکەینەوە.

لە کاتێکدا دایکی کچە گوتی:

- خێر ئینشەڵڵا، ئەمە قسمەت و نسیبە، ئینجا ڕووی دەمی لێ کردم:

- ئەی تۆ "ڕەبەنی"؟.

سەرم شۆڕ کردەوە وەڵام دایەوە:

- بەڵێ.

ئەمە تاقە وشە بوو کە لە دەمم هاتە دەرەوە.

کاتێ هاتینە دەرەوە سەرمەت بەتوورەیی لێم دوور کەوتەوە، پێی ڕاگەیاندم:

- تۆ چۆن هاوڕێیەکی؟! حەیف... زۆر بەداخەوە...

بەم جۆرە لە چەقی کۆڵانەکە بەتەنیا مامەوە، لەسەر شۆستەکە دانیشتم، ئەگەر بمتوانیبایە پێڵاوەکە لە پێ داکەنم ئەوە بە پێی خاوسی دەڕۆیشتم، بەس بە پێمەوە نووسابوو دانەدەکەندرا هەروەک بڵێی بووەتە بەشێک لە لەشم، نازانم چۆن گەیشتمە بارەگەی ڕۆژنامە و چۆن خۆم هەڵدایە سەر قەنەفەکە و لێی ڕاکشام.

– هاوڕێیان ڕزگارم کەن.

زۆر هەوڵیان دا بەڵام بێهوودە بوو:

لەت لەتی کەن.

هەریەکێ لەوان چەقۆ بات گوێزانێکی گرتە دەست.

– ئەم کارە پسپۆڕی دوکتۆرە، کرداری نەشتەرکاریی پێوستە.

پێڵاوەکە وا بە پێمەوە نووسابوو بەڕادەیەک ئەوان لەت و پەتیان کرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەردانەکەندرا. لە پاشاندا زاڵ بوون بەسەریدا دوای ئەوەی ونجڕونجڕیان کرد.

بەم شێوەیە جارێکی تر هەردوو پێیەکەم دەست لەملانێی ئازادی بوون، بەخۆشتان واتای ئەمە دەزانن.

سێ ڕۆژ ببڕای ببڕای نەمتوانی بە پێ بڕۆم، هەموو ڕووداوەکانی تر دواتر ڕوویان دا.

جاران سی و هەشتم لە پێ دەکرد بەڵام دوای ئەوە چلیش بە پێم تەنگ بوو، هەردوو پێم زل بوون دوای ئەوەی باوەشیان کردەوە بە ملی ئازادی. ئەی بۆ ئێمە مەعشەری بنیادەم هەر وا نین، کاتێ لە کۆت و زنجیری هەر گرتیگەیەک کە چەندیش درێژخایەن بێ ڕزگارمان دەبێ هەڵدەئاوسێین بەڕادەیەک لە دەرگەی ماڵەوەش ناتوانین بڕ بکەین.

دوای چوار ڕۆژ باوکی ئەو کچەی کە سەرمەت خوازبێنیی کردبوو هاتە لام دوای ئەوەی لە قسە و باس بووینەوە وتی:

– من و ژنەکەم، بڕیارمان دا کچەکەی خۆمانت لێ مارە بکەین.

کاتێ ئەوەم بەرگوێ کەوت وڕ و کاس بووم، واقم وڕما:

ئاخر بۆ؟ مەبەستم... تێنەگەیشتم...

– چونکە ئێمە زۆر پێت موعجیب بووین، بەدرێژاییی ژیانمان تووشی لاوێکی وەک تۆ شەرمن نەبووینە، گەنجێکی وەک تۆ ڕەوشت بەرزمان نەبینیوە. ئەو ڕۆژە کاتێ هاتن بۆ لای ئێمە لە شەرمان تنۆک تنۆک ئارەقەت لێ دەچۆڕایەوە، دەموچاویشت سوور هەڵگەڕابوو، ورتە لە دەمت نەهات، سەرت بەرز نەکردەوە، شەرەفە بۆ هەر خێزانێک کە زاوایەکی ئەوها بەڕەوشت تێیدا ببێتە ئەندام.

– ئەی هاوڕێکەم... چی بەسەردا دێ؟

– تکات لێ دەکەم وازی لێ بێنە، زۆرەوێکی گەلحۆیە، بێ شەرمە، ناماقووڵانە ڕەفتار دەکات، گوایە بە حیسابی خۆی چیرۆک و نوکتە دەگێڕێتەوە. من کچم نییە تاکو لێی مارە بکەم.

کابرا هەرسێ ڕۆژ جارێک سەردانی دەکردم، بەشان و باڵی ڕەوشت و حەیای منی هەڵدەدا:

– بەحەیاتم... وەک تۆ بەخێوکراو، ڕەوشت بەرز، دەموچاوت حەیا تنۆک... نەتدەزانی دەستت لە کوێ دابنێی...

– قوربان من ئێستا بیر لە ژنهێنان ناکەمەوە.

– بیر لە مەسەلەکە بکەنەوە... دیسان دێمەوە، باس لە مەسەلەکە دەکەین.

بەم شێوەیە کابرا هەر دوو سێ ڕۆژ جارێک سەردانی دەکردم بۆ قسەکردن و مەدحکردنی شەرم و حەیا و خووڕەوشتی من:

– گەنجی وا ڕەوشت بەرزم نەدیوە... دەموچاوت سوور هەڵگەڕابوو... نەتدەزانی دەستت بخەیتە کوێ...

ڕۆژێکیان چیی تر خۆم پێ ڕانەگیرا، لە چەکمەجەی مێزەکەم پارچەکانی پێڵاوە سی و حەوتەکەم کە بە کۆنە ڕۆژنامەیەک لوول درابوو دەرهێنا و فڕێم دایە بەردەمی کابرا و هاوارم بەسەریدا کرد:

– ئەوەتە ئەخلاق و تەربیەت و شەرم و حەیا، بیبە لەگەڵ خۆتدا و کچەکەتی لێ مارە بکە!!!

لە بیر نەکەن ئەگەر ویستتان داخوازیی کچ بکەن ئەوا پێڵاوی تەسک لە پێ بکەن.

# حیمایەی بارەکە

بۆ خۆمان چوار کەس بووین، بەیەکەوە دەستمان کرد بە کار لە ڕۆژنامە، یەکەممان تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی پۆلی دەیەم ببڕێ هەر بۆیە باوکی پێی گوت:

هیوام پێت نەماوە جێی چاوت تێدا نییە، قەد نابی بەپیاو، بۆیە هەستە هەر نەبێ ببە بەڕۆژنامەوان، هەرچی ئەوەی دووەممان بوو هەتیو بوو، دایکی بێوەژنێکی بەساڵاچوو بوو، دەستی بەسەر ئەو بڕە مووچەیەی دایکی دادەگرت لە بەرانبەر ئەو بەدڕەوشتییە، دایکە پیرەکەی چیی تر بەبەری نەمابوو گەیشتبووە بینە قاقای بۆیە بەدەم ئاه ونووزەوە دوعای لێ دەکرد:

هیچ شتێک ناڵێم، تەنیا ئەوەم لە خوا داوایە کە تەواوی ژیانت بە سواڵکەری بەریتە سەر، لە خەڵکی بپاڕێیتەوە. ئەم وشانەی دوا وشە بوون چونکە بەستەزمانە ڕۆحی گەیشتە ئاسمانی بەرینی خوا.

کاتێ کوڕە هاتەوە سەر خۆی گوتی "تا ئێستا وەسیەتی دایکم جێبەجێ نەکردووە، بۆیە دەبێ بیهێنمە جێ تاکو ڕۆحی لەو دنیا شاد بێ" بەم جۆرە ئەویش بوو بە ڕۆژنامەوان و کەوتە پرسیار و پاڕانەوە لە خەڵک.

بیست ساڵ بەسەر ئەم باسەی کە بۆتانم گێڕایەوە بەسەر چوو. لە ڕاستیدا ڕۆژنامەنووسانی ئەو سەردەمە ئەم جۆرە ڕاسپاردانەیان بە مەعنای کەلیمە دەگەیاندە ئەنجام.

سەبارەت بەوەی سێیەممان بەهۆی لاوازیی لە وانەی زمانەوانی دوو ساڵ بەدوای یەک لە قۆناخی ئامادەیی دەرنەچوو، بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە

مامۆستای زمانەوانی بکاتەوە هەستا لە ڕۆژنامەنووسی دەستی بەکار کرد تاکو ببێت بەنووسەرێکی مەزن.

هەرچی بەندەیە، من لەو کەسانە بووم کە پێی دەڵێن "حەوت پیشەزانی بەخت ون"، بۆیە بینیم کە ڕۆژنامەوانی پڕ بەپێستە بۆ من.

هەر چوارمان پەیامنێری ژێر ڕاهێنان بووین. هەر بۆیە مووچەمان لە ڕۆژنامە نەبوو. پێشبڕکێمان لە بەینی خۆماندا دەکرد تاکو بزانین کاممان هەرە باشە بۆ دەرچوون و تەعینبوون وەک کادیرێکی پێشکەوتوو لە ڕۆژنامە، بەڵێ لە ڕاستیشدا جۆری پێشبڕکێکە دژوار بوو.

ڕۆژێکیان زانیمان کە یەکێ لە ئێمە دەستنیشان کرا و وەرگیرا بە مووچەی شەست لیرە، ئەم بڕە پارەیە خاوەنی ڕۆژنامەکە نەیدەدا بەڵکو باوکی ئەو کوڕە دەیدا بە خاوەنی ڕۆژنامە بێ ئەوەی کوڕەکەی ئاگای لەم مەسەلەیە هەبێ، هەر بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بکات کە بەهرەمەندە و بەرهەمهێنە، ئەم پلانە هەر ئەوەندە بەکەڵکی خاوەن ڕۆژنامەکە هات تاکو دەستبەرداری هەمووومان بوو، وازی لە هەموومان هێنا.

هەرسێکمان لە قاوەخانە دانیشتین تاکو موشووری یەکتر بکەین، ئەوەی بەهۆی لاوازیی لە وانەی زمانەوانی فەشەلی هێنابوو هەڵی دایە گوتی:

ڕۆژێک دادێ کە گوێتان لێ دەبێ کە چۆن دەبم بە نووسەرێکی بەناوبانگ.

لە هەمان کاتدا ئەوی تر گوتی:

منیش بۆتان دەبم بەڕۆماننووسێکی بەناوبانگ.

لێیان پرسیم:

ئەی تۆ دەبی بەچی؟

من... حەز دەکەم ببم بەشتێکی گرینگ.

هەرە ئاقڵەکەمان گوتی:

بۆ ئەوەی ببی بە هونەرمەندێکی بەناوبانگ، گەرەکە لە ژیان بڕوانی، ئاشنایەتیی لەگەڵدا بکەیت و لێی تێ بگەی، ئێمەمانە نە لە ژیان و نە لە ئینسان گەیشتووین. گوتی "یەکێ لە ڕۆماننووسە ئەمەریکییەکان کاری لە گەڕان بەشوێن زێڕ دەکرد، هەروەها لە ئاواکردنی ئارەق بە قاچاغ وە جۆران کار و پیشەی وەک شاگرد لە چێشتخانەی ناو کەشتی.. تاکو دوایی لەم بابەتە کارانە..

دەباشە بادەست بکەین بە گەڕان بەشوێن زێڕدا.

ئەنجا وتی یەکێک لە شاعیرە بەناوبانگەکانی فرەنسا کاری "قەشە"یی کردووە.

وتم:

بائێمەش ببین بەقەشە.

"هەروەها یەکێک لە هونەرمەندە ناسراوەکان بەرازی بەخێو کردووە"

وتم:

زۆر چاکە با بەراز بەخێو بکەین.

"بەرازمان نییە، ناکرێ بگەڕێین بەشوێن ئاڵتوون، ناشبێ ببین بەقەشە" وتم:

ئێ ئێ.. ئێستا کارەکان ئاشکرا بوون، کە بۆچی ئێمە هونەرمەندی مەزنمان تێدا هەڵناکەوێ، لەبەرئەوەی ژینگەی لەبارمان نییە تاکو هونەرمەند بەو پلە و پایانە بگات، نە قەشایەتی نە زێڕ نە بەراز... ئای کە لە شوێنێکی وشک و برینگ هاتووینەتە سەر دنیا.

ئەی باشە چۆن دەتوانین ببین بە هونەرمەندی بەناوبانگ؟!!

بەم شێوەیە بڕیارمان دا کاری جۆراوجۆر بکەین تاکو شارەزاییی زیاتر سەبارەت بە ئینسان و ژیان پەیدا بکەین.

یەکێک لە برادەران دەستی بە کاری قاچاخچێتی کرد، یان بەواتایەکی تر نەیتوانی، چونکە گیرا و ڕاپێچی گرتووخانە کرا بەر لەوەی دەست بکات بە قاچاخچێتی، هەرچی برادەرەکەی ترمان بوو ڕوخساری خۆی گۆڕی و ڕیشێکی دەستکردی دانا تاکو دوکانێکی زێڕەنگەری بدزێ، کاتێ چووە ناو دوکانەکە سەیری کرد بەتاڵە چونکە بەر لە سەعاتێک دوکانەکە دزرابوو، ئەویش دەستبەجێ هەر لەوێ گیرا و پەلبەست کرا، زۆر تامەزرۆ بوو تاکو لە واتای ژیان تێ بگا، کاتێ گرتیان بەر لەوەی هێشتا دزییەکەی ئەنجام بدا، بۆیە هەوڵی خۆکوشتنی دا بە شکێکم بەم کارە بتوانێ ئەو لەکە پیسەی کە شەرەف و سومعەی خێزانەکەی شێواند بسڕێتەوە.

من تاقە کەس بووم کە لە نێوان ئەم گرووپە کارێکی بێ وێنەم دەستکەوت. بووم بەحیمایەی بارِ، یان پاسەوانی بارِ. با بۆتانی باس کەم کە چۆن بووم بەحیمایەی بارِ.

ڕۆژێکیان بۆ چای خواردنەوە لە یەکێک لە شوێنەکانی "ئەلبی ئۆغلۆ" دانیشتم، بیرم دەکردەوە چۆن ورگی برسیم تێر کەم، ئەوێ ڕۆژێ بیست و چوار سەعات بوو پاروو نەچووبوو بە گەرووما، هەر خەریک بوو لە برساندا دەمردم، ئەوەی لە تەکم دانیشتبوو لێی پرسیم:

ئەوە چیتە کوڕە گەنج، ورگت بۆ وا بەبەردەوامی قرەقرِ دەکا؟

بەسەرهاتی خۆم لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە.

کارێکت پێ دەسپێرم لە تواناتدا هەیە بیکەی؟

بیکەم... ئەوە چ ئیشێکە؟

دەبی بەحیمایەی بارِ.

ئەمە چۆن کارێکە؟

لە یەکێک لە گۆشەکانی بارِ لە سەعات نۆی ئێوارە تا سێی بەرەبەیان دادەنیشی... پیشەت تەمبێکردنی موشتەری دەبێت. موشتەرییەک نایەوێت

حیساب بدات یان یەکێ ئاژاوە دەنێتەوە و دەیکا بە بەزم و هەلا، توند یاخەی دەگری و تووڕی دەدەیتە دەرەوە.

سەرەتا دەبێ خۆمتان پێ بناسێنم تاکو بتوانن زیاتر پێ بکەنن و بەخۆشییەوە بچنە جیهانە کاریکاتۆرییەکە.

تووشی چەندان دەرد و نەخۆشی بوومە کە هێشتا ئاسەوارەکانی پێمەوە دیارە وەک هەوکردنی سیپەلاک، ئاوەڵە و سورێژە، مێکوتە و تەنگەنەفەسی و مەلاریا و جۆران نەخۆشیی تر ئەمە بێجگە لەو سی و چوار دەردەی کە لێیان چاک بوومەتەوە. یەک دانە جاریش بە بیرم نایەت تووشی شەڕ هاتبم کە تێمیان هەڵنەدابێ.

ئەو ڕۆژەی بڵێم ئۆخەی تەندروستیم لە جێیەتی، ئەوە بە دەردی سیپەلاک و هەلامەت و قورگ یەشە و سەرما دەناڵێنم، یان هەست بە ئازار لە کاکیلە یان کەللەسەر دەکەم. درێژیم مەترێک و چل و شەش سانتیمەترە، کێشم ئەگەر ورگم تێر بێ نیزیکەی چل و پێنج کیلۆگرام دەبێت.

بە کابراکەم گوت:

لە بەرانبەر تێرکردنی ورگم ئەگەر داوای فڕینیشم لێ بکەیت ناڵێم نەء، بەلام گەر ڕاستیت دەوێ من ناتوانم لە کەس بدەم، شەرەفی بارەکەتان لەکەدار دەکەم ئەگەر بێتو لە جیاتیی ئەوەی کە من لە موشتەری بدەم، بۆ خۆی موشتەرییەکە هەستێ تێر شەقم بکا.

وەلامی دامەوە:

ئەم کارە بەتەواوی هەر شایستەی تۆیە، هەر دەڵێی بۆ تۆ کراوە.

باشە، بەلام لێدان، ئەدی چ بکەم تاکو لێ دەم؟

کارێکی بێ غایەت ئاسانە، چت پێ دەڵێم ئەوە بکە، هەقیشت لەسەر باقییەکەی نەبێ، کاری حیماچێتیی بارِ پێویستی بە هێزی قۆڵ و بازوو نییە.

خۆم پێت دەڵێم لەوە بدە، دەچیت بۆ لای ئەو کەسە و لێی دەدەی. کەمێک

لەگــەڵ خــۆمــدا کــەوتمە بیــرکــردنەوە و بەخــۆمم گــوت ســەرمــایەکــەی "مشتەکۆڵە"یەکە!

وەک ئەگــەر تەنگیــشم پێ هــەڵچنرا هاوار دەکــەم وە تێی دەتەقــێنم، بۆچی هەروا ئاسانە لە ژیان و ئینسان تێگەیشتن و ببی بەهونەرمەندێکی گەورە!!

بەم جــۆرە بە ئیشــەکــە ڕازی بووم و بووم بەحــیمــایە لە باڕی "چن چن" بۆ ئێوارە بە جووتە چووین بۆ باڕەکە، شوێنێکی بۆ دیاری کردم لە بەینی بوفیە و گرووپی ئۆرکێستراکە، ڕوخسارم جیدی کرد و پێم گوت:

خەریکە لە برساندا دەمرم، قاپێک خواردنم بدێ لە کرێیەکەمی ببڕە.

لە وەڵامدا گوتی:

هەتا کارەکەت ئەنجام نەدەی چاوت بە بەرماوەش ناکەوێت.

من بە سکی تێر ناتوانم لە کەس بدەم ئەی چۆن بە برسێتی دەتوانم، بەو خوایە ئەو کەسە دەمخاتە ژێرپێی خۆی هەر وەک سەگ دەمتۆپێنێ. بەخاوەنی باڕەکەم گوت:

چەندم پێ دەدەی، بە مانگانە، یاخۆ بە هەفتانە؟

جارێ دیار نییە چەند وەردەگری، چونکە دەستهەقەکەت لە شێوەی خەڵات دەبێ، هەرچەندە زیاتر لە موشتەری بدەی کرێکەت بەرز دەبێتەوە، بەس عەلا کوللین بۆ هەر موشتەرییەک دوو لیرە و نیوت بۆ حیساب دەکەم. گەر بهاتایە کرێکەم لەسەر بنەمای ئەو بۆکسانە بوایە کە بەرم دەکەوێ ئەوا بێ شک دەوڵەمەند دەبووم.

ئاهەنگی جاز دەستی پێ کرد. پەیتا پەیتا هۆڵەکە پڕ دەبوو لە موشتەری، قاقای پێکەنینی کچانیش بە ئاشکرا دەبیسترا و دەستیان کرد بە سەما و جووڵەی هەست بزوێن. سەبارەت بە منیش خۆ خەریک بوو لە تاو برسێتی لە هۆش خۆم بچم، بەهۆی ئەوەی کە دەمزانی کارەساتێک بەسەر تەپڵی سەرم دادێ، هەستم کرد دڵم وا لای چۆکمدایە.

موشتەرییەکە بەهەموو دەنگی دەینەڕاند:

کــەرە بۆ ئێــمــە لە ڕێگەی ســەخت و دژواری نـاو شــاخــدا نین تـاکــو بە زینـدوویێتــیی چاوان و نـوێژی نیــوەڕۆ ڕووتمان بکەن، قــەد شــەرم و حــەیا لە خۆتان ناکەن ئەم خـواردنەوە ترشـە بە پەنجا لیرە پێشکێش دەکەن کە گوایە شامپانیایە؟ خوێڕینە هەی هیچ و پووچینە.

خاوەنی باڕ چاوی لێ داگرتم..

پێم گوت:

ئەدی ئێستاکێ چ ڕوو دەدا.

بەرشەقی دەدەی.

ئەو کەســەی کە گوایە من بەتەمـام تێی هەڵدەم سێ جار بەقـەدەر من بوو، خۆ ئەگەر بمویستبایە بۆکسێکی لێ دەم ئەوا مشتەکۆڵەم بەئاستەم دەگەیشت و نەدەگەیشـتـە ژێر ناوکی، قیت بـوومـەوە و لە دڵی خـۆمـدا وتم خـوایە بەناوت ئەنجا هەر لە دڵی خۆمدا درێژەم بە دوعاکان دەدا:

ئەی خـوای مـن بگە هـانـای بەندەی لاواز و ترسنـۆکـەکـەت و هێــزی یوسف پاڵەوانی پـێ بدە، هەر خـۆت قـودرەت و توانـات بەسـەر هەمـوو شـتـێکدا هەیە. بەقـورسـییـەکەوە بەرەو ڕووی چووم، جگەرەیەکی داگیرســاوم لە دەست بوو، هەر لەو کاتەدا گوێم لە پسەپس و مڕەمڕ دەبوو:

وا حیمایەی باڕەکە هات، ئەها حیمایەکە هات.

بەهەرحــاڵ بۆ خــۆمم دانابـوو کـە بەرشــەق دەدرێـم، لەبەر ئەوە بـاوەڕ بەخـۆ هەنگاوم دەنا و بەرەوپێش دەڕۆیشـتـم، وەک فـەقـمـە لاوەکی ڕێم دەکـرد تاکـو گەیشتمە لای، ڕووبەڕووی وەستـام، گەر بمویستایە شەپازلەیەکی لێ دەم ئەوە دەستم نەدەگەیشتە چەهرەی بۆیە بە ڕوویدا نەڕاندم:

لە جێی خۆت دانیشە کوڕە ها!

وشــەکـان وا لـە دەمم هـاتـنە دەرێ وەک چۆن بڵــێـی تف هـەڵدەدەم. کــابرا

لەسەر کورسییەکەی خۆی بۆ ڕانەدەگیرا، نەمکردە نامەردی ڕێک جگەرەکەم لە نێوان تەپڵی ناوچەوانیدا کوژاندەوە. لەبەر توندیی ئازارەکە کەوتە هاوارهاوار:

هەی هاوار تەواو بووم، ئاخ ڕۆحم دەرچوو.

کوڕە ئەوە چ پرتەپرتە لەبەر خۆتەوە، ڕۆحت دەکێشم ها..

کاکی خۆم هیچم نەگوتووە.

نا نا قسە بکە گەر تامەزرۆی مەرگی خۆتی، بەپشتەدەست شەقازلەیەکم سرەواندە لاجانگەکانی، ئەنجا بەشێوەیەکی کەڵەشێر ئاسا گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم.

میوزیک کەوتەوە ژەنین و سەماش دیسانەوە دەستی پێ کرد، دوای چەند خولەکێک خاوەنی باڕ لێم نزیک بووە و گوتی:

بینیت، کارێکی ئاسانی وا نییە؟

دەستم دامێنت خێراکە دوو لیرە و نیوەکەم بدێ.

حیساب پاشان، بەس گەر دەشتەوێ بڕۆ بۆ خۆت بە دوو لیرە و نیوەکە بخۆوە...

چووم بۆ لای باڕوانەکە بە پارەکە داوای دوو پێکم لێ کرد هەردووکیم هەڵقوڕاند. لەتاو برسێتی دڵم تێکەڵ و پێکەڵ دەبوو... لەو کەینوبەینە لە یەکێک لە مێزەکان دەنگەدەنگ دەهات، بەرەو ئەوێ ڕۆیشتم دیار بوو دوو موشتەری زۆرڕەوی لێ بوو، شەپازلەیەکم لە یەکەمیان دا و هەروەها لە دووەمیشیان ئەنجا گەڕامەوە جێگەی خۆم.

ئەو شەوە لە چوار موشتەریم دا. سەعات نزیکەی چواری بەیانی بوو کەس لە باڕەکە نەمابوو منیش حیسابی خۆم وەرگرت کە دەیکردە حەوت لیرە و نیو. شەوی داهاتوو هەمدیسان هاتمەوە سەر ئیش، ئەو

شـەوەش لە شـەش کـەسـم دا. بەم جـۆرە لە تێـهـەڵدانی خـەڵک پارەم دەست دەکـەوت، هـەندێکیـان بە دوو شـەپازلە و دوو پـێلەقـەش گـیـر نەدەبوونەوە. بۆ ئەوەی زیاتر پارەم بێتە دەست دەستم کرد بە چاوەدێریی مێزەکان تاکو هەر کێ ئاژاوە بنێتەوە دەستبەجێ تەمبێی بکەم. لە هەندێ شەوەکان هیچ کەس لە موشتەرییـەکـان مـیزی لەبن خـۆی نەدەکرد، مەبەسـتم کـەسـێک ئەو سـەهوەی نەدەکـرد، بۆیـە من بێ پارە دەمـامـەوە. لەو شـەوانەدا هـەر کـەسـێک کـەمـێک دەنگی بەرز بکردایە:

کەڕە بۆ تۆ وا دەزانی لە "زەریبەی" ڕینگۆدای.

یەکسەر بەرەو ڕووی دەچووم بەبێ هۆ یەکسـەر لێم دەدا، بەڵام وەستاکەم لە بەرانبـەر ئەم لێـدانە بێ هۆیانە تەنیـا یەک دانە لیـرەی بۆ سـەرف دەکـردم. تەنانەت ئـەگـەر وەسـتـام هـەر هیـچـیـشـی بۆم سـەرف نەکردایە ئـەوا من لەبەر ڕاهـاتن و مـاسـوولکە بزواندن بۆکسم دەوەشـاند و دارکـاریم دەکرد. وا فـێری ئەم پیـشـەیە بووم بـەڕادەیەک خووم پێـوە گـرت، چیی تر لە توانام نەدەمـا کـە دەستـەوەسـتـان بوەستم، خـۆ ئەگـەر بهاتایە و لـە کەسێکم نەدایـە ئەوا بۆ خۆی دەمارەکانم گرژ و ڕەپ دەبوون.

لە ڕاستیدا خۆشم سـەیرم بە هێز و شـەنگ و بازووی خـۆم دەهـات، کە چۆن دەتوانم لێ دەم و شـەپازلە تـێ سـرەوێنم، بەڵام لە دواییـدا هـاتمە سـەر ئەوەی متمانە بە هێزو نەبەزی و بەجـەرگیی خـۆم بکەم.

شـەوێکیـان یەکێک لەو سێ موشتـەرییەی کە بەدەوری مـێزێکدا دانیشـتبوون بەهـۆی سـەرخـۆشـیـیـەوە لە ڕادەبەدەر ئاژاوەیان دەنایەوە، لـە کـاتێکدا دوو هـاوڕێکەی هـەوڵیان دەدا هێوری بکەنەوە، بەڵام بێهوودە چونکە وەک سـەگێکی هـاری لـێ هـاتبـوو کـە پـەتی ملی پسـانـدبێ. ئـەمـە چ سـەرخـۆشـێکە بەهـیـچ شــێـوەیەک لە بنیـادەم نـاچێت، زۆر گـەورە و زەبـەلاح بوو چونکە لە کـەس لەوانـەی تا ئەو ڕۆژە دارکـاریم کـردبوون نەدەچوو. بـەینی خـۆمـان بـێ ترس خزایە ناخمەوە، بۆیە دەبوایە تاکتیک بگۆڕم. بۆی وەرچەرخام، پێلەقەیەکم لە

ورگی دا، کابرا کەوتە هاوار و باوکەڕۆ، لە پێلەقەی دووەمدا زیاتر هاواری لێ هەستا بەم جۆرە هەرچەندە لێم دەدا زیاتر هاواری لێ هەڵدەستا، دەستم دایە کورسییەک و لە تەپڵی سەریم قایم کرد، دەستی بەهاواری زیاتر کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بینیم کە موشکیلەکە حەل نابێ، دەستم دایە لاقی کورسییە شکاوەکە و هەرسێکیانم وەک مێگەل دایە پێش خۆم.

پێشم کەون هەی سەگینە.

وەک مەڕ لە پێشم دەڕۆیشتن. هەرسێکیانم لە ژێرزەوینەکە حەشار دا. ئەوجا کەوتمە دارکاریکردنی ئەوەی کە هاوارهاواری دەکرد، بە ڕادەیەک خۆی بۆ ڕانەدەگیرا تاکو شڵپەی لێ هەڵسا و کەوتە سەر زەوی و لێی ڕاکشا. پاشان ئاوڕم لە دووانەکەی تر دایەوە.

کاکە گیان دەخیلت بم دەستم دامێنت. ئێمە هیچمان نەکردووە، من بۆ خۆم قەد هاموشۆی ئەم جۆرە شوێنانە ناکەم. ئەم هاوڕێیەی ئێمە هەموو ڕۆژێک لێمان دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی بێین بۆ ئێرە بۆ ڕابواردن. ئەمشەویان بۆ نەگبەتی ڕازی بووین، شوێنی نەهێشت شەڕ و هەڵلای لێ نەکاتەوە لە هەموو شوێنەکان توانیمان بەرزەفتی بکەین تەنیا لێرە نەبێ.

خۆم ڕزگار کرد لە دوو هاوڕێکەی، کاتێ دەستی بەجنێودان و نەعلەت کرد کەوتمە گیانی، بەم جۆرە تا سبەینێ تێر شەقم کرد.

سەرلەبەیانی کابرا هاتەوە سەر خۆی و هۆشی وەبەر هاتەوە. دیسان دەستم دایە تێلایەک، لە دەستمی ڕاکێشا و لێمی سەند و کەوتە لێدانم بەدارەکە، هەی هاوار پەنجەکانی دەستی وەکو مەنگەنە وابوو گەر بەشێکی بگرتایە ئەوا لە ڕەگ و ڕیشە دەری دەکرد، وەک مێشوولە منی فلیقاندەوە، دەستی لە یاخەم گیر دەکرد و پاشان ڕای دەهاژاندم تووڕی هەڵدەدام پڕ بەدەم هاوارم لێ هەڵدەستا.

پاشان لە هۆش خۆم چووم، نازانم چی ڕووی دا، سێ دانە ڕۆژ مامەوە دوای یەک هەفتە توانیم چاو هەڵهێنم، مانگێک بەسەر چوو ئەنجا هاتمەوە

هۆش، دوای دوو دانە مانگ ئەنجا هاتمەوە سەرپێ.

گەڕامەوە بارەکە و خاوەنی بارەکە مۆرەی لێ دەکردم و گوتی:

کوڕە تۆ ئابڕووی پیشەی پاسەوانی مەیخانەت برد، ون بە لە بەرچاوم، لەمڕۆوە تۆ کارت لێرە نییە.

وەستا گیان دەستم دامێنت، نەمزانی چی ڕووی دا، وا هەشت مانگە من لێرە لە خزمەتی تۆدام، بەشەرەف لە خەڵکم هەڵداوە من قەد تووشم بەتووشی کەسێکی ئاوا نەبووە.

ددانی لێم جیڕ کردەوە وەڵامی دامەوە:

کوڕە هەی گەمژەی گەلحۆ تۆ ئەو پیاوەی کە بتوانی لەوانە بدەی. بەبۆکسێک کۆتاییت پێ دەهێنن. ئەی بۆچی نازانی بەزم ڕابواردییان بەبێ ئەمە کامڵ نابێ. گەر بێتو تۆش تێیان هەڵنەدەیت ئەوا سەری بەر دار و دیوار و لووتی بەعامودی کارەبا و دەمی بە بەردی شۆستەکاندا دەکێشێ! گوایە مەست و سەرخۆشە.

کوڕە هەی شێتی بێ عەقڵ چۆن دەکرێ تۆ دەمەوبەیان کابرا دارکاری بکەی لە کاتێکدا ئەو دێتەوە هۆش خۆی! بەخوا جوانە نەگبەت هەر باشە تەواوی نەکردی.

وەستاکەم لە ئیش دەری کردم، بەهۆی دەرککردنم بە نهێنییەکانی ئەم پیشەیەوە، لە شوێنێکی تر کارم دۆزییەوە.

ئێستاش هەڵدەستم بەلێدانی موشتەرییەکان بۆ ئەوەی بەزم و ڕابواردنیان بگاتە پۆپە و کامڵ بێ، بەس ئەگەر هەستم کرد وا خەریکە دێنەوە هۆشی خۆیان ئەوا تێی دەتەقێنم و شوێنەکە جێ دەهێڵم.

شەوی ڕابرد خاوەن بارەکەی یەکەمین جار کە ئیشم لەلای دەکرد هاتە بارەکەمان، گرفت نییە ئەگەر بهاتایە و بەڕێز دانیشتایە بەڵام بەزم و هەڵڵای نایەوە بۆیە پەلکێشم کرد بۆ ژێرزەوینەکە لەوێ خەریک بوو گشت ئێسکەکانی

وردوخاش بکەم بە تێهەڵدان، کاتێ هەستم کرد خەریکە بە خۆ دێتەوە بۆی دەرچووم.

پارەی چاکم دێتە دەست و پەنا بەخوا شەوێکیان مۆڵەت وەردەگرم بۆ ئەوەی بەباشی ڕابوێرم.

٢٠٠٤-٠٦-١١

هەینی/هەولێر

# خانووەکانی هێلانەی بولبول

ئەو کرێ خانووەی کە مانگانە دەیدەم، لە چاو مووچەکەم زۆر بەرزە. بەڵام بە بەراوردکردن لەگەڵ کرێ خانووی کەسانی تر هیچ نییە، کێ هەیە لەم ڕۆژگارەدا بە دووسەد و پەنجا لیرە خانووێکی وا گەورەی دەست کەوێ؟ ئەو کرێیە نەک هەر هەرزانە بگرە وەختە بڵێم هەر بەخۆڕاییە.

دۆش دامابین وەختێ بیستمان خاوەن ئەپارتمان نیازی فرۆشتنی باڵەخانەکەی هەیە: ئەدی چ بکەین و ڕوو لە کوێ دەکەین؟... باشە چ شوێنێک جێگەی ئەو حەوت سەرخێزانەی تێدا دەبێتەوە؟.

بەتەلەفۆن لە خاوەن ماڵم پرسیار کرد:

– ئەوەی بیستمان ڕاستە، گوایە لە گژ فرۆشتنی باڵەخانەکەی؟.

– بەڵێ، من خەریکی ئەوەم ئامادەشم ئاسانکاری بۆ کرێچییەکان بکەم ئەگەر نیازی کڕینی ئەپارتمانە تازەکانیان هەبێ.

– ئاسانکاریی چی؟..

– ئاسانکاری لە دانی پارە.

– نهۆمێک بەچەند دەفرۆشیت (مەبەستم ئەپارتمانێک) ئەوەی کە حاڵی حازر تێداین؟.

– بەپەنجا و حەفت هەزار لیرە.

مووچڕکەیەک بەلەشمدا هات هەروەک بڵێی سەرما و سۆڵ لێمی دابێ وابوو.

– باشە ئەدی سەبارەت بەئاسانکارییەکان؟.

- قیستی یەکەم دەدەن و باقییەکەشی لە دواتر.

خوایە دەبێ مەبەستی لە قیستی یەکەم چی بێ، وە چەند، سەبارەت بە حەفتا و پێنج هەزار لیرە؟ چەند هێنام و بردم ئەم حەفتا و پێنج هەزارە پەیدا نابێ، بەڵام کاتێ مرۆڤ هیوا دەدۆڕێنێ ئەوا عەودالی "وەهم" دەبێ، هەروەک چۆن خنکا و هانا بۆ پووشکە دەبا. هەر بۆیەش لە دڵی خۆمدا دەمگوت بۆی هەیە ساحیب خانووەکەمان کابرایەکی خاوەن دڵێکی باش بێ وە پێم دەڵێ ڕوحەکەم، چاوەکەم لە تواناتدا هەیە مانگانە دووسەد و پەنجا لیرە بدەی، منیش وەڵامی دەدەمەوە بەڵێ دەتوانم ئەوجا ئەویش دەڵێ کەواتە بەردەوام بە تاکو حەفتا و پێنج هەزارەکە هەمووی دەدەیتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە شتێکی نایابە، حیسابێکی ژیرانەیە؟ واتە من ساڵانە سێ هەزار لیرە، بەو ساڵانە سێ هەزار لیرە دەدەم وە لە ماوەی دە ساڵ سی هەزار لیرە و لە ماوەی بیست ساڵ شەست هەزار لیرە، بەو حسێبە لە ماوەی نزیکەی بیست و پێنج ساڵێک دەبم بە خاوەنی شوقەکە لە کاتێکدا ئاوا مانگانە کرێ بدەم بەساحێب موڵک. پرسیارم لێ کرد:

- باشە ئەدی ئەو یەکەمین قستەی کە باست لێوە کرد چەندە؟

- ئەوە بڕەکەی بۆ کرێچییەکان خۆیان لێ دەگەڕێم با خۆیان دیاری بکەن.

باشە ئەگەر ئێوە لە شوێنی من بن چۆن ئەو بڕە پارەیە دەستنیشان دەکەن؟.

دەبڵێن بزانم، دەبێ قیستی یەکەم بۆ نەهۆمێکی حەفتا و پێنج هەزاری تاکو وەک پێشینە حیسابی بکەین، واتە لە بەرامبەر حەفتا و پێنج هەزار لیرە گەرەکە لە هەریەکتان بڕی هەزار لیرە قەرز بکەم وەک پێشینەی نرخی خانووەکە، باقییەکەشی لەو بڕەی کە ئێوە خۆتان دیاریتان کردووە.

کاتێ ساحێب خانوو دیقەتی دا لە قسەکردن وەستام پێی گوتم:

- چەندت پێ دەدرێ؟

- کێ؟ من؟ وەڵا من... یەعنی... سەرنج بدەن چتان پێ دەڵێم....

– چەندت لە توانادایە؟

– چەندت لە توانادایە؟ وەڵا هیچ، خەجاڵەت بووم ئەوە بوو زمانم ترازا و گوتم:

– بیست و پێنج هەزار لیرە دەدەم.

– ئەی باقیی پارەکە؟

– باقیی پارەکە لە ماوەی دوو ساڵ دەفعی دەکەم، هەر ساڵەی بیست و پێنج هەزار لیرە.

لە وەڵامدا خاوەن ماڵ گوتی:

– زۆر چاکە، ئەو نهۆمەی کە ئێستاکێ تێدا دەژیت بۆتی گل دەدەمەوە، بەغەیری تۆ بەکەسێکی تر نافرۆشم. سەرم لێ دەدەی و پارەی دەدەی تاکو تاپۆی خانووەکە وەربگریت.

بەم جۆرە بیرکردنەوەیەکی قووڵ دایگرتم، تەبعەن ناتوانم خانووەکە بکڕم، بەڵام بەو شێوەیە هەر نەبێ بە مووقەتیش لە دەست بێزارکردنی کڕیاری خانووەکە نەجاتم دەبێ، کە بەمەبەستی تەماشاکردنی خانووەکە دێن و دەچن. هەرچی نهۆمەکانی ترە خۆ بەلایەنی کەمەوە هەر نهۆمەی رۆژانە دە تەماشاکەر سەری پێدا دەکەن. کاتێ سەرنجی ژمارەی ئەو موشتەرییانە دەدەی کە دێن بۆ سەیری باڵەخانەکە وا هەست دەکەی کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی تر دەفرۆشرێت، بۆیە کۆبوونەوەیەکم بەست لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزان بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی گونجاو کە تێیدا بەم بڕیارەی خوارەوە گەیشتین "ڕۆژنامەکان ڕیکلامی کڕین و فرۆشتنی شوقە و عەقاراتی نرخ هەرزان و بە قیستیش بڵاو دەکەنەوە". ئەمەش وا دەکا ئەوەی مەبەستمانە ڕاستەوخۆ بیکڕین. کاتێ بەزۆرینەی دەنگ ئەم بڕیارەمان دا، ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژەمان کڕی. ئەوێ ڕۆژێ بۆم دەرکەوت وە بۆ یەکەمین جار کە چ حەشاماتێک خانووبەرە و زەویی عەرەسە بەمەبەستی فرۆشتن تەرخان کراوە.

لەوانەیە شیاوترین شت کە لەگەڵ بارودۆخی ئێمەدا بگونجێ "خانووەکانی

هێلانەی بولبول" بوو.

لە یەکێ لە ڕۆژنامـەکان ڕێکلامێک سـەبارەت بەم خـانووانەی نـاوبراو بڵاو کـرابووەوە، تێیـدا هـاتبـوو کە ئەم خـانووانـە لە دوو لاوە بە دەریا دەور دراوە. کـوڕەکـەم کـاتێ لەسـەر نەخـشـەی خـانووەکـان چاوی بە دەریا کـەوت لە خـۆشـیـیـاندا وەک سـپـرینگ دەرپەڕی. هـەرچی کچـەکـەشم بوو لە خـۆشی و شادی دەسـتی کرد بە سـەماکردن. لە ڕێکلامی ناوبراو ڤـێلا و باڵەخـانەی فرە نهـۆمی تێدا بـوو، بە کەیفی خـۆت ئەپارتمێنت یـاخـۆ ڤیلا دەکڕیت. لە وشـەی خـانوو وەڕس بووم، هـەروەک ئـاشکرایە هـەر نهـۆمـە و گـرفـتی خـۆی هـەیە، نهـۆمی عەرزی مـوشکیلەی خۆی هـەیە وە نهـۆمی دووەم هەر بە هەمـان شێوە، بۆیە چاکترین شت لەم حـاڵەتەدا ڤێلایە، بـەس ڤێلاش نرخی بەرزە بـە شەست و پێنـج هـەزار لیـرەیـە نیـوەی پارەکـە وەک پێـشـینـە دەدرێ و باقـیـیـەکـەشی دەکرێتە قیست بۆ ماوەی هەشت ساڵ.

بەردیش شـەق بـەرێ ئێـمـە سی و پێنج هـەزارمـان پێ پەیدا نابـێ، هەرچی شـوقـەیە ئەوا نرخـەکـانیـان لە نێوان بیست و پێنج هەزار و سی هـەزار هـەتا دەگـاتـە چل هـەزار، نیـوەی پارەکە پێشینـە دەدرێ و باقییـەکـەشی دەکرێتـە قیست بۆ مـاوەی هـەشت سـاڵ. واتە ئەگـەر شوقـەیەک بە بیست و پێنج هەزار لیـرە بکڕین، ئەوا لەسـەرمـانە دوازدە هـەزار و پێنج سـەد لیـرە بدەین. لێرەدا مەسەلەکە شێوازێکی جیدی بە شێوەیەکی زلتری بەخۆوە بینی. هەرچۆنێ بێ دەکـرێ دوازدە هـەزار و پێنج سـەد لیـرە دابـین بکرێت، سـەربـاری ئەوەش ئاگـەداری ناوبراو وێنەی ڕوونکراوی شـوقـەکـانی لەخـۆ گـرتبـوو. بەم جـۆرە بەشـێوەیەکی ئـاسـایی هەروەک بڵێی یەکێ لەو شـوقـانەم کڕیوە. هەسـتم بەوە دەکرد ئەم نهۆمە وەک ئوتێلی "هیلتۆن"ە. منداڵەکان سەیری وێنەکانیان دەکرد تاکو شـوقـەیەک لە شـوقـەکـان هـەڵبـژێرن، باڵەخـانەکە گوایە برێـتـیـیە لە پێنج نهـۆم. منیش نهـۆمی پێنجەم هـەڵبژارد.

ژنەکەم زیرەکە هەر بۆیەش گوتی:

– نهۆمی پێنجەم نابێ.

– بۆچی؟

هەندێک جار دەبینی ئاوی باران لە بنمیچەکەوە دزە دەکا، بۆ چاککردنەوەی بنمیچەکە کەسێک لەوانەی لە نهۆمەکانی خواروون پوولێک نادا بە بیانووی ئەوەی هاتنە ژوورەوەی ئاوی باران زیان بە بنمیچی ئەوان ناگەیەنێت. بۆیە باشتر وایە نهۆمی چوارەم بکڕین.

ئەم بیرۆکەیە ڕاستە، بۆیە کاتێ ئاوی باران لە بنمیچی پێنجەم دێتە ژوورەوە، ئێمە بۆ چاککردنەوە پارە نادەین، چونکە لە نهۆمی چوارەمداین.

هەر نهۆمێک سێ (شوقە)ی تێدایە، ئەو (شوقە)ی ئێمە دەستنیشانمان کرد بەشێوەیەکی پان و بەرین دەیڕوانییە دەریا، کاتێ دەڵێم شوقەکە ڕوو لە دەریایە قسەکەم زۆر دروست نییە. چونکە دەکەوێتە کەنار دەریا بەرامبەریش ڕۆخ دەریایە وە لە هەموو لایەکیش بە دەریا گەمارۆ دراوە.

دەستبەجێ بۆ سازدانی کۆبوونەوە گشت منداڵەکانم کۆ کردەوە تاوەکو پێیان بڵێم:

– ڕۆڵەکانم، هیچ شتێک لە دەریا باشتر نییە، سەرەتا زیندەگی لە دەریا دەستی پێ کرد، ئەوجا لە پاشان گوازرایەوە بۆ وشکایی، ڕاستە یەکەم باپیری ئادەمیزاد مەیموونە، بەڵام ئەدی باپیرە گەورەی مەیموون کێیە؟... بێگومان ماسییە. تەنانەت ئێوە لە کتێبەکانی مێژوو خوێندووتانە کە یەکەمین مرۆڤ لە دەریا هاتووە وە لە پۆپەی دارستانەکان نیشتەجێ بووە. کوڕە بچووکەکەم لێی پرسیم:

– باشە بابە، ئاخۆ ئێمە یەکەمین ئادەمیزادین؟.

کوڕە گەورەکەم وەڵامی دایەوە:

– نەخێر ئێمە یەکەم ئادەمیزاد نین، بەڵام کێ ناڵێ بۆی هەیە دوا ئادەمیزاد بین!

قسەم بەهەردووکیان بڕی و گوتم:

– بەڵێ لە قەراخ ئاو ژیان بەسەر دەبەین بەڵام نەک لە پۆپەی دارستانەکان بەڵکو لە ئەپارتمانێکی بە خەڵک ئاوەدان. بەگوێرەی ڕیکلامی ڕۆژنامەکە ئەو شوێنە کە گوایە تێیدا نیشتەجێ دەبین، شوێنێکی بەخەڵک ئاوەدانە. هەروەها قوتابخانەکی سەرەتاییی لێیە، لەسەر نەخشەکە بۆی گەڕاین یەکسەر قوتابخانەکەمان دۆزییەوە. هەرکە لە ئەپارتمانەکەی خۆمان دەرکەویت یەکسەر خۆت دەکەی بە قوتابخانەکە. سەرباری کەناری دەریا (گازینۆ)یەکیشی لێیە، خەستەخانەش نزیکەی هەر سەد مەترێکە، کۆگا و بازاڕگا و سەنتەری لێ نزیکە، دەڤەرەکە خزمەتگوزاریی ئاو و کارەبای هەیە، هەروەها هێڵی تەلەفۆنیش، هەرچی ئاوی گەرمیشە ئەوا بۆ خۆی گەیشتووەتە گشت ماڵەکان، ئاوێکی پاراو، کە لە (لابراتۆر) پشکێنراوە، واش دەرکەوتووە کە لە باشترین ئاوەکانی دنیایە.

کاتێک هەر دێرێکی ڕیکلامەکەمان دەخوێندەوە لە خۆشییاندا هەراوهۆریای شادیمان لێ بەرز دەبووەوە، خۆ لەبەر شەرم نەبوایە کە نەبادە لە بەرچاوی منداڵەکان هەیبەتی باوکاتیم لەق بێ، ئەوا هەڵدەستامە سەرپێ دەستم بە سەما دەکرد.

خەسووم لە خۆشییاندا خۆی بۆ نەگیرا، بەبیانووی چوونە دەرەوە لە ژوورەکە کەوتە قون بادان. بەدەم گووتنەوەی کۆنە گۆرانییەک کەوتە چەقەنە لێدان.

لە کاتێکدا من بەهۆی ئەوەی میزاجم باش بوو، بە ژنەکەم گوت: هەستە، دەمێکە تۆزێک قاوەم بۆ میوانان بەلا نابوو، فنجانێک قاوەمان بەو بۆنەیەوە بۆ بکە. دەستی ژنەکەم بەرەکەتی تێدایە، ئەو قاوەیەی کە بۆمانی ساز کرد بەشی خۆم و خۆی و خەسووشمی کرد. لە پڕێکدا بەدەم قاوەخواردنەوە بە هۆش خۆمان هاتینەوە وە بیرمان کردەوە کە بۆ کڕینی شوقە پێویستە دوازدە هەزار و پێنج سەد لیرەی کاش ببژێرین. باشە ئەو هەموو پارەیە لە کوێ پەیدا

بکەین؟ لە ژنەکەم پرسی: ئادەی ئەو دووسەد لیرەیەی کە رۆژی چوارشەم پێتم دابوو، بۆمی بێنە. چی چی دووسەد لیرەی چی؟ تۆ دە رۆژ لەمەوبەر سەد لیرەت داپێم، ئێستا تەنیا دووسەد قروشی لێ ماوە.

شیڕاندم بەسەریاندا: ئێوە هەردەم بەپێی ئەو پەندە کۆنە ڕەفتار دەکەن کە دەڵێت (ئەوەی لە گیرفانت هەیە سەرفی کە، لە غەیبەوە شتێکت هەر بۆ دێتە جێ). بۆیە لە کۆڵ کرێچییەتی نابینەوە، قەتیش نابین بە خاوەن خانووبەرە. ژنەکەم وتی:

– بۆچی بە دووسەد لیرە دەتوانیت خانوو بکڕیت؟.

– دەفەرموو، سەیری ئەم ژنە کە، کچێ دووسەد لیرە و پێنج سەد لەوێ، دەتوانین دوازدە هەزار و پێنج سەد لیرە پێکەوە بنێین. لەولاوە خەسووم هاتە ناو مشتومڕەکە، گوتی: منداڵینە لە کۆنە باوڵەکەمدا سێ سەد لیرەم پاشەکەوت کردووە، دامنابوو ئەگەر مردم بیکەن بەخەرجی جەنازە و کفن و دفنم. بەڵام مادام مەبەستەکە خانوو کڕینە ئەوا بە قەرز پێتان دەدەم، بەمەرجێ کڕینی خانوو و نیشتەجێبوون یەکسەر پارەکەم بدەنەوە.

توخوا ئەمە قسەیە، ئێمە چۆن پارەی کفن و دفنی تۆ دەخۆین.

بە کوڕە گەورەکەم گوت:

– هەستە بزانم قەڵەم و کاغەزێک بهێنە، ئەوەی پێت دەڵێم تۆماری بکە.. سێ سەد.

کوڕە گەورەکەم لەسەر کاغەزەکە نووسی سێ سەد.

– ئینجا بنووسە هەزار.

ژنەکەم لێی پرسیم:

– ئەو هەزارە لە کوێ بێنین؟.

– دوای دە ڕۆژی تر لە ئیشەکەم وەری دەگرم.

– حەی، ئەی بەچی بخۆین و بەچی بخۆینەوە؟.

جارێ واز له خواردن و خواردنەوه بێنه، با جارێ بیر له خانووێک بکەینەوه کەوا سترمان بکات.

کوڕه گەورەکەم هەزاری تریشی لەسەر کاغەزەکه تۆمار کرد.

– کۆی پارەکان بوو بەچەند؟.

– هەزار و سێ سەد لیره.

– ئه خراپ نییه چەندی ترمان ماوه؟.

– یازده هەزار و دوو سەد لیره..

– بنووسه پێنج سەد لیره..

– ئەوه له کوێ بێنین؟.

– مەوسووعەکه دەفرۆشین.

– چۆن! کاتێ مەوسووعەکەت کڕی، قەت بەخەیاڵتدا هات که ڕۆژێ بێ ئاوا... نازانم... ئەو کاته گوتم مەیکڕه، به هەزار و پێنج سەدت کڕی، وا دەدیتەوه به پێنج سەد.

– گیانەکەم کەی ئەمه گرفته، زەرەر له کڕینی مەوسووعەکه چی بوو، سەیرکه وا ئێستا دەیفروشینەوه، سوود له نرخەکەی وەردەگرین، ئادەی کوڕم بنووسه دووسەد و پەنجا لیره.

– ئەی ئەمەیان له کوێ بێنین؟.

– وەختی خۆی، دوازده ساڵ لەمەوبەر، قەرزم داوه به (حوسنی) تا ئێستا لێم داوا نەکردووەتەوه، ڕێک دەچم بۆ لای وه لێی داوا دەکەمەوه. ڕۆڵه کۆی پارەکان بوو بەچەند؟.

– دوو هەزار و پێنج سەد لیره.

– ئا بەڕاست بابه، زۆرجار دەتگوت، مام (نەجدەت) سەد و هەشتا لیره قەرزاری تۆیه.

– براڤـۆ، ئافـەرین بۆ تـۆ چاک بوو وەبیـرت هێنـامـەوە، دەی ئـەو بڕە پارەش بخە پاڵ ئەوانی تر.

بەهۆی جـەوی ئەو کێبەڕکێیـەی کە خولْقاندبوومـان، ژنەکەم هاتە جـۆش و گوتی:

– بنووسە لە منیشەوە ئەوە سێ سەد لیرە.

– حەی، گوایە تۆ هیچ پارە و پوول شک نابەیت.

– دەمێک بوو ئەو برِە پارەیەم بۆ کاتی تەنگانە پاشەکەوت کردبوو.

– ئەها بەڕاست، بـووەسـتـە کـەمـێک بووەسـتـە! بەبیـرم هـاتەوە چوار سـەد و حەفتا و پێنج لیرەم لەلای (شیناسی)ە. ڕاستە کاتێکی زۆری بەسەردا چووە، بەڵام گرینگ نییە، کۆی پارەکە بوو بەچەند؟.

– سێ هەزار و سی لیرە.

– ئەی ئەگەر هەندێک شتومەک بفرۆشین.

– هـەیهـوو پیـاوەکە بۆ هیـچمـان هـەیـە تاکـو بیـفـرۆشـین؟! ئـەوەی هـەیە کـەس بەخۆڕاییش نایەوێت.

– وا مـەڵـێ، بنووسـە دوو هەزار لیـرەش لە بری فـرۆشـتـنی شـتـومـەکـەکان. هـەروەها لە (هـیدایەت)یش سێ هـەزار لیـرە قـەرز دەکـەم، ئینجـا چـوار هـەزاری تریش تۆمار بکە.

– لە کوێ؟.

– لە(سەبری).

بەم جۆرە بەو حیسابە دوازدە هەزار و پێنج سەد لیرەمان کۆ کردەوە.

تێبینی ئەوەتان کردووە، لەسەر مرۆڤ تەنیا نیەتـهێنان پێویستە بۆ کڕینی خانوو، خواش دەست بەباڵی دەگرێت.

لە ڕۆژی دوایی خـۆمـان سـاز دا، بەڵام لەو دوازدە هەزار و پێنج سـەد

لیرەیەی بە کاغەز و قەڵەم حیسێبمان کرد، یەک دانە قروش چییە بۆمان پەیدا نەبوو، کەسێک لە قەرزارەکان قەرزەکەی نەدایەوە، یەکێکیان هەر هیچی بەبیر نەهاتەوە، لە کاتێکدا ئەوەی دووەم پێی گوتم:

– لە بنەڕەتدا خۆت پێنج سەد لیرە قەرزاری منی!!

هەرچی خەسوومە کە غیرەت گرتی ڕازی بوو پارە پاشەکەوتەکە، کە بۆ کفن و دفن هەڵی گرتبوو، پاشگەز بووەوە و گوتی:

– دەترسم بمرم، لە کفن و دفندا حەیاشم بچێ.

لە نیوەی شەودا بوو، خەیاڵ دایگرتبووم، لە ناخمدا بیرۆکەیەک چەخماخەی دا، بیری ئەوەی کە مووچەی ساڵێک بەسەر یەکترەوە وەک سولفە داوا بکەم. ئەمە باشترین ڕێگەچارەیە بۆ ڕزگاربوون لەو ئاستەنگییە. کاتێ لە ئیش وتم بەتەمام خانوو بکڕم، مەعاشی ساڵێکیان پێشینە بۆ سەرف کردم، گشت پارەکەم لە بانک وەرگرت و ڕێژەی دیاریکراوی خۆی بڕی. لە ماڵەوە ژنەکەم گوتی:

– ئێ باشە، ئەدی بە درێژاییی ساڵ بەچی بژین!

– بابە لە وەزعی وا کێ بیر لە خواردن و خواردنەوە دەکاتەوە، با جارێ خانووێک بکڕین ئەگینا وەک سواڵکەر دەکەوینە سەر جادەکان.

دەبوایە ساڵێکی ڕەبەق بێ مووچە کار بکەم، یان بەجۆرێکی تر بڵێم، لەبەرئەوەی گشت مەعاشەکەم وەک پێشینە وەرگرتبوو، بۆیە وا هەستم دەکرد بەخۆڕایی ئیش دەکەم. پارەکەمان خستە گیرفان لە خۆشییان خەریک بوو دەفڕین. لەگەڵ منداڵەکان لە ماڵەوە بەرەو نووسینگەی عەقاری کەوتینە ڕێ کە توانیمان ئەدرێسەکە بەهۆی ڕێکلامی ڕۆژنامەکە بدۆزینەوە. هیچ ئارەزووم نەبوو لەگەڵ منداڵەکان بڕۆم بۆ ئەم سەردانە، بەڵام بەهۆی هەڵچوونی منداڵەکان حەز و ئارەزوویەکی بێ پایان دایگرتبوون. بەگوێرەی ئەو ڕێکلامەی کە لە ڕۆژنامە بڵاو کرابووەوە, گوایە پاسێک لە بەردەم نووسینگە بەڕێ دەکەوێ بۆ ئەوەی بمانباتە ماڵەکانی هێلانەی بولبول.

لە نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی عەقارەکە بچووککراوی پڕۆژەکە دروست کرابوو، هەروەها وێنەی شوقەکانمان و ڤێلاکانمانی لێ بوو، وای کە حەیرانی ئەو شوقەیە بووم کە وێنەکەیم لە ڕیکلامەکە بینیبوو. هەر بۆیە لەگەڵ خۆم وشەی شوقەکەمان شوقەکەمانم دووبارە دەکردەوە. لە ڕاستیدا گشت شوقە و ڤێلاکان جوان بوون. خەڵکانی تریش بەگوێرەی هەمان مەوعید گەیشتنە جێ، بەم جۆرە شازدە کەس لەوێدا کۆ بووینەوە، کەس وەک ئێمە ئاوا بەشێوەی خێزانی نەهاتبوو، هەر کەسە و بەتەنیا هاتبوو. لە نێوانماندا چوار ژن هەبوو.

ئێستا سەعات یازدەیە، ژنێکی قەڵەو پرسیاری کرد:

– ئەرێ ئەو پاسە کەی دەڕوا؟.

بەهۆی کەمی ئامادەبووان زانیمان کە بەسواری ئۆتۆمۆبێل دەڕۆین. لە سەعات یازدە و نیو خزاینە ناو سێ ئۆتۆمۆبێل و بەڕێ کەوتین، لە ئۆتۆمۆبێلەکەی ئێمە تەنیا خێزانەکەی منی تێدا بوو. کاتێکی درێژ بەسەرچوو ئێمە هێشتا بەڕێوە بووین، لە شار بەدەرکەوتین، دوای سەعاتێک لە شوفێرەکەم پرسی:

– ئامان برادەر، وا پێ دەچێ کە ڕێمان ون کردبێ، چونکە وەک لە ڕیکلامەکەی ڕۆژنامە هاتووە ئەو شوێنەی مەبەستمانە نابێ هێندە دوور بێ.

– براکەم، من دوای ئەو ئۆتۆمۆبێلە کەوتووم کەوا لە پێشماندا دەڕوا. ڕێنوێنییەکان بەم جۆرەن.

ئۆتۆمۆبێلەکەی ئێمە سێیەمین و دوا ئۆتۆمبێل بوو. بەم شێوەیە ماوەیەکی تریشمان لە ڕێگە بەسەر برد، یەک خولەکی تر چییە نەمتوانی ئەو بارودۆخە قبووڵ بکەم، لێم پرسی:

– دەترسم ئەوەی پێشمان ڕێگەی گووم کردبێ.

شوفێرەکە بەبێزارییەوە، وەڵامی دایەوە:

– خاوەن نووسینگە خۆی لە ئۆتۆمۆبێلەکەی پێشماندایە.

یەک دوو سەعات بەسەر چوو، هەستێکی ڕاڕایی دایگرتم، ئاوڕم لە ژنەکەم دایەوە، ژنەکەم بە گوێچکەکەمدا چرپاندی:

– نەدەبایە پارەکەمان لەگەڵ خۆماندا بهێنایە، باشە ئێستا ئەگەر لە یەکێ لەو کێوانە ڕووتمان بکەن بەبێ شک تێدا دەچین.

تەنانەت شوفێرەکەشمان کەوتە شک لە خۆی دەستی دادەگرتە سەر هۆڕینی ئۆتۆمۆبێلەکە و دەیگوت:

– تۆ بڵێی هەڵەمان نەکردبێ و دوای ئۆتۆمۆبێلێکی تر نەکەوتبین!!

ئەوجا تاوی لە ئۆتۆمۆبێلەکە دا. وەختێ لە ئۆتۆمۆبێلەکەی پێش خۆی دەرباز بوو، لە شوفێرەکەی برادەری پرسی:

– هێشتا هەر دەڕۆین؟.

یەکێ لە ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەوان هاواری کرد:

– تەنیا ماوەیەکی کەم ماوە.

ئۆتۆمۆبێلەکەمان هەمدیسان کەوتە شوێن ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەوان، ئەوجا لەلای ڕاستی ڕێگە ئەسفەلتەکە بۆ سەر ڕێگە خۆڵاوییەکە لامان دا، دوای ماوەیەک لە هاژوژتن بەسەر ئەو ڕێگەیە بەسەر شاخێک کەوتین ئینجا دابەزینە دۆڵێک. ئۆتۆمۆبێلەکەمان بەهۆی گەرمیی کەشوهەوا، وەک فڕن سوور هەڵگەڕابوو، ئێمەش لە تاواندا برژا بووین. هەرکە نرکەی ئۆتۆمۆبێلەکەی بەرز دەبووەوە، هێندەش ڕق و تووڕەیی شوفێرەکە هەڵدەستا، دەستی کرد بە جنێودان:

– کوڕە ئەوە ئێمە گەیشتینە ویلایەی (کۆنیا) یاخۆ پێدەشتی (هیمان)؟ ئاخۆ ئەم شوێنە ئەودیوی جهەننەمە؟..

– کوڕە ئەمە، ئەو خەڵکە شێت بووە؟ بۆچی خانووبەرە بەسەر پۆپەی چیا بنیات دەکرێ؟

کوڕە بچووکەکەم وەڵامی دایەوە:

– ئەمە لووتکەی چیا نییە بەڵکو کەناری دەریایە.

ڕێگە خۆڵەکە تەواو بوو، تاسە دەستی پێ کرد، لە کاتێکدا ئۆتۆمۆبێلەکە بەسەر ئەو تاسانە دەپەڕییەوە، پاشکۆکەی بەرز و نزم دەبوو و بەر تاسەکان دەکەوت، دەنگێکی ناهەمواری لێ هەڵدەستا.

ئۆتۆمۆبێلی یەکەم گەیشتە جێ و ڕاوەستا، ئینجا هی دووەم، لە پاشانیشدا ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆمان. هەناسەیەکم هەڵمژی، ئەوجا وتم:

– منداڵینە سەیری ئەم دیمەنە دڵڕفێنانە بکەن، لاتان ئاشکرایە وا گەیشتینە بەردەم خانووەکانی خۆمان.

کوڕەکەم بەسەرسووڕمانێکەوە وەڵامی دامەوە:

– کوانێ ئەو دیمەنانە بابە؟!

لە بەرامبەر سووکایەتیکردن بەخانووەکان، خۆم بۆ ڕانەگیرا، هەر بۆیە بەسەر نەڕاندم:

– کوڕە بۆ کوێری نابینی! ناوچەکە هەر دەڵێی بەهەشتە، سەیری جوانیی ئەو سروشتە بکە.

شۆینی وەستمان جێگەیەکی بەردین بوون، تاشەبەردەکان وەک ژیلەمۆ بوو، بە پێچ و پەنا سووری خواردبوو بەجۆرێ ئەگەر قوتابییانی جیۆلۆجیا بیانویستایە ئەم شوێنەیان بۆ نەدەدۆزرایەوە، بەرپەچی ئەو تیشکە خۆرەی کە دەیدا بەسەر بەردە گەرم داهاتووەکان، ڕوخساری دەسووتاندین. ئا لەو کاتەدا ژنەکەم گوتی:

– ئەم شنەی دەریایە چەند خۆشە، کە دڵخۆشکەرە.

لە کاتی ئەمەدا، خاوەنی (خانووەکانی هێلانەی بولبول) بەگژ هەرسێ شۆفێرەکان دادەهات، دیاربوو پێیان دەگوت: ئێمە یەک هەنگاو چییە، چیی تر ناڕۆینە پێش. هەرچی شۆفێرەکەی لەمەڕ خۆشمان بوو کە لە دووانەکەی تر دەمشڕ و بێ شەرمتر بوو گوتی:

– گەورەم، ئەم ڕێگەیە بارگین بە بارگیناتی خۆی ناتوانێ لەسەر ئەمە بڕوات.... ئەوجا بە ئۆتۆمۆبێل، ئەم کارە مەحاڵە!!

هیوای بوون بەخاوەن خانووبەرە لە ناخماندا وا ڕۆ چووبوو، بەڕادەیەک لەناو نەفەرەکان، ژنێکی قەڵەو هەڵی دایەوە، گوتی:

– ئوی.. کە دڵگیرە شۆڕبوونەوە بەرەو ئەم دۆڵە، ئەوە کێ دەڵێ ئەم کارە بەئۆتۆمۆبێل ئاستەمە.

لەولاوە خەسووم بەهۆی قسەکانی ژنە قەڵەوەکە تووڕە بوو، وتی:

– ئۆف خوایە، کچێ شۆڕبوونەوە و مۆڕبوونەوەی چی، بۆ نابینی ڕێگەکە وەک ناولەپ ڕێک و ڕاستە.

کاتێ بەیەک دەنگ هەرسێ شۆفێرەکە قبووڵیان نەکرد چی تر لێ خوڕن، خاوەن نووسینگە وتی:

– بەڕێزان، تەنیا دوو هەنگاومان ماوە، بۆیە داواتان لێ دەکەم با بە پێ بڕۆین.

پاشان ئاوڕی لە شۆفێرەکان دایەوە، گوتی:

– چاوەڕوانیمان کەن.

یەکێ لە شۆفێرەکان وەڵامی دایەوە:

– ناکرێ لەژێر ئەم هەتاوە گەرمە چاوەڕوانی بکەین، ئۆتۆمۆبێلەکان لە کار دەکەون.

خۆم بۆ نەگیرا هاتمە نێو مشتومڕەکە بە شوفێرەکانم گوت:

– باوکم بەڕاستی ناخۆشتان کرد، چاو لەم شنەبایە، مرۆڤی نەخۆش چاک دەکاتەوە، ئاگاتان لە خۆتان بێ، خۆتان مەدەنە بەر کزەی با، نەبادا نەخۆش کەون.

چاکەتەکەم داکەند، ئەگەر بتگوشیبا لەوانە بوو سەتڵێک ئارەقەی لێ دەچۆڕا. ناوی خوامان لێ هێنا و کەوتینە ڕێ، سەرەتا ڕێگەکە قیرتاو بوو

پاشان قیرەکە ون بوو، تولەرێیەکی تەسک هاتە پێشمان ئەویشمان بڕی، ئینجا کەوتینە ناو پانتاییەکی کاکی بەکاکی، خاکێکی بێ پیت کە وردە وردە هەوراز و نشێو دەبوو. بۆ دڵنەواییی خۆمان دەستمان کرد بەباسی دیمەنی جوان. چەند ڕۆیشتین، نازانم یەکێ لە موشتەرییەکان بەخاوەن پڕۆژەی گوت:

– ئێستا، ئێمە لە کام ویلایەتین؟.

خاوەن پڕۆژە بە نیگایەکی نامۆ لێی ورد بووەوە.

کەوتمە بەینیان و گوتم:

– گەورەم تکات لێ دەکەم، دەتوانی بڵێی ئێرانە وەک ناوەندی ئەستەمبۆڵ وایە.

– مەبەستت چییە، دەتوانی بڵێی ئێرانە وەک ناوەندی ئەستەمبۆڵ وایە!

وەڵامم دایەوە:

– واتە، ئەمە........ خەڵکی وا دەڵێن...

لە کاتی ڕۆیشتنەکەدا لە پاش دەشتە بێ گژ و گیاکە دوو سێ چیاشمان بڕی تاکو گەیشتینە ناوچەیەکی وشک و برینگ. هەرکە پێمان لە بەردێک دەنا دەخزی لەژێر پێ دەردەپەڕی.

ئافرەتێکی قەڵەو داوای کرد:

– توخوا بە کەمێک لەژێر ئەم تۆزە سێبەرە پشوویەک بدەین؟.

ئەو شوێنەی کە ژنە قەڵەوەکە ئاماژەی پێ کرد، دەکەوتە بەرامبەر تاشەبەردێکی سوورهەڵگەڕاو لە گەرمان ئاگری لێ دەباری، بەجۆرێ هێلکەت لەسەر دانابا بە دوو خولەک دەبرژا و ئەگەر ماسیی لەسەر دانابا وشک هەڵدەگەڕا.

لەو کاتەدا خەسووم هاتە ناو مەوزووعەکە:

– دەی خێراکەن با بەسەلامەتی بگەینە ماڵەکانمان.

ئەوەندە شـەیدا و عـەودالّی ئەو خـانووەی کـە گـوایە دەبین بـەخـاوەنی بووبووین، بەڕادەیەک خـەسـووم وشـەی مـاڵەکـەمـانی دووبارە دەکـردەوە هەرچەندە هێشتا نەشمانبینیبوو. وەک دیدەوان و گەڕۆکەکان لەو زەوییە وشک و برینگە درێژەمان بە گەشتەکە دا.

کوڕەکەم کەوتە ئاخ و ئۆف و گوتی:

– بابە، هیلاک بووم.

برا گەورەکەی لە دەمی دایەوە:

– وسبە کوڕە، گوێت لێ نییە دەڵێن خانووەکان لە ڕۆخ دەریان، هەر کاتێ گەیشتین، بۆ خۆمان مەلەش دەکەین.

پاش کەمێکی تر دیسان بەبێزاری دەستی پێ کرد:

– بابە، تینوومە.

یەکێ لە یاوەران وەڵامی دایەوە:

– دان بە خـۆتدا بگرە، کـەمـێکی تر دەگـەینە جێ، لەوێ ئاو وەک سـەهۆڵ وایە.

نەفەرەکانی گرووپەکەی ئێمە تا دەهات وەک گەڵای دار دانە دانە دەکەوتنە خوارەوە، کوڕە بچووکەکەم بەباوەشەوە بوو، کاتێ کچەکەم گوتی:

– چیی تر ناتوانم بڕۆم.

خەسووم لێی خوڕییەوە:

– کچێ چۆن، دەتوانین لەم شوێنە شاخاوییە بە تەنیا بەجێت بهێڵین، خۆ گورگ و تەیروتوار ونجڕونجڕت دەکەن.

یەکێ لە نەفەرەکان وەڵامی دایەوە:

– خۆت سەخڵەت مەکە پووری، چونکە گورگ لەم شوێنە گەرمانە ناژیت. گەر گیانەوەر هەبێ تەنیا پڵینگە.

دوای ئەوەی دەشت و چۆڵەکانمان بڕی گەیشتینە چیایەکی ڕووت بەڵام چۆن چیایەک تەنانەت ئەوانەی بەشاخیش هەڵدەگەڕێن بڕی تێدا ناکەن. داخی دڵی خۆم بەخێزانەکەم دەرکرد:

– کوڕە ئاخر چۆن دەکرێ بە خاووخێزان بێی بۆ ئێرانە، تەماشاکەن هەرکەسە و بە تەنیا هاتووە، تەنیا ئێمە نەبێ، دەڵێی هاتووین بۆ سەیران.

ژنەکەم بەقسە دەستی کرد بە ڕازاندنەوەی ڕێگەی خانووەکانی کە گوایە دەبێتە موڵکی ئێمە:

– ڕاستە شوێنەکە کەمێک بەرزە، بەڵام قەیدی ناکا ئاوا باشترە، بەسەرکەوتن و دابەزین قەت قەڵەو نابین و پێستەشمان چرچ و لۆچ نابێ.

هەموو لە بناری چیاکە بوون، دەستم کرد بەهەڵگرتنی منداڵەکان سەرکەوتین بەسەر چیا، ئەوەی لە کۆڵم کردبوو و ئەوەی لە ئامێزم گرتبوو و ئەوەی بە کەلاکەم خۆی شۆڕ کردبووەوە. کاتێ گەیشتینە لووتکەی چیا، کابرای خاوەن پرۆژەکە خۆی لەبارییەک کێشایەوە و گوتی:

– فەرموون، ئەوە گەیشتین.

یەکێ لە موشتەرییەکان لە خۆشییاندا:

– ئای...!!! لەم شوێنە کە نزیکە.

لەپی دەستم وەک چەتر لێ کرد خستمە سەر چاوم تاکو لە شوێنی ئیشارەت پێکراو بنوارم، کەچی هیچم نەبینی. ئەوانی تریش بەهەمان شێوە، وا مەزندە دەکەم کە موشتەرییەکانی تریش هیچیان نەبینیبێ. یەکێک لە پیرە بەتەمەنەکان کە لەگەڵم دابوو وتی:

– بەڕاستی شوێنێکی جوانە.

ژنە قەڵەوەکە وەڵامی دایەوە:

– زۆر جوانە.

هەر هەموومان لە باسی جوانیی دەڤەرەکە دەدواین، بێجگە لە کچەکەم و

دوو براکەی.

کچەکەم وتی:

- ئەی کوانێ باڵەخانەکان؟.

- بۆی هەیە کاتێ ئەم چیایە دەبڕین بێتە بەرچاو.

کوڕەکەم وتی:

- ئەی دەریا لە کوێیە بابە؟.

- کوڕە کوڕی خۆم چۆن دەریا لەسەر لووتکەی چیا دەبێت؟. با جارێ دابەزینە خوارەوە ئەوجا دەگەینە دەریا.

دەرپەڕی، لە کوێ کەس نازانێ، کاتێ ئەو ناوچەیەمان بڕی گەیشتینە کۆمەڵە بەردێک، لە ناکاو دوو پیاومان لێ بەپیرمان هاتن، لای ڕاستی کۆمەڵە بەردەکە، کەمێک خۆڵی لێ بوو هەروەها شوێنێکی بچووکی هەڵکەنراو. یەکێ لە یاوەرەکانی خاوەن پرۆژەکە پێمانی گوت:

- ئا ئەمەیە شوێنەکە.

پێم گوت:

- شوێنەکە جوانە، بەڵام ئەی کوانێ باڵەخانەکان؟.

لەسەر کۆمەڵە خۆڵەکە وەستا، دەستی درێژ کرد.

- ئێرەیە، گەورەم ئا ئەمە دەرگەیە، دەرگەیەکیش لە دواوە هەیە، لە هەر نهۆمێ سێ ئەپارتمانی تێدایە، ئێرانە ژووری خەوە، ئەوێش ژوورێکی تر، مەتبەخێک، ژوورێکی بیست مەتری و دانەیەکی سی و پێنج مەتری.

ئەوجا ئاوڕی لێ دامەوە:

- ئێوە حەزتان لە نهۆمی چوارەمە، وانییە؟.

دەستی بەرز کردەوە، ئیشارەتی بۆ سەرەوە کرد!

- ئا ئێرە شوێنی ئەپارتمانەکەی ئێوەیە، ئێرە حەمامە، ساڵۆن پان و

بەرینە، لە کاتی پێوست وەک ژووری میوان بەکار دێ، دوو بەدوو مەتر و نیوە.

ئینجا بۆ هەمووان کەوتە باسکردن:

– ئەم باڵەخانەیە، لە پازدە ئەپارتمان پێکهاتووە.

هەموو بەنیگا دوای ئیشارەتی پەنجەی کابرا دەکەوتین.

– لە سەرجەمی پازدە ئەپارتمانەکە، یازدە ئەپارتمانی لێ فرۆشراوە.

هەمدیسان دوای ئیشارەتی پەنجەی شایەتمانەی کابرا کەوتین، کاتێ لە هەوا دەیجووڵاند هەروەک بڵێی دوای فڕینی مێش کەوتبین لە هەوا.

کەسمان باڵەخانەی لێوە دیار نەبوو، وا پێ دەچوو تەنیا خۆی ئەم باڵەخانەی دەهاتە بەرچاو.

– تەنیا یەکێک لەو ئەپارتمانانە لە سێ ژوور پێکهاتووە، هەرچی ئەوانی ترە گشتی لە چوار ژوور پێکهاتووە... هەروەک دەبینن کەرەستەی بیناسازیی چاکمان بەکار هێناوە، بەشێوەیەکی پتەو بنیات نراوە.

لەبەرئەوەی موشتەرییەکان هێندە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بێزار بوون، بۆیە تەنانەت ورتە چییە لە دەمیان نەهات. پێم گوت:

– وامان زانی باڵەخانەکان تەواو بووە؟.

کابرای خاوەن پڕۆژەی خانووە دروستنەکراوەکان وەڵامی دایەوە:

– لە کوێ بێنم، گەورەم، ئەگەر باڵەخانەکە تەواو بووایە، چۆن تا ئێستا چوار ئەپارتمانی شاغرمان دەمایەوە.

گشت موشتەرییەکان لۆمەی منیان کرد، هەروەک بڵێی ئەو خانووانەی کە بە نیازن بیکڕن وا لە بەردەستدایە.

– ئەدی کوانێ ئەو پانتاییەکە؟.

– ئۆهۆ!.. ماشەڵا کە بێ سەبری، خۆ داوای ئەپارتمانی کۆمپلێتمان لێ دەکا.

لێم پرسی:

– له ڕێکلامەکە نووسیبووتان کەوا وێستگەی شەمەندەفەر دوو خولەک لە باڵەخانەکە دووره ئەی کوا ئەو وێستگەیه؟.

خاوەنی پرۆژه گوتی:

– ئەمە پابەنده به هێزی لاقەکانت، ئەگەر هاتوو بەخێرا ڕابکەی ئەوا ماوەکە کەم دەبێتەوه. ئا ئەوەیه وێستگەکە.

کابرا قسەی دەکرد و بەدەستیش بۆ شوێنێکی نادیار ئیشارەتی دەکرد.

لێرەدا پێم گوت:

– کەواتە شەمەندەفەرەکە بە پێش باڵەخانەکە تێ دەپەڕێ، یان دەتوانین بڵێین شتێکی لەو بابەته.

– باڵەخانەکە لە وێستگەکە نزیکتره وەک لە شەمەندەفەر.

یەکێ له پیرەکان قسەکانی بڕی:

– دیمەنەکان!

یەکێک لە موشتەرییەکان:

– ئای... کە نزیکه.

لەپی دەستم وەک چەتر لێ کرد و خستمه سەر چاوەکانم و تەماشای ئەو ئاراستەیەم کرد کە ئیشارەی پێ کرد، کەچی هەر هیچم نەبینی، ئەوانی تریش بەهەمان شێوه وەکو منیان کرد، باوەڕ ناکەم کەس هیچی بینیبێ. بەڵام یەکێ لە بەتەمەنەکان وتی:

– بە...باه... بەڕاستی شوێنێکی دڵڕفێنه...

خاوەن پرۆژەکە، هەڵی دایەوه و گوتی:

– ئەمە جارێ هەر هیچ نییە، جوانیی دیمەن لێرانه ئەوەیه کاتێ کە شەو دادێ لەبەر تیشکی مانگەشەو

یەکێ لە موشتەرییەکان وەڵامی دایەوە:

- ئاشکرایە، شک لەوەدا نییە.

لەو کاتەدا کوڕەکەم لە تینوواندا هاواری دەکرد، لە کابرای خاوەن پڕۆژەم پرسی:

- لە ڕێکلامەکەی ئێوە هاتووە، کە ئێرانە ئاوی زۆرە.

خاوەن پڕۆژەکە داوای کرد لە یەکێک لەو دوو پیاوانەی کە لە سەرەتا بەپیرمانەوە هاتن:

- ئا دەی، برۆ ئاویان بۆ بهێنە.

کابرا بەڕاکردن چوو، بەهۆی گوریس و خریلەکەی سەر بیرەکە دەولکەکەی لە بیرەکە شۆڕ کردەوە.

یەکێکیان گوتی:

- ئاو نییە بگاتە ئەم ئاوە. هەر کەس بۆی هەیە بیر هەڵکەنێ، دوای هەڵکەندنی پەنجا شەست مەترێک دەگاتە ئاو، بەڵام چ ئاوێک دەڵێی زوڵاڵە، قەڵەوت ناکات، خواردن هەرس دەکا ئەمە ئاو نییە دەتوانی بڵێی ئاوی زمزمە، یارمەتیی پاککردنەوەی لەش لە قوم و پیسی دەکا.

لە کاتی ئەم قسە و باسانەدا، یەکێک لە کرێکارەکان گوریسی شۆڕ دەکردەوە ناو بیرەکە، بەسەر هاوڕێکەی نەڕاندی:

- کوڕە برۆ گوریسێ بێنە.

هاوڕێکەی بەغاردان چوو پێچێک گوریسی تری هێنا و لە گوریسی دەولکەکەی گرێ دا، تاکو کابرای سەر بیرەکە جارێکی تر شۆڕی کردەوە و گوتی:

- ئاستی ئاوەکە دابەزیوە، هەستە پارچە گوریسێکی تر بێنە.

کابرا ڕۆیشت، پێچێکی تر گوریسی هاورد. لەگەڵ گوریسەکانی تری گرێ دا.

کابرای سەر بیرەکە درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی:

– لێرە تەنگژەی کەم ئاوی نییە وەکو شار، هەر ئەوەندە بەسە ترومپەیەکی کارەبایی دابنێ، ئیتر ئاوێکی زۆر و زەبەنت دەست دەکەوێ.

لە تاو تینوویێتی گشتمان دەوری بیرەکەمان دابوو. لە عەینی کاتدا کابرای سەر بیرەکە بەبێزارییەوە دەیبۆڵاند:

– کورە ئاخر ئەم ئاوە بۆ کوێ ڕای کرد، دەی برۆ هێشتا گوریسم بۆ بێنە.

کابرا هاتەوە پێچێک گوریسی تری هێنا، لەو کاتەدا یەکێ لە موشتەرییەکان گوتی:

– لە تەنگژەی کەم ئاوی لە شار زۆر دانمان بەخۆ گرت، خۆشبەختانە لێرە گرفتی کەم ئاویی نییە، بەس خوا بکا گرفتی کەم گوریسی نەیەتە ڕێمان. بۆیە دەبێ برێکی زۆر پێچە گوریس دابین بکەین.

یەکێک لەولاوە گوتی:

– واتە لێرە گرفت نییە، ئەگەر هەشبێ ئەوا کێشەی کەم گوریسی دەبێ.

هەرچی کابرای سەر بیرەکە بوو هەمدیسان بە نارەزاییەوە گوتی:

– ئۆهۆ... ئەم بیرە لەعنەتییە دەڵێی بنی کونە... ئادەی کورە برۆ پێچە گوریسێکی ترم بۆ بێنە.

پێچە گوریسێکی تری بۆ هاورد لەوانی تری گرێ دا و شۆڕی ناو بیرەکەی کردەوە.

لەو کاتەدا لە بنی بیرەکە دەنگی بەرکەوتنی دوو شتمان گوێ لێ بوو، خاوەنی پرۆژەکە گوتی:

– خۆ گوێتان لە دەنگەکە بوو، بەس چۆن دەنگێک، دەنگی ئاوی نایابە، ئەی چۆن لێرە ئاوایە.

کابرای سەر بیرەکە دەستی کرد بەراکێشانی دەولکەکە لە بیرەکەدا، لە بەر گرانایی گوریس و دەولکەکە، ماندوو بوو بۆیە نۆرەی برادەرەکەی هات، لەو

کاتەدا کوڕەکەم لەسەر داواکردنی ئاو سوور بوو.

بە کوڕەکەم گوت:

- دان بە خۆتدا بگرە، ئەها وا ئاو لە بیرەکە دەردەهێنیٚ.

دیاربوو کابرای سەر بیرەکە ئەویش بەهۆی ڕاکێشانی گوریس و دەولکەکە هیلاک بوو. هەمدیسان نۆرەی برادەرەکەی هاتەوە. لە پاشاندا سەتڵەکەی لە بیرەکە ڕاکێشا بەڵام کاتیٚ دەری هێنا بەتاڵ بوو، ئەوجا کەوتە بنج و بیانوو:

- ئۆف... پیٚ دەچیٚ سەتڵەکە کون بیٚ، لە کاتی ڕاکێشانی گوریسەکە هەمووی بەتاڵ بووە.

نەدەکرا بڵێن سەتڵەکە بەتەواوی بەتاڵە. بۆیە ژنە قەڵەوەکە سەری خستە ناو دەولکەکە، بەستەزمانە لە تاو تینوێتی دەسووتا، بەجۆریٚ ئێمە هەموو گوێمان لە دەنگی هەڵقوڕاندنی ئاوەکە دەبوو کاتیٚ بە گەروویدا دەچووە خواریٚ. دوای ئەو یەکیٚ لە نەفەرەکان سەری بەدەولکەکە نووساند، پاش ئەویش هەریەک لە ئێمە بەهەمان کردار هەستا. وە هەر کەسەی لێی دەخواردەوە دەیگوت:

- ئۆخەی دەڵێی شەکرە، پیرۆزە وەک سەهۆڵ وایە، سیٚ جار دەولکەکەی بۆ ناو بیرەکە شۆڕ کردەوە لە دواییدا نۆرەی منیش بۆ ئاوخواردنەوە هات. ناکریٚ وەک ئاو لە قەڵەم بدەریٚ بە بەراوردکردن لەگەڵ ئاو، دەکریٚ بڵێن وەک (خۆی ئینگلیزی)یە، یان زەیتی (گەنە گەرچەک)ە، یان ئاوی (لیمۆ)یە، لە ڕاستیدا لەو بیرە ئاوی ڕاستەقینە نەبوو، هەیە و نییە شلەیەکی ڕەنگ قاوەیی تەڵخە، لەگەڵ پاشماوەی قوڕ و لیتە، هەر بۆیە بە ئاشکرا پاشماوەی قوڕاوەکە بەلادەمی گشت لەوانەی کە خواردییانەوە. دیاربوو:

بەلەپی دەستم قوڕاوەکەم لە دەمم سڕییەوە و گوتم:

- براکەم ئەمە نەک هەر ئاوە بەڵکو هەر ژیانە.

لەولاشەوە ژنە قەڵەوەکە گوتی:

– لە ڕێکلامەکەتاندا نووسیبووتان کە ناوچەکە ئاوەدانە.

کابرای خاوەن پڕۆژە بەرپەرچی دایەوە.

– ئەی چۆن ئاوەدان نییە... بۆ نابینی؟ ئەی ئەو کرێکارانە چین لێرە، ئیشارەتی بۆ خیوەتی کرێکارەکان کرد.

– ئەدی کوانێ ڕێگە قیرتاوەکە کە لە وێنەکەدا هەیە؟

– کاتێ لێرە دادەبەزنە خوارەوە، بێگومان ڕیگەکە بەچاوی خۆتان دەبینن، وە دەیگەنێ، کاتێ کاری بیناسازی تەواو بێ.

یەکێ لەوانەی جەرگی بەدەس گرفتی بێ خانوویی و کرێچێتی سووتابوو وەک بەرگریکردن لە قسەکان خاوەن پڕۆژە گوتی:

– جا ڕێگەی قیرتاو بۆ چییە، ماشاڵڵا هەموو دەوروبەرمان ئاوەدان و خانووبەرەیە.

– ئەدی کوانێ قوتابخانەکە؟.

– قوتابخانەکەتان لە پشت ئەو گردە بچووکە بۆ دروست دەکەین و بەلای ڕاستیش مزگەوتێک دروست دەکەین. لە دوای ئەویش نەخۆشخانە...

– گازینۆش دەکەوێتە ئێرە...... بازاڕگەیەکیش لە چەقی گەڕەکەکە دروست دەکرێت.

ژنە قەڵەوەکە لە خۆشییاندا گوتی:

– شتێکی بێ وێنەیە!. هەر ئەوەندە بەسە هاوار بکەی بەسەر کابرای بەقاڵ، ئیدی چیت مەبەستە دێتە بەردەست. کوڕە گەورەکەم لێی پرسیم:

– ئەدی کوانێ دەریا؟.

لە کاتێکدا خەسووشم گوتی!

– ئەی کوا کەناری دەریا؟ چونکە لەی دەریا بۆ نەخۆشیی ڕۆماتیزم بەسوودە.

– پووریٚ گیان ئەم شوێنە بۆ تۆ پڕ بەپێستە.... ئەها دەریا چۆن لێرەوە دیارە. هەموو لەسەر گردۆلکەکە وەستابووین، گشتمان بەهەر چوارلا دەمانڕوانی، کەسێک دەریای نەدیت. ئا لەو کاتەدا کابرای خاوەن پرۆژەکە هاتە ناو مەوزووعەکە:

– دەتوانن لە نهۆمە بەرزەکان دەریا ببینن... سەربانی باڵەخانەکە پانتاییەکی گەورەیە. وە هەریەکێک لە ئێوە سوود لە تەماشاکردنی دەریا دەبینیٚ.

– ناکریٚ لە نهۆمە نزمەکان دەریامان لێوە دیاربیٚ.

– دەتوانن، چونکە دەریای مەڕمەڕە دەکەوێتە ژێر پێتانەوە. تەنانەت ئەگەر مەبەستتان بیٚ، ئا لێرانە، سەیرکەن چۆن دەریا گەمارۆی داوین. ژنە قەڵەوەکە گوتی:

– وەیش خەریکە دەبوورێمەوە، بەڕاستی دیمەنی دەریا جوانە. لەو کاتەدا نەفەرێکی عەینەک لە چاو، هەروەک بڵێی بێجگە لە دەریا ئیدی هەموو شتێکی بینیبیٚ:

– من دەریا نابینم.

خاوەن پرۆژەکە بەرپەرچی دایەوە.

– پێویستت بەدووربینێکی بچکۆلانە هەیە.

ژنە قەڵەوەکەش گوتی:

– لە کاتی وەرگرتنی خانووەکان دووربینیشمان پیٚ دەدەن؟.

– نەخێر خاتوون، ئەو دووربینانە لەسەر حیسابی خۆتان دەکرن، ئەوەی لەسەر ئێمەیە دابینکردنی وزەی کارەبایە.

– ئەدی کوا وزەی کارەبا؟

– ئەوەی پێویستە کردوومانە، هیچی نەماوە تەنانەت داچەقاندنی عاموود و ڕاکێشانی تەلەکانە، کەواتە کارەکان بەندن بەچەقاندنی عاموودەکان.

هەمــوو بەوە خــۆشــحــاڵ بووین، خــاوەن پرۆژەی بــاڵەخــانەکــە نەخــشــەی هێڵــکاریی عــەقــارەکــانی دەرکرد. لەســەر هــەر بەشــێک نــیشــانەیــەکی ســووری دانابوو و گوتی:

– سەیرکەن، گشت ئەو ئەپارتمانانە فرۆشراون، تەنیا ئەم چەند ئەپارتمانە ماوە، ئادەی گەر دەتانەوێ هەڵبژێرن، لەوانەی کە جارێ حیجز نەکراوە.

کابرای چاویلکە لە چاو گوتی:

– ئەی کەی ئەم خانووانە حازر دەبێ؟....

– گەورەم خــانووەکان.... ئێســتــا دوازدە هــەزار و پێنج ســەد دەدەی و کــاتێ باڵەخانە بڵند بوو سێ هەزاری تر دەدەی، کاتێ گەیشتە نهۆمی یەکەم حەوتی تر دەدەی، وە کــاتێ دەگــاتــە نــهــۆمی دووەم پێنج هــەزار لــیرەی تر دەدەی، کــاتێ دەگــاتە نــهــۆمی ســێــیــەم دە هــەزار لــیــرەی تــر دەدەی وە کــاتــێ دەگــاتــە نــهــۆمی چوارەم پێنج هـەزار لیرەی تر دەدەی، ئەوەی کـە دەمێنێتەوە دەکرێت بەقـیستـی مانگانە بۆ ماوەی هەشت ساڵ.

– هانێ کورە بگرە ئەم وەسڵانە، ئەمانە تایبەتن بەوەرگرتنی دوازدە هەزار لــیرە، بیدە بەو بەرێزانە. ژنە قــەڵەوەکە گوتــی، بەس ئێوە لە ڕێکلامــەکە واتان نەگووتبوو، لەو کاتەدا کابرای چاو بە عەینەک قسەکەی پێ بڕی:

– لە ڕێکلامەکەدا هاتبوو، دوازدە هەزار پێشینە و باقییەکەی بەقیست.

– ئێــمــەش هــەر وا دەڵێین، کــاتێ کــاری هــەڵقــەناندن تەواو دەبێ پێنج... لە کاتی تەواوبوونی..... بەم جۆرە هەمووی بەقیستە.

وەختێ کــابرای خــاوەن پرۆژە داوای قــیســتــەکەی بە کــاش لێ کــردین، زۆر نــارەحــەت بووین، ئێــمــەیەک لە دەســت کــرێچــیــێــتی، دڵمــان زۆر بەو خــانووە خەیاڵییانە خۆش بوو کە هێشتا دەستی پێ نەکراوە.

یەکێک لە موشتەرییەکان گوتی:

– نە دیمەن و نە تەرەماش هەیە لەم دەوروبەرە.

لە هەمان کاتدا ژنە قەڵەوەکە گوتی:

– باشە ئەوە وازمان لە دیمەنەکان هێنا، ئەی کوا دەریا و کوانێ ڕێگە؟.

یەکێکی تر هەڵی دایەوە:

– نە ئاو و نە کارەبا.. هەی... ئێرە هێچی لێ نییە.

بە کابرای خاوەن پرۆژەم گوت:

براکەم ئاخر خانووەکانیش وجوودیان نییە، ئەگەر هەبایە هێشتا ئەهوەنتر بوو.

هەموو پێکڕا بە پێ بەرەو شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبێلەکان بەڕێ کەوتین، لە ڕێگە لەبارەی نەشیاویی ئەم جێگەیە بۆ نیشتەجێبوون قسە و باسمان دەکرد. جەرگمان بڕا هەتا گەیشتینە شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبێلەکان، یەکێ لە شوفێرەکان توانای چاوەڕوانیی نەمابوو، ڕۆیشتبوو.

هەموومان لە سەریەک کەڵەکە بووین و خزاینە ناو دوو ئۆتۆمبێل. لە نیوەی شەودا گەیشتینە ناوشار.

بۆ ڕۆژی دوایی چووین بۆ (خانووەکانی سەد هەزار) کە ڕێکلامی لە یەکێ لە ڕۆژنامەکان بۆ کرابوو. دەرکەوت ئەویش لەوەی لەمەڕ خۆمان خراپترە...

وا ئێستا پارە لە گیرفان و سێ دانە مانگە بە شوێن خانوو دەگەڕێین. دوێنێ ئێوارێ بە ژنەکەم گوت:

– چەند پارەمان ماوە؟.

ژنەکەم ئەوەی لە دوازدە هەزارەکە مابوو، ژمارد و گوتی:

– هەزار و سێ سەد و هەشتا لیرە.

ئیمڕۆ زەوقم بە مەشرووب نەبێ، بەهیچ شتێک نایەتەوە جێ:

– ئادەی هەستە بنێرە با قاپێک ئارەقمان بۆ بێ... سفرەشمان بۆ بڕازێنەوە، پێویستم بەخواردنەوە هەیە.

لەولاوە ژنەکەم کە بە حەیاتی دەمی لە مەشرووب نەداوە:

– منیش دەخۆمەوە.

تەنانەت خەسووم کە بەدایم دەڵێ ئەوەی مەشرووب بخوا بەئاگری جەهەننەم دەسووتێ. گوتی:

– با منیش پێکێک لەگەڵ ئێوە هەڵدەم، دەڵێن گوایە بۆ سەرئێشە باشە.

ئەپارتمانە کۆنەکان بۆ فرۆشتن دانراوە، وا ئێمەش هێشتا خانوومان دەست نەکەوتووە، تاکو بمانگرێتە خۆی. ئەو سولفەی وەک پێشینەی ساڵێکم وەرگرتبوو گشتیم خەرج کرد. واتە دەبێ بۆ ماوەی یەک دانە ساڵ بێ مووچە کار بکەم. دان بەخۆت بگرە گەر دەتوانی.

ئارەق و سەهۆڵ لەسەر مێزەکە دانرا:

– خوشک و برایانی بەڕێز لە چاوی ئێوە... نۆش.

# گەورەترین دوو نووسەری دنیا

کەم یان زۆر ئاشنایەتیم لەگەڵ هەردوو گەورەترین دوو نووسەری دنیا هەیە، یەکێکیان هی لای خۆمانە و زۆر دەمێکە دەیناسم، لای بەرایی توانی خۆی بەوە ئیقناع بکا، کە ئەو گەورەترین نووسەرە لە گێتی، پاشان ئەوجا ئێمەشی هاوردە سەر ئەم قەناعەتە. ئەوەش لە ڕێگەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردن وەک نووسەرانی تر، لەوانە وەک مەی نۆشکردن و دەمدەمێتی و نەرجسیەتی و خێرا هەڵچوون. سەبارەت بە خەڵکی سادە ئاسانە بیانهێنیتە ڕەزامەندی، بەڵام ڕازیکردنی نووسەران بەم کارە مەحاڵە، چونکە هەریەکیان وا لە خۆی دەگا کە ئەو هەرە باشەکەیە لە دنیا.

لەبەرئەوەی زۆرینەیان ناتوانن ئەم هەستە دەربڕن، بۆیە دەکەونە گرتنەبەری شێوازی تر وەک خراپەکاری و ناوزڕاندنی گەورەترین نووسەری دنیا، بۆ گەیشتن بەئامانجی ناوزەدکردن و شوهرەت.

بەپێی قەناعەتی خۆم لەم بابەتە، نووسەرەکەی لەمەڕ خۆشمان لە نووسەرە هەرە باشەکەی دنیا خراپتر نییە، تەنانەت لە زۆرێکیان باشترە. ئاساییە نووسەر لەم بارودۆخەدا لەلایەن نووسەرانی ترەوە بکەوێتە بەر تیری غیرە و حەسادەت و چاوپێهەڵنەهاتن. بەڵام لەبەرئەوەی توانیبووی خودی خۆی بهێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەو باشترین نووسەرە لە عالەم بەڕادەیەک پێی وابوو کە گشت نووسەران بەغیلیی پێ دەبەن.

هەرچی نووسەرەکەی ترە، خەڵکی وڵاتێکی ترە، لە ڕاستیدا ئەوهاش باشە، چونکە ئاستەمە و ناکرێ گەورەترین دوو نووسەری دنیا لە هەمان وڵات بێ، ئەمە کارێکی مەحاڵە چونکە بەجووتە لە یەک ژینگە و لە یەک زەمەن پێکەوە هەڵناکەن، یان هەر نەبێ یەکێکیان نابێتە گەورەترین نووسەر لە دنیادا.

ئێمە خۆمان سێ نووسەر بووین کە بانگهێشتن کرابووین بۆ سەردانی وڵاتی ئەو نووسەرەی گوایە هەرە باشە لە عالەم، بۆ ئامادەبوون لە کۆڕی بەیەکگەیشتنی نووسەرانی گێتی، سەفەرمان کرد. هەریەکەمان بە نیاز بوو ببێ بەمەزنترین نووسەر لە دنیا. لەو بەیەکگەشتنە جیهانییە حەشاماتێکی زۆر لە نووسەرانی گەلانی جۆراوجۆر کۆ بووبوونەوە.

یەکەمین جارە ئامادەی کۆڕی گەورەنووسەرانی عالەم دەبم، هەروەها ئەمە یەکەمین بەشداریی خۆم هی هەردوو هاوڕێکەشمە. دوو نووسەری گەنج بووین، هەروەک هەموو نووسەرانی تر هەستمان دەکرد کە ئێمە گەورەترین نووسەرین لە دنیا، بەڵام ئەمەمان وەک نهێنییەک لە ناخماندا دەپاراست، بەجۆرێک نەماندەوێرا خودی خۆمانی پێ ئیقناع بکەین. نازانم برادەرەکەم چۆن ڕەفتاری دەکرد بەڵام من هەوڵ و تەقەلام دەدا چاوەدێریی وردەکاریی ڕەفتاری گەورەنووسەران بکەم، وەک کۆششێک بۆ فێربوون تاکو بزانم لە داهاتوودا دەبێ چۆن چۆنی ڕەفتار بکەم. من کە هەنووکە نەتوانم بوونم بسەلمێنم، ئەی باشە بۆچی لە ئێستاوە، بۆ خۆڕاهێنان، خۆم کۆک و تەیار نەدەم. جارێ با واز لەم بابەتە بهێنین، بەپێی بۆچوونەکانی من، نووسەری سێیەممان کە لە پێشانگەی کتێبی جیهانی بەشداریی لەگەڵدا کردین، لەگەڵ ئەوەیدا خۆی بەباشترین نووسەر لە دنیا دەزانێ، بەڵام هەروەک زۆر لە باقیی نووسەرانی لێنەهاتوو، فاشیل و بێ بایەخە لە دنیا. من و هەردوو هاوڕێکەم بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان، نەمانتوانی جیهانێتیی خۆمان لەم کۆڕەدا دەربخەین، ڕەنگە هۆیەکەی شەرمکردن بێ، یان سادە و ساکاریی گەنجێتی بێ. بەم شێوەیە نووسەری لەمەڕ خۆمان (هەرە باش لە دنیا) هەقی خۆیەتی دایم لە پێشڕەودا بێ، جگە لەوەش ئێمە بە گشت توانایەک هەوڵمان دەدا کە بە بەردەوامی لە پێشەوەدا بێ. چونکە ئێمە لە قوتابخانە و خزمەتی سەربازی فێری ئەوە بووین کە هەموو کات باڵابەرز و کەتە لە کاتی ڕێپێواندا لە پێشی پێشەوە ڕێ دەکەن. هەر ئەوانیشن بەدایم ئاڵا هەڵدەگرن، دوای ئەوان باڵاکورتەکان وە لە دواییی ڕیزەکەدا کورتەبنە و بوودەڵەکان دێن.

کەسێک نییە بەرهەڵستی ئەم لۆجیکە بکا، سەرەڕای ئەوەی لە (مانیفێستی مافی مرۆڤ)دا هاتووە، تەنانەت لە ڕێککەوتنی (پاریس)یش بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە نێوان بەرزی و نزمیی بەژن و باڵا تێکەڵ بەیەکتر ناکات. بگرە هەموو بنیادەم لەو چرکەیەی کە لەدایک دەبن، بەیەکسان سەیر دەکا.
مەسەلەیەکی تر ماوە ئەویش مەسەلەی لەدایکبوونی ئینسانە کە ئەمەش بوارێکی پان و بەرینی بۆ گفتوگۆ دەهێنێتە کایەوە، ئەوە ڕەچاو دەکا، کە هەموو بنیادەم یەکسانن لەو چرکەی کە دێنە دنیاوە. ئەگینا چۆن دەکرێ یەکسانی لە بەینی منداڵێک کە لەدایک دەبێ و کێشی پێنج شەش کیلۆگرام و درێژی شەست حەفتا سانتیمەتر بێ لەگەڵ یەکێکی تر کە لەدایک دەبێ بەکێشی حەفسەد و پەنجا گرام و درێژی سی چل سانتیمەتر.

بەپێی ئەو گوتەیەی کە لە کۆن لەسەر لێوان بوو (هەموو درێژێک گەمژە و گەلحۆیە وە هەموو کورتێکیش فیتنە و دووزمان)ە. منیش لەو کەسانەم کە قەناعەتم بەوە هەیە گشت درێژێک گەوجە و گشت کورتێک دووزمانە.

گەوجێتیی درێژەکان، ئینجا چ عەسکەر بن یان سڤیل، ڕوون و ئاشکرایە لە کاتی ڕێپێوانەکاندا شانازی بەوە دەکەن بەوەی کە لە پێشەوەی خۆپێشاندانەکاندان. هەموو ڕێپێوانەکان بەوان دێتە پاراستن. ڕۆیشتن لە پێشی پێشەوە واتە ڕووبەڕووبوونەوەی خەتەر پێش سەرجەم خەڵکانی تر.

هەرچی کورتەباڵاکانن بە حوکمی ئەوەی لە ڕیزی دواوەن بە بەردەوامی چاوەدێریی ئەوانەی پێش خۆیان دەکەن، سەیر دەکەی بەناچاری دەمەتەقێ دەکەن و تەعلیق و تیروتوانج دەوەشێنن، واتە ئەمانە بە مەجبووری خۆیان لە مەوقیعی فیتنە دەبینن. ئەمە چۆن بۆ درێژەکان دەڕەخسێ لە کاتێکدا کە ئەوان لە ڕیزی پێشەوەن.

ئەدی سەبارەت بە باڵا مام ناوەندییەکان چی؟ بێ شک ئەوانە هەر لە هەمان کاتدا بەشی خۆیان لە گەلحۆیی و فیتنەیی وەرگرتووە. باشە، باڵای بەرز و بەژنی کورت هەردووکیان هەستی بینینیان هەیە بەڵام مەسەلەی درێژی و کورتی ئەوەیان مەسەلەیەکی ڕێژەییە، هەر بۆ نموونە درێژێک لەناو

بودەڵان لە چاو ڕەشپێستە ( سەنیگال)ییەکان وەک و فەرخەیەکی بچکۆلانە دێتە بەرچاو.

هەرچۆنێک بێ نووسەرە جیهانییەکەی لەمەڕ خۆمان نەک هەر بەنووسینەکانی جیهانییە بگرە نووسەرێکی جیهانییە بە درێژی و کەتەیی لەش و دەنگێکی گونجاو لەگەڵ سەر و شەوکەتی و قورسیی کێشی و هەراوهۆسەی، کە هەرچەندە بەغیلیمان پێ دەبرد بەڵام لە عەینی کاتدا شانازیمان پێ دەکرد.

بۆیە پێویست بوو لە پێشەوەی کەژاوەی ئێمە بێ بۆ ئامادەبوون لە کۆڕی بەیەکگەیشتنی نووسەرانی دنیا، هەر لە دوای ئەم برادەرە نووسەرە بێ بەهرەکەمان دەهات و مەوقیعی دواوەش لە بەشی من بوو.

لە کاتی سەردانی پایەتەختی ئەو وڵاتەی کە بۆی بانگهێشتن کرابووین، زانیمان کەوا نووسەرێکی جیهانی وەک ئەوەی لەمەڕ خۆمانی لێیە، هەروەها پێیان گوتین کە ئەم نووسەرە نووسینەکانی لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانی نووسیوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بە تەمەن لە نووسەرە جیهانییەکەی ئێمە گەورەترە.

بەڵام ئەگەر مەسەلەی تەمەن وەلا نێین، دەمانزانی کە کامیان نووسەری هەرە گەورەن لە دنیا.

بەڵکو زۆر بەبایەخ و دڵەڕاوکێ چاوەنواڕی ئەم ژوانەمان دەکرد. چونکە ئەم ژوانە بڕیاری ئێمە دیاری دەکا سەبارەت بەوەی کامیان جیهانیترە و مەزنترینە لە عالەم.

هەموو شت بڕایەوە، گشتی وەک چاوەڕوانکراو کۆتاییی پێ هات، وە لە بەرچاوی ئێمە دیمانەکە ئەنجام درا، بەڵام نەک وەک دوو گەورەنووسەر بگرە وەک دوو مولاکیمی کێشە گرانەکان لە مەیدانی مولاکەمەوە یاخۆ وەک دوو گەورەزۆرانباز لە مەیدانی زۆرانبازیدا. دیمانەکەیان کتومت ئەوها بوو.

خاوەنی ئەو ماڵەی کە دیمانەکەی تێدا کرا خۆی نووسەرە جیهانییەکە بوو،

ماڵەکەی دەکەوێتە نهۆمی دووەمین لە بارەگەی یەکەتی. ژووری دیوەخانەکە فراوان و بێ کەلوپەل بوو، لە ناوەڕاست دابەشکرابوو بە لەوحێکی شووشە کە هەر لە بنمیچەکە تا خوارێ دەهات. من و دوو هاوڕێ نووسەرەکەم و لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەرانی تر لە بەشێکی دیوەخانەکە وەستابووین و هەرچی گەورەنووسەرە جیهانییەکەی ئەوان، لە بەشی دووەمی دیوەخانەکە بوو. ئێمە لە پشت جامخانەکە چاوەدێریی ئەومان دەکرد، هەروەها چاوەنواڕی گەورەنووسەرە جیهانییەکەی خۆمان دەکرد، لە هەمان کاتدا ئەو گەورەنووسەرە جیهانییەی تر لەسەر قەنەفەیەکی زلی پێست دانیشتبوو، لە چاوان بزر بوو دووکەڵی بەبا دەدا. لەو بەشەی کە ئێمە تێدا بووین کۆمەڵێ نووسەر کە هەریەکێکیان بە هەوەسی خۆی خەریکی قسەکردن بوو، هەرچی من و دوو برادەرەکەم و کچە وەرگێڕەکەمان و کچە ڕێنیشاندەرەکەمان لە ئامادەباشیدا بووین بۆ و خۆمان تەیار دابوو لە پشت جامخانەکە بۆ چرکەساتی بەیەگەیشتنی گەورەترین دوو نووسەری دنیا.

خۆشحاڵ بووم بەوەی کە نووسەرەکەی ئێمە لە ژوانەکە دواکەوت چونکە ئەم کارە بە خاڵێک لە بەرژەوەندیی نووسەرەکەی ئێمە لە قەڵەم دەدرێت. هەرچی نووسەرەکەی ئەوانە وەک مولاکیم ئاسا لە گۆشەیەکی مەیدانی بۆکسێن لەوپەڕی ئامادەکاریدا بوو بۆ بەگژداچوون.

دوای چەند چرکەیەک عەرزە دارەکەی دیوەخانەکە دەنگی قرچەقرچی لێ هەڵسا و هەموو ئەو شتانەی سەر مێزەکەی بەردەممان کەوتە لەرزین، ئەمە واتای هاتنە ژوورەوەی نووسەرەکەی ئێمە بۆ دیوەخانەکە دەگەیەنێ. کاتێ ئاوڕم لە دەرگەکە دایەوە بەڕاستی بینیم وا نووسەرەکەی خۆمان دێتە ژوورەوە، کۆکی بەڵام چۆن کۆکینێک گشت شووشەی جامەکانی هێنایە هەژاندن. ئەم کۆکەیە بەمەبەستی کۆکین نەبوون، بەڵکو تاکو پەیامی گەیشتنە جێی خۆی ڕابگەیەنێ. ڕێک چووە ئەو بەشە دیوەخانەکەی کە نووسەرە گەورەکەی ئەوانی لێ بوو، وەرگێڕی لەگەڵدا نەبوو، لە کچە وەرگێڕەکەی خۆمانم پرسیار کرد، لەبارەی ئەو زمانانەی کەوا نووسەرەکەی ئەوان

شـارەزاییی لێ هەیە، لە وەڵامدا گـوتی لە زمـانی زگـماکی دایک بەولاوە هیچ زمـانێکی تر نازانێ. هەروەها بـەشـانـازییـەوە وتی من خـۆم کـەیفم پێـی نایێ. کـاتێ ڕۆمـانە قـەبـەکـانی دەخـوێنیـتـەوە بۆت دەردەکـەوێت کـە تەنانەت زمـانی زگـمـــاکی بنەڕەتی خـــۆی بەچاکی ســـەرەدەری لێ دەرناکـــات. ئـەوەتانێ گەورەنووسـەرە جیهانییەکەی ئێمە لەمەشدا خـاڵێکی تری بەدەست هێنا، نەک لەبەرئەوەی زمانێکی تر نازانێ بەڵکو لەبەر باڵادەستیی لە زانینی زمانی دایک ئەمە ئـەگەر هـاتوو چاوپۆشیی بکەین لە ئاستی زمـانەوانی لە کاتی ئاخـاوتندا. بەبایەخـەوە چاوەدێریی ئەوەم دەکرد کـە ئاخۆ چۆن ئەم دوو نووسـەرە لە یەکتر تێ دەگەن لە کاتێکدا کە هیچ پنتی هاوبەش نییە لە نێوانیاندا.

بەڵام پاشـان خێرا بـۆم دەرکـەوت کە بـایەخدانەکـەم بێـهـوودە بوو، بۆیە وا ئێسـتـا بە زیندوویی ئەوەی لە پشـت جـامـخـانەکە ڕووی دا وەک خـۆی بۆتانی دەگێڕمەوە.

نووسەرەکەی ئێمە کاتێ تـەشریفی هێنا، هـەرچی کەلوپەلی ناو دیوەخـانەکە هـەبـوو کـەوتـە هـاژەهـاژ و لەرینـەوە کـاتێ دەرگـە شـووشـەکـەی کـردەوە وەک ورشـەی ڕەشـەبا و هـەورەتریشـقـە هاتە ژوورەوە، بـۆ مـاوەی چـەند خـولەکـێک باوەشـی کـــردەوە و دەنگی "ئـۆوووو"ی لێ هـەڵســـا ئـەم "ئـۆوووو"ە لە دەنگی ئەفێکتەکانی کە لە شانۆ بەکار دێت دەچوو.

گەورەنووسـەرەکەی ئەوان دانیشـتبـوو، بەجـۆرێ پشـتی لە دەرگـەکـە بوو. کاتێ گوێی لە دەنگی داخستنی دەرگەکە بوو زەندەقی چوو، هـەر بـەدوای ئـەوە ئاوڕی دایـەوە، بینی وا نـووســـەرەکـەی ئـێـمــە بەدەم " ئۆوووو "، باوەشـی بۆ کـردووەتەوە. بۆیە لە جـێی خـۆیدا واقی وڕمـا. وابزانم لەو کـاتەدا بیـری لەوە دەکردەوە کە ئـاخـۆ دەبێ چ بکا. زۆر پێ دەچوو کە بڕیارەکەی وەک ڕەفـتاری ئەو بـێ، چونکە نووســـەرەکـەی ئـەوان هـەســـتـایە ســـەرپێ و کـــتـــومت وەک نووســـەرەکـــەی لەمـــەڕ خـــۆمـــانی کـــرد، وە کـــەوتە گـــوتنـەوەی " ئۆوووو ". هـەردووکیـان بۆ مـاوەی چەند سـاتەوەختـێک بەم شـێوەیە مـانەوە. بەڵام ئاخـۆ تاکەی بە دەم گوتنەوەی " ئۆوووو "وە دەمێننەوە؟...

له ڕاستیدا گشتمان بەبایەخەوە خەریکی ئەم مەسەلەیە بووین. نووسەرەکەی ئێمە هەردوو دەستی وەک دوو باڵی باڵندە لە ملی نووسەرەکەی ئەوانی وەرئاڵاند، ئەویش لەبارێک دابوو کە هاوجووڵەی نووسەرەکەی ئێمەی دەکرد، بەجۆرێک کە ئەویش هەردوو دەستی لە ملی نووسەرەکەی ئێمە گیر کردبوو. بەم جۆرە هەردووکیان بوون بەدوو زۆرانبازی ئامادەساز بۆ جەولەیەک لە زۆرانبازی. دوو گەورەنووسەرەکە هەردووکیان ڕووبەڕووی یەکتر وەستان، لێرەدا دەتوانم بەراورد لە نێوانیاندا بەشێوەیەکی باشتر بکەم. کاتێ نیگا دەکەیتە ورگ و کەمەری ئەم دوو نووسەرە دەبینی ئەو نووسەرەی ئەوان قورستر و چوارشانەترە لە نووسەرەکەی ئێمە بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا نووسەرەکەی خۆمان بە ئەندازەی دوو یان سێ پەنجە لەو درێژتر بوو.

ئەوەی کە لەودیوی جامخانەکەدا ڕووی دەدا، ئێمە لێرە گوێمان لێ دەبوو، وە بەگوێرەی دەنگەکان لەوە دەگەیشتین کەوا خەریکی ماچ و مرچ و هۆڕن، ماچێک لەم گۆنا وە یەکێک لەم گۆنا. وە لەبەرئەوەی نووسەرەکەی ئەوان خۆی خانەخوێ بوو وە بۆ ئەوەی خۆی بە کەم بەهاتر لە نووسەرەکەی ئێمە نەیەتە بەرچاو، بۆیە کەوتە ماچبارانکردنی ڕوومەتی نووسەرەکەی ئێمە.

تا ئەم لەحزەیە ئەوەی کە من بینیم و تێم ڕوانی ناکرێ بە شتێکی نائاسایی لە قەڵەم بدرێ، بەڵام ئەوەی دوای ئەوە کە لە مەیدان ڕووی دا ئەوە ڕاستییەکی نائاساییە یان بڵێ لە ڕادەبەدەرە. نووسەرەکەمان هەردوو دەستە گرێدراوەکەی دەوری ملی نووسەرەکەی ئەوانی بۆ شانی ئینجا بەرەو پشتی شۆڕ کردەوە، ئەوجا باش لێی توند کرد ئینجا بەیەکجار کابرای بەرز کردەوە پاشان چەند جارێ کوتای بە ئەرزەکەدا، لە دواجار یەک قاقای بۆ لێ دا هەموو جامەکانی دیوەخانەکەی هێنایە هەژاندن. نووسەرەکە تووشی کەمێک سەرسوڕمان هات، بەڵام لەدەستدانی کۆنترۆڵی لەشی زیاتر کاری کردە سەری، هەڵوێستەیەکی کرد وەک چۆن بڵێی بیری لە هەنگاوی داهاتوو دەکردەوە. لەو ئان و ساتەدا نووسەرەکەی ئێمە پێی گوت:

"دەی فەرموو ئەوجا نۆرەی تۆ"یە، لێرەدا نووسەرەکەی ئەوان وا تێ گەیشت

کە ئەمە بۆی هەیە شێوەی سەلام و چاک و چۆنی بێ لە وڵاتی نووسەرەکەی ئێمە.

لەبەرئەوەی نووسەرەکەی ئەوان خانەخوێیە بۆیە بەحیسابی خۆی زۆر عەیبە کە وەڵامی سەلامەکەی بەهەمان شێوە نەداتەوە، هەر بۆیە تاکو دەستەپاچە نەیەتە بەرچاو هەردوو دەستی درێژ کرد و خستییە سەر ملی بەئاراستەی پشتی. ئینجا نووسەرە گەورەکەی ئێمەی بەرز کردەوە و بەهەموو هێزی ڕمبەی لێوە هێنا و دای بەئەرزا. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە نووسەرەکەی ئێمە بەتەمەنتر بوو وە لە ئەنجامی هەڵگرتن و بەرزکردنەوەی نووسەرەکەی ئێمە، تووشی هەناسەبڕکێ بوو. وە بەهەمان شێوەی نووسەرەکەی ئێمە دای لە قاقای پێکەنین. لە بەرامبەر ئەمەدا نووسەرەکەی ئێمە هەستا بەهەردوو دەستی شان و پیلی نووسەرەکەی ئەوانی گوشی بەڕادەیەک لەسەر قەنەفەکە کابرای گرمۆڵە کرد. هەر بەهەمان شێواز نووسەرەکەی ئەوان ئەم کارەی لەگەڵ نووسەرەکەی ئێمە دووبارە کردەوە. بەم جۆرە هەردوو گەورەنووسەرەکە ڕووبەڕوو لە بەرامبەر یەکتر دانیشتن. تا ئەم چرکەیە هەموو کارەکان بەشێوەیەکی خۆشەویستی و دۆستانە بەڕێوە دەچوو. دواتر بەمەزەندەی من بۆی هەیە کارەکان بەزمی خۆشتر بێ، بەشێوەیەک کە ئاخۆ چۆن دەتوانن بەبێ ئاخاوتن لە یەکتر تێ بگەن.

هەروەک چۆن سەیری حەوزی ماسی دەکرێ، ئاوا لە پشت جامخانەکە بەپەرۆشەوە چاوەدێریی هەردوو گەورەنووسەری دنیامان دەکرد. بەڕوویێکی گەش نیگایان ئاڵوگۆڕ کرد. ئینجا بە وردی لە یەکتر ڕامان. لەو کاتەدا نووسەرەکەی خۆمان هەستایە سەرپێ و دای لە قاقایەکی مامناوەندی، وە بە شادومانی نوقرچێکی لە ڕوومەتی نووسەرەکەی ئەوانی دا. بۆ ئەوەی هیچ لە قەدر و قیمەتی نووسەرەکەی ئەوان کەمتر نەکا بەهەمان شێوە نوقرچەی بەنوقرچە وەڵام دایەوە.

بەگشتی هەموو دەست پێشخەرییەکان لەلایەن گەورەنووسەرەکەی ئێمەوە دەکرا. بەم جۆرە هەردوو نووسەرەکە ڕێگەچارەیان بۆ لە یەکتر گەیشتن

دۆزییەوە، خۆشی و شادی لە ڕوخساری هەردووکیان بەدی دەکرا. دوای نوقرچە ئاڵوگۆڕکردن، نووسەری گەورەی ئێمە هەستایە سەرپێ دەستێکی بە ڕوومەتی نووسەری ئەوانی داهێنا، ئەوجا بەهەموو هێزی شەپازللەیەکی بەپشتی ملی داکێشا. بەهۆی ئەم شەپازللەیە جەوی خۆشیی نێوانیان وەکو هەڵم پەرش و بڵاو بووەوە. لە ئەنجامی شەپازللەکێشانی نووسەرەکەی ئێمە بەپشت ملی نووسەرە گەورەکەی ئەوان، دیاربوو عەیاری تۆزێک داگرتبوو. هەر بۆیەش شەپازللەکە زۆر بە قورسی دابەزییە سەر ئەستۆی بەجۆرێ ورتە لە دەمی نووسەرە گەورەکەی ئەوان نەهات، جگە لە وشەی "حەی" نەبێ لە کاتێکدا خەریک بوو لەگەڵ زەوی تەختی بکا.

وا دیاربوو کەمێک سەخڵەت بوو، بەڕادەیەک خۆی لە بیر کرد کە ئەو خاوەن ماڵە و خۆشەویستی و حورمەتی میوانی بیر چووەوە، بۆیە وەرگەڕایە سەر نووسەرە گەورەکەی ئێمە و تا هێز و تاقەتی هەبوو شەپازللەیەکی کێشا بەپشتی ملی نووسەرەکەی ئێمە وە دیاربوو هێشتا داخی دڵی دانەمرکابوو، بۆیە مشتەکۆڵەیەکی کێشا بەدەموچاوی کە ئێمە لە پشت جامخانەکە گوێمان لێ بوو. بەم جۆرە گفتوگۆ دۆستانەکە بوو بەمشتومڕێکی دژوار، بەڕادەیەک بە دەم و دەست و مشتەکۆڵە و جنێودان هەڕەشەی لە نووسەرە گەورەکەی ئێمە دەکرد.

ئەو برادەرە نووسەرەی کە لە تەنیشتم وەستا بوو وتی:

– چ دەڵێی بچین ناوبژییان بکەین؟.

– بۆچی ناوبژیی نێوان دوو نووسەری شارستان دەکەی لە کاتێکدا وا خەریکی گفتوگۆن.

لە ڕاستیدا ئەوەی پێشبینیم دەکرد، هاتە دی، نووسەرە گەورەکەی ئێمە، بەچەند نەرمەلێدانێکی بە دوای یەکتر دەستی خستە سەر شانی دوژمنە لاسارەکەی، وەک نیشاندانی گەورەیی و تێگەیشتن لەوەی کە ڕووی دا. پێ دەچوو ئەم ڕەفتارەی ئەم جۆرە دڵ چاککردنەوەیەک بێ بۆ نووسەرە گەورەکەی

ئەوان. هەر بۆیە بەهەمان شێوە، ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە، دەستی خستە سەر شانی نووسەرەکەی ئێمە و بەنەرمی پیای دەکێشا. ئەوجا نووسەرە گەورەکەی ئێمە، پشتی لێ دایەوە قاچی خستە سەر قاچ و جێگەی دانیشتنی خۆی زیاتر خۆش کرد. هەر بەهەمان شێوە ئەویش وەکو ئەمی کرد. پاشان نووسەرەکەی لەمەڕ خۆمان دڕندانە هەروەک ئاژەڵێکی کێوی نیشتە سەری و مستەکۆڵەیەکی سرواندە ئەژنۆی ئەو. لە وەڵامدانەوەی ئەم کردارە، نووسەرەکەی ئەوان بە سۆزەوە مستەکۆڵەیەکی کێشا بە ئەژنۆی نووسەرەکەی ئێمە.

بەڵام چی لە نێوانیاندا ڕووی دا وە چی وای کرد لە پڕ نووسەرەکەی ئێمە هەستێتە سەرپێیان!. پێ دەچوو نووسەرەکەی ئەوان حەزی نەدەکرد کارەکان بەم جۆرە، ئەوها لە ناکاو بەسەریدا تێپەڕ بکا. بۆیە دەستبەجێ لە نواندنەکە سەنگەری گرت. بە جووتە هەستانە سەرپێ، بەڵام بەهۆی خێرایی جووڵەکان، بۆم نەدەکرا بزانم کامیان سەرەتا دەستپێشخەریی کرد، هەریەکەیان دەستی لە نێکی ئەوی تر گیر کردبوو، وە دەستان بەرەو سینگی یەکتری هەڵدەکشا، وە لە پاشاندا دەستەکانیان خزییە سەر کفلّی یەکتر تاکو لە پڕ پێکڕا دایان لە قاقای پێکەنین بەجۆرێ دەنگی پێکەنینەکەیان وا بەرز بووەوە، خۆشی و شادییانی قووڵتر کرد. بەمەزەندەی من دیاربوو نووسەرە مەزنەکەی لەمەڕ خۆمان پێی دەگوت:"بوەستە، بەسێتی قاقا و پێکەنین من ئەوەندە حەز لە ڕەفتاری خاوخلیسک ناکەم". ئینجا هەردووک دەستیان لە ملی یەکتر گیر کرد، کەمێک جێپێی نووسەرەکەی ئەوان لەق بوو، بەڵام نەگەیشتە ئەوەی بکەوێ بەسەر زەویدا، پێ دەچوو بێزار بێ. بۆیە وەک شەڕوانی وڵاتپارێز شاڵاوی بۆ سەر نووسەرەکەی ئێمە هێنا، بەم جۆرە تێک ئاڵان. هەرچی نووسەرە مەزنەکەی لەمەڕ خۆمان بوو وەک قارەمانە نەبەزەکان بە تەوژم هاتە مەیدان هەروەک چۆن ئیمامی عەلی "ڕەزای خوای لەسەر بێ" دەکەوتە گیان لەشکری کافران. بارودۆخ بەتەواوی ئاڵۆز بوو، زللەیەک لێرە و بۆکسێک لەوێ ئاوا بۆ خۆی هەردوو گەورەنووسەری دنیا تێک بەربووبوون، یەکێکیان

دەکەوتە سەر زەوی لە کاتێکدا ئەوەی تریان هەڵدەستایەوە، بەلوشکە و بۆکس و مشتەکۆڵە کەوتبوونە گیانی یەکتری دواجار بەتوورەیی کەوتنە قۆچ قۆچانێ.

لە کاتێکدا بیرمان دەکردەوە، ئاخۆ دەبێ ئەم کارە چی تری بەدواوە بێ، وەختێ ئەوەندەمان زانی نووسەرەکەی ئەوان لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشا، ئەمەی خۆشمان وەک "جەنتلمان" ئاسا دەستی بۆ درێژ کرد و لەسەر زەوی هەڵی ساندەوە سەرپێ ئەوجا ماچی کرد. بەهەمان شێوە نووسەرەکەی ئەوان نووسەرەکەی ئێمەی ما چ کرد بەجووتە لەقاقای پێکەنینیان دا. لە کاتی ئەوەدا دەرگە کرایەوە یەکێک بە دوو فینجان قاوە و دوو پەرداخ ئاو خۆی کرد بەژوورەکەدا. لەسەر قەنەفەکەدا ڕووبەڕووی یەکتر دانیشتن بەدەم قاوە فڕکردن دەستیان کرد بە بەزم و پێکەنین، هەر سات ناساتێکیش بە سۆزەوە دەستیان دەخستە سەر شانی یەکتر و دەستیان بە ڕوومەتی یەکتر دادەهێنا. لە سەرەتا نووسەرەکەی ئێمە قاوەکەی خۆی خواردەوە، ئینجا هەستایە سەرپێ دەستبەجێ نووسەرەکەی تریش قیت بووەوە. ئێ کەسیش نازانێ کە لەمەودوا چی ڕوو دەدا، بۆی هەیە شەڕ لە نۆژەن دەست پێ بکاتەوە، دیاربوو ئەمە هاتە دی و جەولەی دووەم دەستی پێ کرد بەس هێندە درێژەی نەخایاند.

ئەو هەموو جووڵە و نواندنانە ئەگەر لەنێو قاقا و پێکەنین نەبوایە، ئەوا بۆ هەر چاوەدێرێکی نامۆ وەک شەڕێکی راستەقینە دەهاتە بەرچاو. ئێمە وا لە کۆی هەشت سەعات، بیست و هەشت خولەک کەمترە چاوەدێری ئەم نواندنە نائاساییە، گەورەنووسەرە جیهانییەکەی ئێمە دەستی چەپی بەرز کردەوە، ئینجا بەرەو دەرگە پاشەکشەی کرد. بردنەوە و سەرکەوتنی خۆی ڕاگەیاند، هەرچی نووسەرەکەی ئەوانیش بوو بەڕوخسارێکی زەردەخەناوی کە نیشانەی ماتەمینی لێ بەدی دەکرا، دەستی ڕادەوەشاند و هەوڵی دەدا لەسەر زەوی خۆی بەرز کاتەوە. هەرکە نووسەرەکەی ئێمە لە دەرگەکە ڕۆیشتە دەرەوە، نووسەرەکەی ئەوان شڵپەی لێوە هات ماندوو و شەکەت کەوتە سەر زەوی.

تا ئێرە ڕووداوەکە غەریب نییە بەڵام بەقەناعەتی من ئەوەی لە هەمووی

سەیرتر دواجار ڕووی دا. دوای نزیکەی دە ساڵ بە سەفەر چووم بۆ ئەو وڵاتە بەڵام ئەمجارەیان بەتەنیا. بەمەزەندەی خۆم دەبووایە چاوم بەنووسەرە گەورەکەی ئەوان بکەوتایە، لە ڕاستیدا بینیم وە لە ڕێگەی وەرگێڕێکەوە گفتوگۆمان کرد وە لە کاتی ئاخاوتنەکەماندا سۆراخ و پرسیاری نووسەرەکەی خۆمانی لێ کردم. منیش لە وەڵامدا باسی وەزع و کارە بەپێزەکان و بەرهەمە یەک لەدوای یەکەکانیم بۆ کرد. هەر بەوەندە نەوەستا بەڵکو جۆری ئەو پێوەندییە دۆستانەی کە لەگەڵ نووسەرەکەی ئێمەدا هەیبوو بۆ باسکردم. بەڕادەیەک کە هەرگیز ناتوانێ چاوپێکەوتنە گەرموگوڕە درێژخایەنەکەی پێش دە ساڵ ڕووی دا لە بیر بکا. هەروەها گوتی دۆستایەتیی ئەم جۆرە نووسەرە شەرەف و شکۆمەندییەکی بڵندە. بەگوێرەی قسەکانی ئەو گوایە ئەم لە قەدر و مەقامی بەرز و بێ خەوشی نووسەرەکەی ئێمە چاک تێ گەیشتووە، وە هەروەها گوتی "ئەو زاتە نووسەرێکی زۆر زۆر زلە".

دوای ئەم دیمانەیە بە چەند مانگێک نووسەرە گەورەکەی ئەوان کۆچی دوایی کرد. کاتێ ئەو هەواڵە بەرگوێی نووسەرە گەورەکەی خۆمان کەوت، وە لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئاشکرای کرد کە خوا لێخۆشبوو دۆستێکی نزیکی ئەمە، نەک هەر ئەوە بگرە یەکێک بووە لە نزیکترین ئەو نووسەرانەی کە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، وە بەکۆچکردنی ئەو زاتە نووسەرێکی گەورە و ئازیزی لەدەست داوە و تەنانەت هەتا دنیا مابێ بەرهەمەکانی لە یاد ناچن، وە ئەو زاتە کاری بە پێز و هەرگاف زیندووی لە بواری شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و شانۆی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، وە قەتیش ئەو دیمانە گەرموگوڕەی نێوانیان لە بیر ناکات. لێرەدا کاتێ وای پێوست دەکرد کە ناوی ئەو نووسەرە بهێنێ، کەمێک خۆی لار کردەوە بەلای ئەو برادەرە نووسەرەی کە لە تەکی دانیشتبوو، وە بەئەسپایی بە گوێچکەیدا چرپاند:

– ئەرێ، مەرحووم ناوی چی بوو؟!.

# کێیە خاوەنی تەڕەزان؟

لە گەڕەکی "مـاڵ تەپە" دەژیاین، کە یەکێکە لە گەڕەکە هەژارەکانـی ئەنقـەرە، ئێمە خۆمان خەڵکی "ئەنقەرە" نین بەڵام لـە دانیشتوانە کۆنەکانی ئەوێین. ماڵی پوورم سێیەمین ماڵە کە لەم گەڕەکەدا دروست کراوە، لە پاش مردنی پوورم وا ئێمە تێدایە دەژین.

لە گەڕەکەکەماندا سـەگێک هەیە بەناوی "تەڕەزان". کەسێک نازانێ چۆن و لە کـوێ هـاتووەتە ئەم گەڕەکـە بۆی هەیە هەر بـەگوجیلـەیی هاتبێ بۆ ئێـرانە، کەس تەمەنی نازانێ تەنانەت ئەگەر لە کەسێکیش بپرسیت پێت دەڵێت:

- کاتێ هـاتووم بۆ ئەم گەڕەکە تەڕەزان هـەر بەم شێوەیە بووە.

بەڕادەیەک ئەگەر بەتەقدیریش بێت کەس ناتوانێ مەزندەی تەمـەنی بکا، وا هـەژدە سـاڵە پوورم مـردووە ئێـمـە لێـرانە ژیان دەگوزەرێنین و تـەڕەزانیش بەم شێوەیەیە.

مـەمدوح بەگی دراوسێشمـان وا بیست و یەک سـاڵە لەم گەڕەکەیە، کاتێ ئـەویش هـاتووەتـە ئێـــــرانە تـەڕەزانـی لێ بـووە. بەڵام بـەگـــــوێـرەی قـسـەکـانی"ئیلیـاس"ی بەقـاڵ تـەمـەنی تەڕەزان لـە سی سـاڵ تێـپـەڕی کـردووە چونکە کـاتێ ئەو پێش سی سـاڵ هـاتووەتە ئەم گـەڕەکـە تەڕەزان سـەگـێکی گەورە بووە. بەڵام بـەڕای "مـحـەمـەد ئەفـەندی" پاسـەوانی هێڵی شـەمـەندەفـەر زەمـانێکی دوورە تەمـەنی تەڕەزان لە چلی تێپـەڕاندووە، چونکە کاتێ ئەمـان مـاڵیان گواستـەوە بۆ گەڕەکە کە تەڕەزان تەمـەنی بەلایەنی کەمـەوە دوو سێ ســاڵ بـووە. هەرچی دایە حــاجی "دوڕڕییــە"یە وە هەروەک خـــۆی وتەنـی لە تەڕەزان گەنجترە وە تەڕەزانیش لە دایە حاجی"دوڕڕییە" بەتەمەن گەورەترە،

بەگوێرەی حیساب و کیتابی ئەویش دەمێکە تەمەنی تەڕەزان لە پەنجا تێپەڕیوە. مەسەلەیەکی تر تایبەت بەتەڕەزان ئەوەیە کەس نازانێ کێ ئەم ناوەی لێ ناوە. سەگێکی ڕەنگ بڵۆندی تێکەڵ بەڕەنگی خۆڵەمێشی تیسک کورتی لەش مامناوەند کە هەموو سیفەتە ناسراوەکانی سەگە بەڕەڵاکانی تێدایە، بە قاچ گۆچی نەهاتووەتە دنیا بەڵام کاتێ گوزەر دەکات هەر بەشەلەیی دەیبینی بەهۆی بەردوو پەلار تێگرتنی منداڵە ورتکەی گەڕەک هەر بۆیەش بەدەگمەن قاچ و قولی بەسافی دەبینی، بەزم و ڕابواردنی پلە یەکی، سواری پشتی دەبن بەبێ ئەوەی بوەڕێ یان ورتە لە دەمی بێ نەک هەر ئەمە بگرە کۆشش دەکا تاکو لەسەر پشتە کۆمەکەی هەڵیان گرێ، منداڵان هەر بەوەندە ڕازی نابن بگرە کارێک دەکەن کە دوو دوو بە یەکجار سواری پشتی بن، بەڕادەیەک پشتی دەچەمێتەوە و دێتە ژان، لەسەر زەوی وەردەکەوێ و چوارپەلی دەنوشتێتەوە، بە جۆرێک بۆ ماوەی پێنج شەش ڕۆژ ناتوانێ بێتەوە سەرپێ. بۆیەش زۆرجار کاتێ دەیبینی بەقونەخشکێ بە کوچە و کۆڵان و شەقامە تۆزاوییەکاندا دەسووڕێتەوە، جگە لەوەش منداڵە ورتکەی گەڕەک هەڵدەستن کلکی ڕادەکێشن دەرزی و بزماریش دەکەن بە لەشیدا، کەچی تەڕەزان نەک وەک سەگێک بگرە وەک بەرخێکی دەستەمۆ لە بەردەمیان دەوەستێ، کاتێک دەناڵێنێ سەری لار دەکاتەوە بەلای ئەو کەسەی کە ئازاری دەدات، بە چاوە زەردە کپبووەکانی گۆشەنیگایەکی خەفەتاویی لێ دەکا، خۆ ئەگەر هەر بەردەوام بن لە ئازاردانی ئەوسا دەست دەکات بەوەڕین بە دەنگێکی پڕ لە ئەشکەنجە کە لە وەڕینی سەگ ناچێ.

خۆشترین و بەلەزەتترین یاری و گەمە لای منداڵە ورتکەی گەڕەک ئەوەیە کاتێ بە کۆمەڵ هەمویان بەیەک دەست بەردبارانی تەڕەزان دەکەن، جار هەیە بەچوارپەلی بە دیوار دەبەستنەوە بۆ بەردەبارانکردن، تاکو فێری ڕاهێنان بن کە چۆن بەرد بهاوێژن. ئێوارەیەکیان کاتێ بەرەو ماڵ دەگەڕامەوە چوار منداڵم بینی بەیەک ڕیز لە ئامادەسازی وەستابوون کە هەرە گەورەکەیان بەئیعازی عەسکەری دەنگی لێ هەڵسا:

- ئاگررر

ئەوانیش هەموو بەیەکجار دەستیان کرد بەبەرد هاویشتن. پێیانم گوت:

کوڕە ئەوە چ دەکەن؟

- ئێمە یاریی گوللەتەقاندن دەکەین مامە.

ئەدی ئەوانە منداڵ نین، بێ شک دەبێ ئەو جۆرە یارییانە بکەن، ئەی بۆ ئێمە کاتێ منداڵ بووین بەم شێوەیە یاریمان نەدەکرد! سەرباری ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی لە دەستی منداڵانی گەڕەک دەیچێژێ بەڵام گەڕەکەکەمان جێ ناهێڵێ چونکە ئالوودەی ئەم گەڕەکەیە و هەروەک کۆڵە و کۆتەکی بێ وایە. نەک هەر ئەوە تەنانەت بەحەیاتی ڕێز و حورمەتی لەلایەن کەسانی گەورەشەوە لێ نەنراوە، کاتێ دەکەوێتە بەر چاوان بەلایەنی کەم دەیدەنە بەر بەردەپلووکە بەم جۆرە وەک بڵێی ئەم ڕەفتارکردنە یەکێکە لە مەرجەکانی بەئەندامبوون لەم گەڕەکە. ئەوجا خوا نەخواستە ئەگەر غیرەت بکات و بێت لە نزیک پێیان بێت و بچێت و کلکەقوتێ بکا ئەوا یەکسەر بەشەق و پێلەقە دەکەونە سەری و هاواری لەسەری دەکەن (هەی حەیوانی گەڕی پیسی دەردەدار قەت بۆ یەکجاریش بەساغی نەتمانبینی).

کاتێ ئێمە هێشتا منداڵ بووین من و هەندێ لە برادەران هەستاین گوێمان لە بنەوە بڕی بەڵام وەچەی دوای ئێمە هاتن پوختە کلکیان لە بنڕا بۆ بڕی. ئەی باشە تەڕەزان چۆن سکی تێر دەکا؟ خۆ کەسێک لەم گەڕەکەی ئێمە تیکەنانە ڕەقێکی ناداتێ داماوەش قەت گەڕەکیش بەجێ ناهێڵێ.

چی دەخوا و چی دەخواتەوە وابزانم هیچ کەس ئەم کارەی بەخەیاڵدا نایێ. هەندێک جار شارەوانی هەڵدەستێ بەکوشتنی سەگە بەرەڵاکان، بەڵام هیچ کات بینوتانە چلۆن ئەم کارە ئەنجام دەدەن؟ ئۆتۆمۆبێلێکی گەورە دێ ئامێرێکی تایبەتی بەدەستە کە نزیکەی دوو مەتر زیاتر درێژە، لە مەقەست یان لە مەقاش دەچێت هەردوو سەری ئەم ئامێرە دەچەقێننە ورگی سەگەکە پاشانیش سەگە خوێن لەبەرچووەکە دەهاوێژنە ناو

ئۆتۆمۆبێلە گەورە داخوراوەکەوە.

جارێکیان تەڕەزانیان دەستگیر کرد هەرچی خەڵکی گەڕەک هەیە بۆ تەماشاکردنی بەزم و هەلا کۆ بووەوە. هەرکە ئامێرە تیژەکەیان چەقاند بەورگیدا دەنگێکی گریان ئاساییی لێ هەڵسا، پاشان ملی لار کردەوە نیگامانی لێ کرد. کابرای سەگکوژ ئامێرە بەورگ داچووەکەی تەڕەزانی بەرز کردەوە تا توڕی بداتە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە.

ئا لێرەدا شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕووی دا، ئەویش هەڵاتنی تەڕەزان بوو دوای ئەوەی ورگی هەلاهەلا بوو بە نێزەی ئامێرەکە ئەوجا کەوتە غاردان ئاسەواری خوێنی لەبەرچووی دوای خۆی بەجێ هێشت. بۆ ڕۆژی داهاتوو هەمدیسان تەڕەزانمان لە گەڕەک بینییەوە، ماوەیەک بە زامەکانی تلایەوە و دوای سارێژبوونی برینەکانی وەک تەڕەزانەکەی جارانی لێ هاتەوە.

خەڵکانێک هەبوون سکاڵایان دەرهەق بەو شێوەیەی کە سەگی بەرەڵای پێ قەڵاچۆ دەکرێ بەرز کردەوە گوایە ئەمە کارێکە لەگەڵ ئینسانییەت ناگونجێ بۆ کەوتنە بەکارهێنانی تفەنگ بۆ قەڵاچۆکردنی سەگە بەرەڵاکان.

جارێکی تر گرووپێکی سەگکوژ هاتنە گەڕەکەکەمان، ئەم جۆرە ڕاوەسەگە بەزمێکی زۆر خۆش بوو، سەرەتا دەست دەکەن بەداخستنی دەرگەکان لەسەر سەگە ماڵییەکان ئەوجا دەست دەکەن بەڕاوکردنی سەگە بەرەڵاکان. فیشەک پێوەنان بە تەڕەزان و بەهیچ شێوەیەک کاری گران و سەخت نەبوو، ئەم گیاندارە بەستەزمانە دوای ئەوەی گوللەیەک بەرشانی چەپی کەوت شڵپەی لێ هات و کەوتە سەر زەوی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە نەیانتوانی دەستگیری بکەن چونکە تێی تەقاند و بۆی دەرچوو. پاشان دیسانەوە بەزامداری لە گەڕەک بینیمانەوە، جارێکیان ئەو سەگکوژانە بەهەڵە سەگێکی ماڵێکیان تۆپاند دیاربوو خاوەنی ئەو سەگە کابرایەکی گرینگ بوو هەر بۆیە هەستان بەگۆڕینی ئەم شێوە نائینسانییە، بەم جۆرە هاتنە سەر بەکارهێنانی ژەهر. ئەم جارەیان هاتن بۆ گەڕەکەکەمان پارچە گۆشتی ژەهراوییان فڕێ دا و

لێیـان دا و ڕۆیشـتن. بەم جـۆرە گیـاندارەکـان دەکەوتنە لەرزین و بە عـەرزدا دەکـەوتـن چوار پەلـی لەرزۆکـیـــان لە هـەوا بەرز دەبووەوە، دیسـان کـارێکی پێشـبینەکراو ڕووی دا کاتێ دوو سەگی ماڵی لە پلە گۆشتە ژەهراوییـەکەیان خـوارد، کەوتنە کـاری فریاگوزاری بۆ ڕزگـارکـردنیـان بەهـەمـوو شـێـوەیەک، مـاسـتـی سـیـراوییـان دانێ بەڵام بێـهـودە بوو، تاقە سـەگێک کـە ڕزگاری بوو ئەویش تەڕەزان بـوو، هـەرچەنـدە کـەس بایەخی پێ نـەدا و کـەسـێک هـەوڵی نەجـاتی نەدا، لەو کـاتەدا وامـان زانی تۆپیـوە، بەس ئەوەی کـە ڕووی دا هـەتا سـبـەینێ کـەوتە پەلەقـاژە، سـەرلـەبەیانی هەمـوومـانی سـەرسـام کـرد کـاتێ بەزیندوویی بینرا، منداڵە ورتکەی گەڕەک دەستیان کردەوە بە بەردبارانکردنی بەدەم وتنەوەی خوا بتهێڵی ئەی تەڕەزان.

لە گـەڕەکـەکـەمـان خـێـزانێکی ئەمـەریکایی نیشـتـەجێ بوون بەهـاتنی ئەمـانە ئەسـتـێرەی بەخـتـی تەڕەزان گـەڕایەوە، لـە سـەرەتـادا کـوڕە مـێـردمنداڵە تەمـەن چـواردە سـاڵەکەی کـابـرای ئەمـەریکایی لـە هـەمـان خـواردنی خـۆی پێـشـکێش بەتەڕەزان دەکـرد، لە پاشــاندا بردییـانە بـاخـچــەکـەی مــاڵی خـۆیان لەوێدا کــولانەیەکی داریان بۆ دروست کــرد، لە مــاوەی سێ تا چوار مــانگ پیــرە تەڕەزان گــۆڕانکاریی بەســـەردا هـات بەڕادەیەک وەک فــســتــقی لێ هات، چاوەکانی ئێسکەکانی بریسکەی لێ دەهات، هـەر دەتگوت بەتەواوی ئاژەڵێکی ترە، کـاتێ ئاوا جـوان و نازدار بوو هـەمـوو وامـان لێ هـات کـە خـۆشـمـان بوێ، کێ بێ ئاژەڵی خۆش نەوێ. تەنـانـەت منداڵە ورتکەی گەڕەکیش نانە ڕەقیان بۆ هـەڵدەدا نـەک هـەر ئەوە بـگرە شـتـی تریشـیـان بۆ هـەڵدەدا، کـار وای لێ هـات هـەرچ کەسـێک گۆشتی بکڕیایە ژنەکەی گۆشتەکەی لە ئێسک و پرووسکەکان جیا دەکردەوە بەمنداڵەکەی دەگوت:

بگرە ئەم ئێسقانە بدە بەتەڕەزان!

خــەڵکانێک هـەبوون ژەمـی تایبــەتیـیــان بۆ تـەڕەزان ئامــادە دەکــرد، کــە پێکهاتبـوو لە گۆشتـاو بەپارچە پەنیر و لەتکەنان. ئا بەم جۆرە هـەر هـەمـوومـان

هۆگری تەڕەزان بووین. تکایە کەس تەڕەزان بە تینوویێتی بەجێ نەهێڵێ، ئەم ئاژەڵە بەستەزمانە دەمی هەیە بۆ نانخواردن بەڵام زمانی لە دەمدا نییە بۆ قسەکردن، توخوا وریا بن نەبادا لە تینوویێتی بخنکێ... گۆشت بدەن بە تەڕەزان.

خێزانە ئەمەریکاییەکە هەستا هەر بە دوو سێ ڕۆژ جارێک حەمامیان بۆ تەڕەزان دەکرد، تا وای لێ هات پاک و تەمیزیی پێوە دیاربوو. کاتێک کە زستان داهات، خێزانە ئەمەریکاییەکە هەستا بەگواستنەوەی تەڕەزان بۆ نهۆمی خوارەوە، بەس بەر لەوەی بەم کارە هەستن ئیتر تیروتوانج دەستی پی کرد:

– ئەم حەیوانە لە سەرما دەکوژن.

توخوا مەعقولە ئاژەڵێکی ئاوا بەم سەرماوسۆڵە لە باخچە بمێنێتەوە؟

وەرزی زستان بەسەرچوو، شنەی بەهار دەستی کرد بەهەڵکردن، خێزانە ئەمەریکاییەکە باروبارگەی تێک نا تاکو بگەڕێنەوە بۆ ئەمەریکا، کاتێ قسە کەوتە بەرگێمان کە دەیانەوێ بیبەن لەگەڵ خۆیاندا . گەڕەک قیامەتی لێ هەڵسا بوو بەفەرتەنە چونکە ئێمە بەس خۆمان خاوەنی ئەم هەقەین هەر لە نووک تاکو کۆتایی. جارێ "محەمەد ئەفەندی" پاسەوانی هێڵی شەمەندەفەر بە نێوچەوانێکی گرژ گوتی:

– بۆ هیچ شوێنێک نایبەن، ئەوە سەگی ئەم گەڕەکەیە.

پوورە "دوڕڕییە" دەستی کرد بە شین و واوەیلا بەدەم گریانەوە گوتی:

– نا نەخێر کەس نایبا، لە بەردەستی خۆم گەورە بووە. کاتێ هاتن و بایەخیان پێ دا گوتمان قەیناکا جا چی تێدا بەسەر مادام لە بەرچاوی خۆمانە، بەس کار بگاتە ئەوەی لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ ئەمەریکا ئەوە مەحاڵە بەو خوایە سەربانی ماڵەکەیان بەسەر تەپڵی سەریان دەڕووخێنم.

لەولاوە "ئیلیاس"ی بەقال هەستا سەرپێ گوتی:

–حەی بۆ ئەم سەگە هینی کێیە و بیدەین بە کێ، جارێ ئەم سەگە هەر هی منە لە گوجیلەیییەوە تاکو گەورە بوو بەم دەستانەی خۆم گەورەم کردووە.

بەڵام قسەکانی"مەمدوح بەگ" شێوەیەکی تری بەخۆوە بینی، بەهۆی ئەوەی لە گەڕەک لە هەموومان ڕۆشنبیرتر بوو، هەر بۆیە بەشێوەیەکی یاسایی کەوتە ئاخاوتن:

– هیچ خەمتان نەبێ، ناتوانن بۆ هیچ شوێنێکی بەرن.

– ئاخر چۆن؟

– چونکە یاساکان ڕێگە نادەن.... مادام تەڕەزان لێرانە هاتووەتە دنیا و لە بەینی خۆماندا گەورە بووە، کەواتە چۆن دەتوانن بیبەن بۆ ولاتێکی بێگانە.... یەکەم شت پاسەپۆرتیان نادەنێ... پاشان خەڵکی گەڕەک بەیەکجار هەستانە سەر پێوە لەنێو ئاپۆڕەی خەڵکەکە "داکتیلو ئایدن" دەیگوت:

– بچکۆلانەکەم، تەڕەزان گیان، ئاخۆ دەبێ چ بکا لە ولاتی غەریبی، ئەو بە ئاووهەوا و خاکی ولاتی خۆمان ڕاهاتووە، خۆ ئەگەر بنیادەم بوایە کارەساتەکە ئاسانتر بوو چونکە توانای گەڕاندنەوەی دەبوو، بەس چۆن حەیوانێکی ئاوا بەستەزمان دەتوانێ بگەڕێتەوە.... بەهۆی تەڕەزان ڕق و کینە و دوژمنایەتییەکی گەورە دژ بە ئەمەریکا سەری هەڵدا، هەر خەریک بوو مەرگەساتێکی گەورە روو بدا.

کاتێ گەیشتمە قاوەخانە یەکێ لە قوتابییانی گەڕەکی خۆمان بەنێوی "ئۆزگور" گوتی:

کوڕە بابە واز بێنن با بیبەن بۆ خۆیان.. خۆ هەر نەبێ ڕزگار دەبێ بەو خوایە لەبەر میهرەبانیی خوا نەبووایە ئەگینا منداڵە ورتکەی گەڕەک "ئۆزگوریان بە کوشتن دەکوشت!

– کوڕە ئەوە تۆ دەڵێی چی، مەبەستت چییە "بەس نییە ڕزگاری دەبێ" ها؟

وەک یەکێ داوای یارمەتی بکا و هاواری لێ هەڵسا:

بوەسـتـە کـاکـی خـۆم بەهەڵە تێم مـەگەن! با بـۆتانی شی بکەمـەوە... هێشـتـا قسـەکـانی تەواو نەبوو کـە شـاڵاویان بـۆ هێنا و سـەریان شـەق کـرد و کـەوتنە بۆکس کێشـان بەناو چاوی، "ئوزگور" زۆر بەزەحـمەت خـۆی ڕزگار کـرد و تێی تەقاند.

کەوتینە بەرڕێی خێزانە ئەمەریکاییەکە تاکو تەڕەزانمان ڕادەست بکەنەوە.

لێرەدا "مـوخـتـار"ی گەڕەک خـۆی خـزانـدە نـاو مـەسـەلـەکـە وە بەیاوەریی ئەو بەرەو بنکەی پۆلیس کەوتینە ڕێ:

دەیانەوێ تەڕەزان لەگەڵ خۆیاندا ببەن!

سـەرۆکی بنکەی پۆلیس وەڵامی داینەوە:

ئادەی سـکاڵایـەک بنـووسن و تێــیــدا ڕوونی بکەنـەوە کــە تـەڕەزان هـیـنـی خۆتانە، تاکو منیش بتوانم بەکارەکانی خۆم هەڵسم.

گشت خـەڵکی گـەڕەک، هـەرکـەس لای خـۆی هـەسـتـا بە نووسـینی سـکاڵایـەک تێیدا هاتبوو خـاوەنداریەتیی تـەڕەزان تەنیا هـەقـی خـۆمـانە، سـەرباری ئەوەش هـەسـتـاین بـەکۆکـردنـەوەی ئیمزای گـەڕەک تاکـو پێشـانـی بدەین ئێمـە تەڕەزان نادەین بەکەس.

بەم جۆرە وای لێ هات شـایەتنامەی خـاوەنـیەتیی تەڕەزانمان لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕ دەکرد. لە کاتێکدا کـارەکان تا دەهات گـرژ و ئاڵۆزتر دەبوو، لەلایەکی ترەوە خـەڵکی گـەڕەکەکـانی تریش کـەوتنە دەسـتـتـێـوەردانی مـەسـەلەکـە، ئا لەم ئان و ساتـەشدا خێزانە ئەمەریکاییەکە خەریک بوون نـاوماڵیان دەفـرۆشت و ئامـادەکـارییـان دەکـرد بـۆ گـەرانـەوە بەرەو وڵات. بەبەرچـاوی ئێمـە کـە هـەمـوو لەبەردەم ماڵەکەی ئەوان کۆببووبووینەوە، تەڕەزانیان خـسـتە نـاو ئۆتۆمـۆبێلەکە، بەمـەزنـدەی ئـەوان هـەر وا سـووک و ئاسـان لەگـەڵ خـۆیان بیبـەن بۆ بـاڵەفـڕگـە خانە و گشتیان بەیەکەوە بفڕن.

کابرای ئەمەریکایی گوتی:

پەنجا دۆلارتان دەدەمێ و ئەم سەگەم پێ بفرۆشن.

ئەم قسەیە لە دەمارمانی دا، بۆچی ئەو ئەمەریکاییە یە بە دۆلارەکانی دەتوانی بمانکڕێ؟

نەک پەنجا بگرە ئەگەر سەدهەزاریش بدەی، نەوەڵا هەرچەندە بڕە پارەکە زۆریش بێ ئەوا تەڕەزانی خۆمانت نادەینێ!

لەم کەینوبەینەدا تەڕەزانی داماو نیگای تێ دەگرتین هەروەک بە پاڕانەوە بڵێ:

ڕزگارم کەن لە دەست ئەم خێزانە ئەمەریکاییە یە هەرچی ژن و منداڵ هەموو لەوێ کەوتە گریان بۆ تەڕەزان، کاتێ پیاوانی پۆلیس گەیشتنە ئەوێ کە پێشتر ئاگەداری مەسەلەکە بوون و بە خێزانە ئەمەریکاییەکەیان گوت:

مستر ئێوە بۆتان نییە ئەم سەگە لەگەڵ خۆتاندا بەرن.

بۆ؟

چونکە خاوەنی هەیە.

لێرەدا پۆلیسێک خۆی هەستا بە ڕزگارکردنی تەڕەزان لە خێزانە ئەمەریکاییەکە و تەسلیمی ئێمەی کرد، ئەوجا ئەوانی خستە گەڕ، گەڕەکی ئێمەیان جێ هێشت و گۆشەنیگایان لە دواوە دەکرد. زۆر چاکە تەڕەزان جارێکی تر بوو بە هی خۆمان.

لە ماوەی دە ڕۆژ تەڕەزان گەڕایەوە بارودۆخەکەی جاران، بەتەواوی بوو بەسەگی گەڕەکی خۆمان، وەک جاران منداڵە ورتکە کەوتنەوە بەردبارانکردنی هەر لە سبەینێ هەتاکو ئێواران و بزماریان دەچەقاندە لەشی و سواری پشتی دەبوون.

دوێنێ ئێوارێ کاتێ گەڕامەوە ماڵەوە، منداڵانی گەڕەکم بینی چوارپەلی تەڕەزانیان بەستووەتەوە وە بەقەدی دارێکیان بەستووەتەوە وە پارچە تەنەکەیەکی وەک چەقۆیان بەدەستەوە بوو، هاوارم لێ کردن:

کوڕە ئەوە چ دەکەن؟

دەرکەوت مامۆستاکەیان بۆقێکی شەق و پەق کردبوو تاکو دڵەکەی پێشانی قوتابییەکان بدا، ئەوانیش دەیانویست ئەم ڕاهێنانە لەسەر تەڕەزان ئەنجام بدەن.

چەند ڕۆژێک دواتر تەڕەزان لێرە و لەوێ بەزامداری دەسووڕایەوە، دواجار برینەکانی سارێژ بوون، وا ئێستا بۆ خۆی وەک جاران بە کوچە و کۆڵانەکانی گەڕەک دەسووڕێتەوە.

# هەر چیت بینی بیکڕە

برادەرێکم هەیە دەڵاڵی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە و زەویوزارە، بەدەم قسەوە بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕامەوە کاتێ گەیشتینە کۆتاییی تونێلەکە بەمەبەستی ئەوەی لە پردەکە بپەڕینەوە:

لەم زەمانە دەبێ هەر چیت بکەوێتە بەردەست یەکسەر بیکڕی، بەهەموو ئەو پارە و پوولەی کە هەتە پێویستە بیکڕی. ساڵی ڕابردوو کابرایەکی لادێیی هاتە نووسینگەکەم "دەمەوێ باڵەخانەیەک بکڕم" لێم پرسی "یەعنی لە دەوری چەند بێ".

پێ دەچوو نەوەد هەزار لیرەی هەبوو کە ئەویش نرخی فرۆشتنی موڵک و ئەملاکی بوو لە لادێ، بە نەوەد هەزار لیرە ڕەنگە بەزەحمەت خانووێک دەست بکەوێ، بەڵام گەر بهاتایە ئەمەم پێ بگوتایە کە ئەم کارە نابێت ئەوە دەستبەجێ دەڵاڵێکی تری لێ قیت دەبووەوە وە بەهەر شێوەیەک قەناعەتی پێ دەکرد. لەگەڵ کابرای لادێیی کەوتینە گەڕان بەشوێن باڵەخانە؛ هەندێ نهۆم هەبوو بەدڵی نەبوو، باڵەخانەی بچووکی نەدەویست، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ باڵەخانەکە شەش تا حەوت نهۆم بێ، سەرەڕای ئەوە دەبێ شوێنەکەی لە ڕاقیترین ناوچەکانی ئەستەمبوڵ بێ، جگە لەمەش دەبایە لە باڵەخانەکە دوو شتی تێدا بێ:

- دەبێ بیانۆ "بانیۆی حەمام" هەروەها جۆلانەیساڵۆنی هەبێ.

چۆن بەمانەی زانیوە؟ ئیدی ئەوە پێی زانیوە، پێی لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرت. کاری ناوبژیوانیی موڵک و ئەملاک هەر ئاوا سووک و ئاسان نییە. دەبێ زمانی هەمەجۆر بەکار بهێنێ، چونکە لێرەدا تۆ ڕێژەیەک لە کڕین و

فرۆشتنەکە وەردەگری، واتا کۆمیسیۆن هەم لە کڕیار هەم لە فرۆشیار. یەعنی، ئەگەر باڵەخانەیەکت بۆ ئەم بە نرخی نەوەد هەزار دۆزییەوە، ئەوا سێ هەزار و پێنج سەد لیرەی لێ قازانج بکە بەڵام لەسەر ئەم بڕە پارەیە باج هەیە کە دەبێ بدرێ هەروەها نووسینگەی دەڵاڵیش خەرجییاتی هەیە دەبێ ئەویش لەم پارەیە بدرێ، هەروەها کرێی نووسینگە و خەرجی تر دەبێ لەو بڕە قازانجە بدرێ، سەرباری ئەوە دەبێ لە بەرچاوی کڕیار پۆشتە و پەرداخ بیت، بۆیە دەبێ خواردن و خۆراکیشی بگریتە ئەستۆ.

دەستمان کرد بە گەڕان بەشوێن باڵەخانە کە چەند رۆژێکی خایاند، کرێی ئۆتۆمۆبێل لەسەر حیسابی من بوو هەروەها ڕابواردنی کابرای موشتەری لەسەر من بوو، ئێوارانیش دەبایە نانی دەرخوارد بدەم بێ ئەوەی ئەو دەست بکات بەگیرفانیدا، تەنانەت ئەگەر بۆ یەک جاریش بایە.

کاتێ بیرم لەو بڕە پارەیە کە لێی دەسێنم دەکردەوە لە بەرامبەر ئەوەی لێم سەرف دەکرد باکم نەبوو وە هیچم بەخەیاڵ نەدەهات. نزیکەی هەزار دانە لیرەم لە گیرفانمدا سەرف کرد. کابراش تەنانەت یەک دانە باڵەخانە چییە بەدڵی نەبوو!!. بەگوێرەی حیساب و کیتابی کابرا دەتوانێ بەپارەکەی خۆی تەلاری "دۆلمەباخچە" یان تەلاری "تۆپ قاپی" پێ بکڕێ.

بەحوکمی کارەکەم لەو کاتەدا لە یەکێ لە برادەرە "دەڵاڵە" کۆنەکان فێر بووم کە ئەم جووتیارە لادێییانە هەڵدەستن کڵاو لەسەر دەڵاڵە زیرەکەکان دەنێن دە پازدە ڕۆژ لەسەر حیسابی ئەو دەڵاڵە دەلەوەڕێن، بەبیانووی ئەوەی کە گوایە باڵەخانە بەبڕی یەک ملیۆن لیرە دەکڕن، پاشان بەجێی دەهێڵن و دەچن بۆ لای دەڵاڵێکی تر، چ زۆرە دەڵاڵ زۆرە، بەم شێوەیە پێنج ساڵ دە ساڵ بەو بەزمە وەک بەگ و ئاغا لەسەر حیسابی دەڵاڵ دەژیێن. هەر بۆیە، لەبەرئەوەی هێندە گەڕاین و سووڕاین، وە هێندەم لێ سەرف کرد جەرگم بوو بەدوو لەت.

ڕۆژێکیان سەرلەبەیانی دەرچووین. ئەوجارەیان ئەپارتمانێکم پێ نیشان دا

بەڵام چۆن ئەپارتمانێک کاتێ باس لە نەوەد هەزار لیرە دەکەی هەروەک وایە بڵێی بەخۆڕاییيە، پێی گوتم:

– نا، نا ئەم باڵەخانەیە سێ نهۆمە، هەروەها "بیانۆ" لە حەمامەکەدا نییە وە ژووری نانخواردنی تێدا نییە.

دەمارم بەتەواوی گرژ بوو:

لێرانە ئەپارتمانێک هەیە بەڵام نازانم خاوەنەکەی ڕازی دەبێ بیفرۆشێ یان نەء.

ئەپارتمانێکم پێ نیشان دا لە باڵەخانەیەکی حەوت نهۆمی کە هەر نهۆمی دوو ئەپارتمانی تێدا بوو:

ئای، کە جوانە ئەم شوێنە، یەکسەر چوو بە دڵمدا.

پێم گوت:

– سەرەتا دەبایە مامەڵەمان لەگەڵ خاوەنی ئەپارتمانەکە بکردایە، وە دەبوو سبەینێ لە نووسینگە یەکتر ببینین بەشەرتێ ئەگەر هاتوو ڕازی بێ.

بۆ رۆژی دوایی بەر لەوەی هیچ کارێک بکەم، خاوەنی ئەپارتمانە بچووکەکە وە دوای کەمێکیش کابرام بانگهێشتن کرد، ئینجا کابرای لادێیی کەوتە دانوستاندن وای دەزانی کە ئەوەی بەرامبەری خاوەنی هەموو باڵەخانەکەیە سەرباری ئەوەی کە هەنجەتی لێ دەگرت گوایە ئەپارتمانەکە جوان نییە، ڕازی بوون لەسەر فرۆشتن بە نەوەد هەزار لیرە.

بۆ ڕۆژی داهاتوو چووین بۆ دائیرەی تاپۆ، لەوێ ئەوەی پێویست بوو کردم و پاشان دوو هەزار و هەشت سەد لیرەم لە هەریەکەیان وەرگرت. تا ئەو کاتە دوو هەزار لیرەم لە گیرفانی خۆم دەرخواردی کابرای کڕیار دابوو.

دوای ماوەیەکی تر لە خەڵکی ترم بیست کە چی ڕووی دابوو. خاوەن موڵکی نوێ چووبوو بۆ ئەپارتمانەکە بەهەموو عەقڵ و حیسابی خۆی گوایە هەموو باڵەخانەکەی کڕیوە، لەوێ چاوی بەدەرگەوانی ئەپارتمانەکە کەوت و پێی گوت:

– من خاوەنی ئەم ئەپارتمانەم وە لەم لەحزەیەوە من بەرپرسیارم لێی.

دەرگەوان سەری سوورِما:

– ئەمان گەورەم، خاوەنی ئەم ئەپارتمانە ماڵی لە نهۆمی دووەمدایە.

ئیتر کەوتبوونە مشتومڕ، هەریەکەیان دەیەوێ خاوەنێتیی موڵکەکە بسەلمێنێ، بەم جۆرە لەگەڵ کابرای دەرگەوان بەڕێ کەوتن بەرەو بنکەی پۆلیس، لەوێ کابرای لادێیی گوتی:

– من ئەم ئەپارتمانەم کڕیوە فەرموون ئەمەش تاپۆکەی.

– من بەکەسم نەفرۆشتوە، ناشزانم ئەم زەلامە کێیە.

دواجار دەرکەوت کە کابرای جووتیار ئەپارتمانێکی تری کڕیوە، داوایان کردم بۆ دادگە و لەوێ ئیفادەی خۆم دا:

"نەخێر گەورەم، من ئەم ئەپارتمانەم پێ نەفرۆشتوە، ئەوەیان خۆی و خاوەنەکەی لەلای من چاویان بەیەکتری کەوت وە لەسەر نرخەکەی پێکهاتن. بۆ ئەم مەبەستەش کارەکان گشتی لە دائیرەی تاپۆ بەئەنجام گەیشت. چۆن باوەڕ دەکرێ کە ئەپارتمانێک نرخەکەی دوو ملیۆن لیرە بێ بە نەوەد هەزار لیرە بفرۆشرێ؟".

کابرای جووتیار کەوتە لەخۆدان و کێشان بەدەموچاوی خۆیدا.

ڕەنگە تۆ وا خەیاڵ بکەیت کە من قازووخم لە کابرای جووتیار بڕیوە، نەوەڵا باوکم وا نییە. ئەم کارە پێش ساڵێک تەواو بوو. ئێستاکێ ئەو ئەپارتمانە کە بە نەوەد هەزار لیرەی کڕیبوو سێ سەد هەزار لیرە دەکا. موشتەرییەکم بۆی دۆزییەوە بەم پارەیە بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە و نایەوێ بە سێ سەد هەزار لیرە بیفرۆشێ.

تا ئێستاش هەر سەردانی نووسینگەکەم دەکا تاکو پێم بڵێ "خوات لێ ڕازی بێت". بۆیە تۆش براکەم هەر چیت کەوتە بەردەست بیکڕە، با ئەو شتە هەرچی بێ، دەبێ بیکڕی هەرچەندە بەهاکەی بەرز بێ یان نزم، گرینگ ئەوەیە

بیکڕی، ئەمە ئامۆژگارییە بۆ تۆ، ئیمڕۆ دەیکڕی سبەینێ دەیفرۆشییەوە، چیت هاتە ڕێ بیکڕە، چونکە هەر شتێ بکڕی ئەوە دەسکەوتە بۆ خۆت.

بەدەم قسەوە گەیشتبووینە سەر پردەکە وە لەسەر تاشەبەردەکانی کەنار دەریا، یەکێ لە ڕاوچییەکان ماسیی جۆری (حەنکلیس)ی دەفرۆشت، هاوڕێ دەلاڵەکەم پێی گوتم:

– ئەوەی هەیە بیکڕە، تۆزێک سەبر بگرە ئینجا بەچوارقات دەیفرۆشیتەوە وە ئەگەر نەشیفرۆشیتەوە ئەوا زیاتر قازانج دەکەی.

دەستم بۆ گیرفانم برد، چەند قروش و کاغەزێکی دوو لیرە و نیویم هاتە دەست، بە ماسیفرۆشم گوت: ماسییەکم بدێ.

ئەوەی هەمبوو نەبوو ماسیی (حەنکلیس)م پێ کڕی ئەوجا ڕووی دەمم لە برادەرە دەلاڵەکەم کرد:

یەعنی ئێستا ئەگەر ئەم ماسییانە پێنج ڕۆژ دە ڕۆژ بیانهێڵمەوە دەتوانم بە زیاتر بیانفرۆشمەوە!...

# ناوەڕۆک

ئاژانسی OX-13 .......... 5
بەهۆی پێنج قروش .......... 14
پیاوە پیرۆزەکە .......... 22
پێڵاوە تەسکەکە .......... 35
حیمایەی بارەکە .......... 45
خانووەکانی هێلانەی بولبول .......... 57
گەورەترین دوو نووسەری دنیا .......... 85
کێیە خاوەنی تەڕەزان؟ .......... 97
هەر چیت بینی بیکڕە .......... 107